# زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگە

## (هۆکار و چارەسەر)

محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)

**ناسنامەی کتێب:**

---

- **ناوی کتێب:** زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگە (هۆکار و چارەسەر)
- **ناوی نووسەر:** محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)
- **پیتچنین و دیزاینی ناوەڕۆك:** نووسەر
- **دیزاینی بەرگ:** إخلاص دیزاین
- **چاپ:** یەکەم
- **چاپخانە:** پاندا- سلێمانی
- **ساڵی چاپ:** ٢٠٢٤
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە
- **نرخ:** ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردن (٣٧٨)ی ساڵی(٢٠٢٤)ی پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێرست

دەستپێك ............................................................................................................. ٤

تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی مادده هۆشبەرەکان و خووگرتن و خووگرتوو؛ مێژووی پەیدابوون؛ جۆر و ژمارەی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا ............................................................... ٧

تەوەری دووەم: کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان ........................................................................ ٣٠

تەوەری سێیەم: هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ................................................. ٥١

تەوەری چوارەم: زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان ........................................................................ ٩٥

تەوەری پێنجەم: قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆیان دەگێڕنەوە .......... ١٢٩

تەوەری شەشەم: ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی کێشەی مادده هۆشبەرەکان ................................ ١٧٠

تەوەری حەفتەم: ئەڵبۆمی قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان ......................................................... ١٩٦

پەیڤی کۆتایی ........................................................................................................ ٢٠٦

سەرچاوەکان .......................................................................................................... ٢٠٧

# دەستپێك

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

هەڵبەت بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ڕەنگە هیچ شتێك بەقەدەر مادده هۆشبەرەکان خەتەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستنەکردبێت، چونکە زیانەکانی هەر لە سنووری تاکەکەسی ناوەستێت، بەڵکوو خێزان و کۆمەڵگەش بەرەو هەڵدێر دەبات و سیماکانی ژیان دەشێوێنێت و وا لە مرۆڤەکان دەکات، کە هەموو بەهایەکی خۆیان لەدەست بدەن، هەر لە کەسایەتی و کەڕامەت و شەرەفی خۆیان بگرە، تا دەگاتە کەسوکار و هاوسەر و منداڵەکانیان، تەنانەت گەل و نیشتمانەکەشیان دەفرۆشن لەپێناو تێرکردنی حەز و ئارەزووە نەگریسەکانیان!

نکۆڵی لەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە ناکرێت کە بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دیاردەیەکی جیهانییە، واتە کەم تا زۆر لە سەرتاسەری جیهاندا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، بەڵام بەداخەوە چەند ساڵێکە کوردستانیشی گرتووەتەوە و ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەشەنەسەندندایە، ئەمەش زەنگێکی زۆر مەترسیدارە بۆ گەلەکەمان، چونکە زیانی مادده هۆشبەرەکان زۆر پترە لە زیانی داگیرکەرانی کوردستان، ڕەنگە داگیرکەران بە زەبر و زەنگ بتوانن بۆ ماوەیەك خاکەکەمان داگیر بکەن و تەپەسەرمان بکەن، بەڵام قەت ناتوانن هۆش و عەقڵمان سڕ بکەن و ئیرادەمان تێکبشکێنن، بەڵام مادده هۆشبەرەکان، عەقڵمان سڕ و بێهۆش دەکەن، کە عەقڵیشمان سڕ بوو، ئیدی هێزی ئیرادەشمان لەدەست دەدەین، کە ئیرادەشمان لەدەستدا، داگیرکەران زۆر بە ئاسانی دەتوانن زەفەرمان پێ ببەن و دەست بە سەر خاك و نیشتمانەکەماندا بگرن و یاری بە چارەنووسمان بکەن!

ئەم کتێبەی ئێستا لەبەر دەستی ئێوەی ڕێزداردایە، بەناوی "زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگە (هۆکار و چارەسەر)"، هەوڵێکە لە لایەن بەندەوە، بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نووسراوە.

خوێنەرانی هێژا: ئەم کتێبە (٧) تەوەر لەخۆ دەگرێت:

- تەوەری یەکەم: باس لە چەمك و پێناسەی مادده هۆشبەرەکان و خووگرتن و خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان دەکات، هەروەها تیشك دەخاتە سەر مێژووی پەیدابوونی مادده هۆشبەرەکان و جۆر و ژمارەی مادده هۆشبەرەکان لە جیهان و کوردستاندا.
- تەوەری دووەم: تیشك دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان.
- تەوەری سێیەم: بە تێر و تەسەلی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەخاتە ڕوو.
- تەوەری چوارەم: لە هەموو ڕوویەکەوە تیشك دەخاتە سەر زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان.
- تەوەری پێنجەم: تەرخانکراوە بۆ قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان، تیایدا بەشێك لەو قوربانییانە چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆیان دەگێڕنەوە، بۆ ئەوەی پەند و عیبرەتی لێوەرگرین.
- تەوەری شەشەم: تیشك دەخاتە سەر ڕێکارەکانی چارەسەرەکردنی کێشەی مادده هۆشبەرەکان.
- تەوەری حەوتەم: تایبەتە بە ئەڵبۆمی قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان.

لە کۆتایی دا، هیوادارم توانیبێتم ئەم ئەرکە پیرۆزە بەجێ بگەیەنم و کەلێنێکیش لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەمەوە.

نووسەر

٢٠٢٤

## تەوەری یەکەم:

- چەمك و پێناسەی مادده هۆشبەرەکان و خووگرتن و خووگرتوو
- مێژووی پەیدابوونی مادده هۆشبەرەکان
- جۆر و ژمارەی مادده هۆشبەرەکان لە جیهان و کوردستاندا

# چەمك و پێناسەی مادده هۆشبەرەکان و خووگرتن و خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان:

تا ئێستا لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نێودەوڵەتییەوە چەندین پێناسەی جیا جیا بۆ مادده هۆشبەرەکان و خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان کراوە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

ماددەی هۆشبەر: "وەرگێڕدراوی وشەی "Narcotic"ی ئیغریقییە و بە واتای "بێهۆشکردن" یان "لەهۆشخۆچوون" دێت، ئەمەش واتای ئەوەیە هۆشی مرۆڤ دەبرێت و لە حاڵەتی سروشتیی خۆی دادەبڕێت، لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و ژەهراویبوونی کۆئەندامی دەمار([1])."

لیژنەی مادده هۆشبەرەکانی سەر بە ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم جۆرە پێناسەی ماددەی هۆشبەرەکانی کردووە: "هەموو ئەو مادده خاو و ئامادەکراوانەن، کە تایبەتمەندیی ورياكەرەوە و ئازارشکێنیان تێدابێت و بەکاربهێنرێت جگە لە بواری پزیشکی و پیشەسازی سوودبەخش، باری ڕاهاتن دروست دەکەن لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە زیان بە تاک و کۆمەڵگە دەگەینن([2])."

هەندێك لە زانایان پێیان وایە: "ئالوودەبوون یان خووگرتن، تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، دواتر ناتوانن دەستبەرداری بەکارهێنانی ئەو ماددانەبن و دووبارە بەکاریان دەهێننەوە، یاخود ئەگەر کەسێك ویستی واز لەبەکارهێنانیشی بێنێت، ئەوا تووشی زۆر کێشە و گرفتی دەروونی و جەستەیی دەبێت. لە لایەکی ترەوە هەندێکی دیکە لە زانایان ڕایان وایە کە ئالوودەبوون و خووگرتن کارێکە، مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری بێت([3])."

هەندێ زانای دیکە پێیان وایە: " ئالوودەبوون بریتییە لە نەخۆشییەکی درێژخایەن، کە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی هەیە دوای چارەسەریش، کە وا لە نەخۆشەکەی دەکات

---

([1]) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، https://www.centerfs.org/drug-threats-in-the-kurdistan-region-and-countermeasures/، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە،هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، NOVEMBER ١٣, ٢٠٢١.

([2]) ماڵپەڕی خوێندگە، http://www.xwendga.com/٢٠١٧/٠٤/blog-post_٤٩٤.html ، ڕاپۆرت لەسەر ماددەی هۆشبەر.

([3]) کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠١٣.

بەناچاری (خۆنەویستانە) بەدوای ماددەی هۆشبەردا بگەڕێت و بەکاریان بهێنێت، بەبێ بیرکردنەوە لە کاریگەرییە خراپەکانی، کە لە پاشەڕۆژدا تووشی کەسەکە و چواردەورەکەیشی دەبێت(٤)."

هەندێ زانای دیکە پێیان وایە: "ئالوودەبوون بریتییە لە نەخوشکەوتنی مێشک، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی پێکهاتە و فرمانی مێشک. ڕاستە زۆربەی خەڵکی لە سەرەتای دەستپێکردنیاندا خۆویستانە بڕیاریانداوە بەکاری بهێنن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەرمانەکە وا لە کەسەکە دەکات کە بەشێوازێکی خۆنەویستانە چەندبارەی بکاتەوە، هەروەها لەگەڵ کاتدا کەسەکە وای لێدێت کە جڵەوی خۆی لەدەست بدات و توانای بڕیاردانی نامێنێت، لە هەمان کاتدا ئارەزوویەکی زۆر بەهێزی هەیە بۆ ماددە هۆشبەرەکە(٥).

**ئالوودەبوون لە دەروونناسیدا:** چەمکی خووگرتن لەلای دەروونناسان بریتییە لە: "ئالوودەبوون یان خووگرتن و وابەستەیی بە شتێک کە ئاسەواری بەم شێوەیەی خوارەوەیە: خووگرتن، ئالوودەبوو پێویستی بە بەکارهێنانی ماددەیەکی هۆشبەرە، کە ئەگەر بیەوێ بەکاری نەهێنێت و واز بێنێت، ئەوا هەندێ حاڵەتی تایبەتی بۆ دروست دەبێت، کە ناتوانێت بەرگەی بگرێت. زیادکردنی ڕێژەی ماددەی بەکارهێنراو لەپێناو دروستکردنی هەمان حاڵەتی یەکەم، کە یەکەم جار بەکاری هێنابوو. بەسترانەوە و وابەستەیی جەستەیی و دەروونی بەو ماددەیەی کە دەبێتە هۆی هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماددەیە(٦)."

**ئالوودەبوون لە زانستی پزیشکیدا:** پزیشکەکان لەجیاتی زاراوەی (خووگرتن) زیاتر وشەی (وابەستەیی و بەسترانەوە بە ماددە هۆشبەرەکان) بەکار دەهێنن. (وابەستەیی جەستەیی)

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠١٣.

(٦) ماڵپەڕی خوێندگە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بریتیيە لە :"خووپێوەگرتنی بەردەوام بە شێوەیەک ئەگەر بیەوێت واز بێنێت ناتوانێت و تووشی سڕبوونەوە و ئێش و ئازارێکی جەستەیی زۆر دەبێت([٧])."

پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان: ئالوودەبوون بریتییە لە: "حەز یان بەسترانەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردەوام، کە کەسانێک سەبارەت بە هەندێک مادده دەیانبێت. کەواتە مەبەست لە ئالوودەبوون بەکارهێنانی ناپزیشکییانە و بەردەوامی ئەو دەرمانەیە کە بە زیانی بەکارهێنەرەکە و خەڵکانی تر تەواو دەبێت([٨])."

پێناسەی مادده هۆشبەرەکان لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی کە لە لیژنەیەکی پسپۆڕان پێکهاتووە لە ساڵی (١٩٦٩)دا دەڵێت: "مادده هۆشبەرەکان ئەو ماددانەن کە دەچنە لەشی هەر گیانلەبەرێکەوە، کار لەسەر پەککەوتن و شڵەژانییەک یان زیاتر لە فەرمانەکانی ئۆرگانی لەش دەکات([٩])."

پێناسەی یاسایی بۆ مادده هۆشبەرەکان: "کۆمەڵێک ماددەن کە دەبنە هۆی لەسەر ڕۆیشتن و لێڕاهاتن لەسەر ماددەیەکی تایبەت، بە جۆرێک زیان بە خۆی و جەستەی دەگەیەنێت، کە ئەمەش دەبێتە دەستپێکی تراژیدی لەسەر کۆمەڵگە، کە تیایدا کشتوکاڵکردن و بازرگانیکردن بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی ئەنجام دەدرێت([١٠])."

پێناسەی چەمکی خووگرتوو: "خووگرتوو ئەو کەسەیە کە لە ڕووی دەروونی و جەسەتیییەوە، وابەستە بە یەکێك لە مادده هۆشبەرەکان بێت([١١])."

---

([٧]) هەمان سەرچاوە.

([٨]) ماڵپەڕی خوێندگە، http://www.xwendga.com/٢٠١٧/٠٤/blog-post_٤٩٤.html، ڕاپۆرت لەسەر ماددەی هۆشبەر.

([٩]) هەمان سەرچاوە.

([١٠]) هەمان سەرچاوە.

([١١]) کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵێ ٢٠١٣.

## مێژووی پەیدابوونی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا

مادده هۆشبەرەکان دیرۆکێکی کەڤناریان هەیە و مێژوویەکەیان بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام شێوە و جۆرەکەیان و تەرزی بەکارهێنانیان جیاواز بووە و لە هەر سەردەمێك دا بە جۆرێك و شێوازێك و بۆ مەبەستێك بەکارهێنراون.

تا ئێستا زانایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە کۆك نین لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی مادده هۆشبەرەکان و لەوبوارەدا بۆچوونی جیاواز هەیە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

لەوحە قوڕاوییەکانی (٧٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا (واتە ٥٠٠٠ ساڵ پێش زایین) پیشان دەدەن کە سومەرییەکان لە کۆنترین نەتەوەکانن کە هەستاون بە چاندنی ڕووەکی خەشخاش و، تریاکیان وەکوو دەرمانێك بۆ ئازارەکانیان بەکارهێناوە؛ بە شێوەیەك کە ناوی "ڕووەکی شادیبەخش"یان لەسەر دانابوو، کە تا ئێستاش بەو ناوە بە ناوبانگە.

هەروەها پزیشکە ئاشورییەکانیش(٧٠٠) ساڵ بەر لە دایکبوونی مەسیح (د. خ ) ڕووەکی خەشخاشیان ناسیوە و وەکوو دەرمان بەکاریان هێناوە. نووسینە شوێنەوارییەکانیش باس لەوە دەکەن کە خەشخاش لە (٤٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا لە بابل و میسر و روم و یۆنان بەکارهاتووە؛ بۆ نموونە: هەندێ جەڕ کە هی (١٥٠٠) ساڵ پێش زایینە (واتە ٣٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا) لە قوبرس دروستکراون، کە بۆ ڕاگرتنی تریاك بەکار هاتووە و بۆ میسر دەیانئارد.

ئەو دەستنووسانە کە لە سەر پاپیروسەکان لە میسر بەجێماون، ئەوە پیشان دەدەن کە میسرییەکانیش لە مێژەیە ئاشنایەتییان لەگەڵ بەکارهێنانی تریاك هەبووە. لە کتێبی "سینوهە"، کە پزیشکی تایبەتی فیرعەونی میسر بووە لە (١٣٥٠) ساڵ بەر لە زایین ــ باس لە بەکارهێنانی تریاك دەکات، لە کاتی ددان دەرهێنانی پاشای بابل بە ناوی "بورابوریاش."

یۆنانیەکانیش لە سەردەمی "سوقرات" بە گرنگییە پزیشکییەکانی تریاك ئاشنابوونە و بۆ سارێژکردن و ئارامکردنەوەی ئێشەکان و دژە ژەهر و گەزەندی دەعبەکان بە تایبەتی

ژەهری مار، بەکاریان دەهێنا؛ تا ڕادەیەك کە ناوی "ئەپیۆم" یان تریاك ببوو بە یەکێك لە خواکانی یۆنانییەکان کە هێما و سیمبۆلی خوای خەو بووە.

هەروەها ڕووەکی شاهدانە کە حەشیش یان کانابیز لێوەردەگیرێت، نزیکەی (٢٧٠٠) ساڵ بەر لە زایین (واتە ٤٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر) لە لایەن پزیشکە چینییەکانەوە بەکارهاتووە بۆ دەرمان و چارەسەری نەخۆشییەکان. ئیمپراتوری چین بە ناوی "شان نێنگ" لە کتێبی دەرمانەکانی خۆی لە ساڵی (٢٧٣٧ پ. ز) باس لەو دەرمانە کردووە، بەڵام باس لەوەش دەکات کە بەکارهێنانی ئەو دەرمانە بە ڕادەیەکی زۆر، دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن و کاریگەری خراپ لە سەر مێشك بەجێ دێڵێت.

لە "شوسرونا"، کتێبی ئایینی هیندییەکانیش، پێش ١٠٠٠ ساڵ بەر لە دایکبوونی مەسیح، باسی حەشیش کراوە، وەکوو دەرمانێکی پزیشکی. لە کتێبی "ئاڤێستا"ش، کتێبی ئایینی زەردەشتییەکان ــ باس لە کانبیز کراوە، وەکوو ماددەیەکی بێهۆشکەر.

ئەلکهۆل لە کۆنترین ماددە هۆشبەرەکانە، کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو تا ئێستاش بەکاری هێناوە. "چین" یەکەم کۆمەڵگە بووە کە لە پرۆسەی تەخمیرکردنی جۆرەها خواردەمەنی ئاگادار بوونە؛ وەکوو: برنج و پەتاتە و گەنم و جۆ. دواتر مەشروباتی ئەلکهۆلی لە هەندێ بۆنە ئایینیە کۆمەڵایەتییەکانی چینی بەکاردەهات، وەکوو: قوربانیکردن بۆ خواکان و جەژنی سەرکەوتن لە شەڕەکان. مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە ئەوەندە بەڵگە بەدەستەوەیە کە بیرە و شەڕاب، لانیکەم (٥٠٠٠) ساڵ پ. ز بەرهەم هاتوون. هەر لەوکاتەوە شوێنێکی دیاریکراویان هەبووە لە بۆنە و ئاهەنگە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا و هەتا ئێستاش هەر هەیانە لە بۆنەی لەدایکبوون، مردن، زەماوەند، تاج لە سەرنانی پاشایان و جەژنەکاندا. بەڵگەی ئەوە بە دەستەوەیە کە (٥٠٠٠) ساڵ پ. ز لە میزۆپۆتامیا باڕ و مەیخانە هەبووە. بەڵگەکان دەسەڵمێنن کە بیرە بەشێك بووە لە کرێی ڕۆژانەی ئەو کرێکارانەی کە لە پەرستگای "وەرکا" کاریانکردووە. هەر زوو شارستانییەتە کۆنەکان هەستیان بە لایەنە خراپەکانی خواردنەوەی ئەلکهۆل کردووە؛ حامورابی لە ساڵی (١٧٧٠)ی پ. ز لە بابل یاسایەکی دەرکرد بۆ سنووردانان بۆ خواردنەوەی ئەلکهۆل؛ ئەو یاسایە بە

کۆنترین یاسای سنووردانان دادەنرێت بۆ خواردنەوە لە مێژوودا، کە ئەم یاسایە هەروەك یاساکانی ئەمڕۆ کات و شوێنی فرۆشتن و خواردنەوەیان دیاری کردبوو.

"مەجارستان" (هەنگاریا) یەکەم وڵاتی ئەوروپی بووە، کە لەگەڵ تریاك ئاشنا بووە، کە لەگەڵ تۆوی گەنم و کەتان و نۆك لە ناو ئەو وڵاتە چێندراوە. پزیشکانی ئەوروپای سەدەی ناوەڕاست لەگەڵ تریاك و تایبەتمەندییە دەرمانییەکانی ئاشنا بوونە و بۆ سارێژکردنی ژان و برینەکان بەکاریان هێناوە. لە مێژووی ئیسلامدا "ئیبن سینا" و "زەکەریای ڕازی"ش لە سوودەکانی تریاك بۆ مەبەستی پزیشکی ئاشنا بوونە و زۆر بەکاریان هێناوە. ئیبن سینا لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی، بەناوی ((القانون فی الطب)) دەڵێت: تریاك ماددەیەکی هۆشبەر و کوشەندەیە. "ئەبوریحان بیرونی" یەکەم کەس بووە کە زانیویە تریاك وەکوو ئەلکهۆل ماددەیەکی هۆشبەرە و خووگرتن دروست دەکات، هەروەها یەکەم کەسیش بووە کە باس لە دیاردەی (تەحەمول /Tolerance)کردووە. حەشیش و بەنگ و شاهدانە لە لایەن تەتار و موغولەکانەوە لە دوای داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی لە لایەن ئەوانەوە، بڵاو بووەوە، تاکوو دواتر هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە وەکوو "حەسەن صەباح"، سەرۆکی شیعە ئیسماعیلییەکانی ئێران، بۆ مەبەستی سیاسی و شوڕشگێری بەکاریان هێناوە، کە لە مێژووی ئیسلامدا بە ناوی ((الحشاشون)) بەناوبانگن. حەسەن صەباح لە ئێران، لە قەڵاتی ئەلەموت نزیك شاری قەزوێن، هەندێ موریدی هەبووە، کە بۆ لەناوبردن و تیرۆرکردنی دوژمنەکانیان بە هۆی بەکارهێنانی حەشیشەوە سەرخۆش دەبوون و هەر کارێك کە پێیان ڕاسپێردرابایە، بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر ئەنجامیان دەدا. لەسەردەمی "سەفەویدا"، کە شیعەی ئیمامی بوون، کێشانی ماددە هۆشبەرکان زیادی کرد و لە ماوەی ٢٢ ساڵ فەرمانڕەوایی شاکانی سەفەویدا، کێشانی تریاك، حەشیش و خواردنەوەی شەڕاب لە ئێراندا بە شێوەیەك پەرەی سەند کە بەرهەمی ناوخۆیی نەیتوانی پێویستی داخوازیکارەکان دابین بکات.

"کۆلۆمبۆس" لە گەشتەیەکدا بۆ ئەمریکا لە ساڵی (١٤٩٢) دا توتنی هێنایەوە، کە دواتر لە ساڵی (١٥٨٦) دا لە لایەن "والتر رالێی" گەیاندرایە بەریتانیا و لەوێشەوە بۆ سەرتاسەری جیهان بڵاو بووەوە[١٢].

بەپێی بەڵگە مێژوویەکان، دەستپێکی ئاشنابوونی مرۆڤ بە مادده هۆشبەرەکان بۆ ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، تابلۆیەکانی نیگارکێشان لە یۆنانی کۆن و میسری دێرین دۆزراونەتەوە، ئەوە دەردەخەن کە پزیشکان بە مەبەستی دەرمان و چارەسەر، سوودیان لە ڕووەکی شاهدانە و حەشیش وەرگرتووە. زانای ڕۆمی «پلین»، یەکەمین کەس بووە بە شێوەیەکی زانستی شیلەی خەشخاشی بۆ دەرمانی ئازارشکێن بەکارهێناوە، هەروەها ئیپوم وەك شیر لە ڕەگی ئیوس دەرهێنراوە و لە هەندێك شوێن بە هیپۆم یان ئەفیۆنیش ناوزەد کراوە[١٣].

## مێژووی پەیدابوونی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستان

کوردستان بە حوکمی پێگە ستراتیژییەکەی لە ناوچەکەدا، هەروەها بە حوکمی دابەشکردنی خاکەکەی بەسەر چواری وڵاتدا (عێراق- ئێران- تورکیا و سوریا)، سنوورێکی دوورودرێژی لەگەڵ وڵاتە داگیرکەرەکاندا هەیە، بۆیە نەیاران لە ساڵانی ڕابردوو توانیویانە دزە بکەنە ناو خاکەکەی و مادده هۆشبەرەکان لە ڕێگەی جیاجیاوە لە کوردستان بڵاو بکەنەوە، بەداخەوە ساڵ بە ساڵ ئەم دەردە کوشندەیە لە ناو کۆمەڵگەدا لە تەشەنەسەندندایە.

(هاوکار ڕەفیق ڕەحمان) لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەرێمی کوردستان بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی (١٩٩٠) دا، هیچ حاڵەتێکی بەکارهێنان و بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکانی تێدا نەبووە، ئەم دۆخە تاوەکو ساڵی ( ٢٠٠٣ ) بەم شێوەیە بووە،  بەڵام لە ئێستادا لە هەرێمێکی

---

([١٢]) کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵێ ٢٠١٣.

( [١٣])  سایت بلاگ اسکای، https://drtanz.blogsky.com/١٣٨٩/٠٩/١٢/post-١٩/، تاریخچه مواد مخدر در ایران و جهان.

بەکارهێنەرەوە بووەتە وێستگەیەکی ترانزێت و ئامار و داتاکانی پەیوەست بە بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە هەڵکشانی بەردەوام دان و لە ئەگەری نەدۆزینەویە چارەسەرێکی ڕیشەیی، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبنە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان[١٤]."

بەداخەوە ئەمڕۆ ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستان خەریکە وەك شێرپەنجە بە ناو خوێن و شادەمارەکانی کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن و پێی ئالوودە دەبن، نەخاسمە لە نێو چینی گەنجاندا زیاد دەبێت و لە هەڵکشاندایە. ئەمەش مەترسییەکی جددی لەسەر ژیانیان دروست دەکات و دەبێتە هۆی گرفتار بوون و بەلاڕێداچوونیان و سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین کێشەی دیکەی وەك: هەژاری و گۆشەگیری و بێ هەستی و لاساری و ئەنجامدانی کەتن و تاوان و بەدڕەوشتی، تەنانەت زۆرجار کەسی خووگرتوو بە ماددە هۆشبەرەکان پەنای بۆ کوشتن و خۆکوشتنیش بردووە و تاوانی گەورەی ئەنجامداوە!

## دۆخی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك لە ڕابردوو و ئێستادا

ئەگەر تەنیا داتا و ژمارەی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٨ وەربگرین، ئەوانەی ڕەوانەی "یەکەی دەروونیی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری" کراوان، بە هۆی ئالوودەبوونی دەرمانەوە، ٦٤ کەس (٤٦ نێر و ١٨ مێ) بوون. هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی هەولێر (پیاوان)، هەتا ساڵی ٢٠٠٩، ٣٢ بۆ ٣٣ کەس بە هۆی بازرگانیی ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون، هەروەها نزیکەی ١٢ بۆ ١٥ کەس بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون.

لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئێستادا لەناو زیندانی چاکسازیی گەورانی هەولێر زیاتر لە (١٠٠٠) کەس بە هۆکاری بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون. لە ساڵی ٢٠٠٩دا،

---

[١٤] سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، https://www.centerfs.org/drug-threats-in-the-kurdistan-region-and-countermeasures/، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە،هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، NOVEMBER ١٣, ٢٠٢١.

ئەگەر تەنیا یەک کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە هەولێردا نەبووبێت، ئەوا لە ئێستادا بە دەیان کیلۆ بە یەک جار دەستی بەسەردا دەگیردرێت، زۆر جار دەگاتە ٥٠ کیلۆگرام. بەپێی دوایین زانیارییەکان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٣، لە شاری هەولێر لە چالاکییەکدا بازرگانێکی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیر کراوە، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی بڕی ١٨٤ قاڵب ماددەی هۆشبەر لە جۆری هێرۆیین کە بڕەکەی (٩٢) کیلۆیە. پرسیارەکە ئەمەیە، دەبێت چەند (٩٢) کیلۆی دیکە قورتاری بێت و بڕوات؟ دەبێت ساڵانە چەند تەن ماددەی هۆشبەر بەهێمنی بە کوردستاندا تێپەڕ بێت یان ساغ بکرێتەوە؟ لە پارێزگای سلێمانییش دۆخی ماددەی هۆشبەر لە ئاستێکی مەترسیداردایە، ئەگەر ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دەستبەسەرداگرتنی ماددەی هۆشبەر بە کیلۆگرام نامۆ بووایە، ئەوا لە ئێستادا لە یەک چالاکیدا ١٠ کیلۆگرام و ٢٠ کیلۆگرام دەستی بەسەردا دەگیردرێت. لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢١، باندێکی ماددەی هۆشبەر و بڕی ١٣ کیلۆ ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە.

هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١ تاوەکوو ٢٠٢٠/١٢/١، ئاسایشی سلێمانی ٢٥٧ پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەو کەسانە کردووەتەوە کە بەکارهێنەرن و بازرگانییان بە ماددە هۆشبەرەکانەوە کردووە، ٢٦٢ کەس زیندانی کراون، بەشێک لەوانە ڕەوانەی دادگا کراون. لەو ڕێژەیەش، ١٦ کەسیان لە ڕەگەزی مێ بوون. هەر ١٠ ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم داتا فەرمییانە و لە ٢٠٢١/١/٢١، ئاسایشی سلێمانی باندێکی مەترسیدار دەستگیر دەکات. بەڕێوەبەری نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی ڕایگەیاند کە ڕێژەکە زۆرە و ناتوانن لە ئێستادا ئاشکرایان بکەن، هەر لەم ئۆپەراسیۆنەدا بڕی ١٣ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە.

"بەپێ ی ئامارەکانی حکوومەتی هەرێم، زیاتر لە ٧٥ هەزار کەس ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، زۆرینەیان لە نێوان تەمەنەکانی ١٨_٦٤ ساڵیدان، شایانی باسە نزیکەی ٢٣% یان ئافرەتن[١٥]!

---

( [١٥]) ماڵپەڕی دبلۆماتیك مەگەزین، https://diplomaticmagazine.net/birwra/١١٢٧٨ ،ماددەی هۆشبەر، مەترسییە گەورەکە،سەرکۆ یونس،٢٠٢٣-٠٨-٢٧.

دکتۆرێکی دەروونی لە دهۆك دەڵێت: "لە ساڵی ٢٠٠٩ بەرپرسانی زیندانی زرکا داوایان لێکردین سەردانیان بکەین، ئێمە دوو دکتۆری دەروونی بووین، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کەسانە بکەین کە ئالوودبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە، ئەوکاتە تەنیا (٢٧) کەسی ئالوودەبوو لە ناو زیندانی ناوبراودا هەبوون، بەرنامەیەکمان بۆ دانان، بەڵێنیاندا بە یەکجاری وازی لێ بهێنن، لەو (٢٧) کەسە، تەنیا (٣) کەس مانەوە، پارساڵ بەمەبەستی پێشکەشکردنی سیمینارێك، دووبارە سەردانی زیندانی زرکام کردەوە، هۆڵی زیندنەکە زیاتر لە (٥٠٠) ئالوودەبووی تێدابوو، گوتیان لە دەرەوەی هۆڵەکەش ژمارەیەکی زۆر ماون، بەڵام جێ نییە بێن دابنیشن، هەڵبەت هەرکەسێکی ئالوودەبوو کە زیندانی دەکرێت، تەنیا نییە، بەڵکوو لانیکەم (٢٠) کەسی دیکەیشی لەگەڵدایە، بەڵام نەگیراون.

هەڵبەت ژمارەی ئالوودەبوون زۆر لە هەڵکشاندایە، پێشتر تەنیا گەنج بوون، بەڵام ئێستا منداڵیش هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵی تا ٨ ساڵی تووش دەبن، تەنانەت ژنان و کچانیش ئالوودە دەبن. جاران هەندێ شوێنی تایبەت هەبوو بە کێشانی مادده هۆشبەرەکانەوە، بەڵام ئێستا قوتابخانەکان و پێشانگای ترومبێڵ و ساڵۆنەکانیش بەکاردێنن، زۆرنەماوە بازرگانەکان بۆ بازرگانیکردن بیبەن بۆ مزگەوتەکانیش! جاران هەندێ ماددەی کەم بوون، وەك تریاك، بەڵام ئێستا ماددەی جیهانی مەوجودن و کارێکی ئاساییشە. هەڵبەت ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، بۆیە دەبێت وریابین و حەزەری خۆمان وەربگرین[١٦]."

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق، دۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ماددەی هۆشبەرەوە زۆر پاك بووە، بە جۆرێک لە ساڵی ٢٠٠٣ کەمتر لە دە کەس بەمر هۆکارە زیندانی کرابوون و تەنیا حەوت کەس بە تاوانی ماددەی هۆشبەر لە پارێزگای سلێمانی زیندانی کرابوون. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەمر ڕێژەیە دەبێتە ٨٠ کەس، کە ٥٩ کەسیان بەکارهێنەر و ٢١ی دیکەیان بازرگانن. لە دوای کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران، ئەمە بووە گەورەترین هۆکار بۆ تەشەنەسەندنی ماددەی هۆشبەر. لە ساڵی ٢٠٠٨دا، ڕێژەی دەستگیرکراوان دەگاتە ٨١ کەس (٢٧ بازرگان و ٥٤

(١٦) ماڵپەڕی https://www.facebook.com/reel/١٥٠٣٤١٠٤٥٧١٨٢٨٦٣.

بەکارهێنەر). واتە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٨، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ٣٢٦ کەس بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کروان، بەڵام ئێستا لە سێ مانگدا ئەو ڕێژەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستگیر دەکرێت، کە ئەمە هەڵکشانەش هیچ ئاسایی نییە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هارتلاند ئەلاینسی نێودەوڵەتی لە عێراق کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا دەڵێت: "لە سێ هەزار و ١٥٢ سزادراوی هەرێمی کوردستان، ٤٢٨ کەسیان لەسەر مادده هۆشبەرەکان سزا دراون و ١٠%ی تووشبووان لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵن." عەمید جەلال بەگ؛ بەڕێوەبەری پێشووی بەڕێوبەرایەتیی نەهێشتی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، لە بەرنامەیەکدا دەڵێت کە ٨٠%ی بەندکراوانی کوردستان لەسەر ماددەی هۆشبەر گیراون و لە نێویاندا سزادراو هەیە کە پێنج بۆ شەش جار دەستگیر کراوەتەوە. هەروەها نموونەی کەسانێك هەبووە لەسەر سەرپێچیی هاتوچۆ گیراون، بەڵام دواتر بوونەتە بەکارهێنەر. بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی پێشووی ئاسایشی سلێمانی، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان بەردەوام لە زیادبووندایە، بۆ بەڵگەی قسەکەشی وتی: ٥٢ ملیۆن حەبی ترامادۆڵمان بە جارێك گرتووە، هەروەها دەڵێت تەنیا لە یەک ساڵدا یەک تەن ماددەی هۆشبەر (کریستاڵ) دەستی بەسەردا گیراوە. هەروەها لە قوتابخانەکانیشدا ماددەی هۆشبەر گیراوە، هەوڵ دراوە ئەم ماددانە ببرێتە ناو زانکۆ و پەیمانگاکانیش. تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا، زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەس گیراوە([١٧]).

### ڕێژەی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان لە جیهان دا

بەپێی ئامار و بەڵگە فەرمییەکان، ساڵانە ڕێژەی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان لە سەرتاسەری جیهاندا لە زیادبووندایە و ئەوانەی کە وەك فرۆشیار و بازرگان یان وەك کڕیار، یاخود وەك بەکاربەر بەکاری دێنن لە زیادبووندایە و تا دێت تەشەنە دەکات، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونی مرۆڤەکان دروست کردووە و تەنگی پێ هەڵچنیوە!

---

([١٧]) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

"بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٩دا، ٣٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا وەک  ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمار کراون. بەپێی هەمان سەرچاوە، ڕێژەکە لە ٢٠١٥دا بۆ (٢٥٠) ملیۆن بەرز بووەتەوە و لە ساڵی ٢٠١٨دا؛ ٢٦٩ ملیۆن کەس وەک ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمار کراون. هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە مێرمنداڵان و گەنجان زۆرینەی بەکارهێنەران پێک دەهێنن. ئەو وڵاتانەش کە ڕێژەی بێکاری و شەڕیان تێدایە، خێراتر ماددەی هۆشبەری تێدا بڵاو دەبێتەوە.

لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٤، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری نوێی بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئاماژەی بەوە داوە (٢٧٥) ملیۆن بەکارهێنەر لە جیهاندا بوونیان هەیە، کە ئەمەش نزیکەی ٦%ی ڕێژەی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی پێکدەهێنێت. لەم ژمارەیە، ٣٦ ملیۆنیان بەدەست خراپی بارودۆخی مێشکیانەوە دەناڵێنن. بەرهەمهێنانی کۆکاین و ئەفیون لە هەڵکشاندایە. مردنی ڕاستەوخۆ بە هۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە گەیشتووە بە ٦٠٪ . هەروەها بە ڕێژەی ٤٠%ی بەکارهێنەرانی مێرمنداڵ بۆ لیستەکە زیاد بوو. بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ بە (٣٦٠) ملیار دۆلار دەخەمڵێنێت و لە ساڵی ٢٠٢١ بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان بە نزیکەی  (٣٢٥) ملیار دۆلار دەخەمڵێنێت([١٨])."

کەچی بەپێی ماڵپەڕی (خبر انلاین)، حالی حازر ( ٢٨٤) ملیۆن کەس لە جیهان دا مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، هەروەها بە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، تا ساڵی ( ٢٠٣٠) ئەوانەی کە مادده هۆشبەرەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بەکاردەهێنن (١١%) زیاد دەکات([١٩]).

## مەترسیی دەوڵەتانی مانگی ئاڵتوونی و سێگۆشەی ئاڵتوونی

دەوڵەتانی مانگی ئاڵتوونی، کە مەبەست لێی سێ دەوڵەتی (ئەفغانستان، پاکستان و ئێرانە)، کە سێ گەورەترین دەوڵەتی بەرهەمهێن و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن،

([١٨]) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
([١٩] ) سایت خبر انلاین، https://www.khabaronline.ir/news/١٧٨٦٨٣٧، آماری تکان دهنده از مصرف مواد مخدر در دنیا، ١٧ تیر ١۴٠٢.

بەمشێوەیە ناویان لێ نراوە مانگی ئاڵتوونی. لە پاکستان سێ ملیۆن کەس ئالوودەن، ساڵانە حەوت بۆ دە هەزار هێکتار زەوی بۆ چاندنی تریاک (خەشخاش) بەکار دێت. ئەفغانستانیش سێیەکی تلیاکی جیهان بە ڕێژەی (٨٠٪) و هیرۆیین بە ڕێژەی (٩٢٪) بەرهەم دەهێنێت. لە ئێرانیشدا نزیکەی چوار ملیۆن ئالوودەبوو هەن، ڕۆژانە دە کەس بە هۆی ماددەی هۆشبەرەوە گیان لەدەست دەدەن و ٧٠ کەسی دیکەش دەبنە بەکاربەر. ئێران ناوچەی ترانزێتی ماددەی هۆشبەرە، ڕۆژانە پێنج بۆ شەش تەن ماددەی هۆشبەر ساغ دەکاتەوە، هاوسنووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان؛ مەترسییەکی گەورەیە. دەوڵەتانی سێگۆشەی ئاڵتوونیش پێک دێن لە سێ دەوڵەتی دیکەی بەرهەمهێنی ماددەی هۆشبەر، ئەوانیش بریتین لە (بۆرما (میانمار)، تایلەند و لاوس) کە توانای کۆنترۆڵکردنی بازاڕی هێرۆیینی ئەورووپایان هەیە[٢٠].

### جۆر و ژمارەی ماددە هۆشبەرەکان لە جیهاندا

زانا و پسپۆرانی ئەم بوارە، ماددە هۆشبەرەکان بۆ چەند جۆرێك پۆلێن دەکەن، دکتۆر (فائیز ئیبراهیم محەمەد) لە کتێبەکەیدا بەناوی "کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان"، ئەو ماددانە بەسەر سێ جۆردا پۆلێن دەکات و لەمبارەیەوە دەڵێت: "ماددە هۆشبەرەکان بەپێی سروشت و سەرچاوەیان، دەکرێنە سێ بەش، کە ئەمانەن:

أ. **ماددە هۆشبەرە سروشتییەکان:** ئەو ماددانەن کە ڕاستەوخۆ لەو ڕووەکانە وەردەگیرێن کە ماددەی هۆشبەریان تێدایە، جا چ ڕووەکی خۆڕسك بێت، واتە بە بێ چاندن بڕوێت، یاخود چێنراو بێت؛ لەوانەش حەشیش و ئەفیۆن و کۆکا و قات.

ب. **ماددە هۆشبەرە پاڵفتەکراوەکان:** ئەو ماددە هۆشبەرانەن کە لە ماددە و درەختە سروشتییەکان وەردەگیرێت، بەڵام چڕییەکەیان زیاترە و کاریگەرترن لەسەر مرۆڤ؛ لەوانە: "مۆرفین" کە لە ماددەی ئەفیۆن وەردەگیرێت، بەڵام لەو بەهێزترە. "هێرویین" کە لە مۆرفین وەردەگیرێت و لە مۆرفینەکە بەهێزترە. ئەو ماددە وەرگیراوانە کاریگەریی

---

(٢٠) هەمان سەرچاوە.

تەندروستی زۆر ترسناکیان هەیە، وەك: نەمانی ئارەزووی خواردن و زیادکردنی لێدانی دڵ و لەرزین و فراوانبوونی گلێنەی چاو و، ناتەواوی لە کاری گورچیلە و، ڕەنگە خراپترین نەخۆشی، نەخۆشی (ئایدز) بێت، کە لە ئەنجامی پیسبوونی ئەو دەرزییەی خووگرتووەکان بە کاری دێنن لە یەکێك بۆ یەکێکی دی دەگوازرێتەوە.

ج. **مادده هۆشبەرە دروستکراوە کیمیاییەکان:** ئەو ماددانەن کە بە هۆی کارلێکی کیمیاییەوە بەرهەم دەهێنرێت و هەموو قۆناغەکانی دروستکردنیان لە کارگەدا بڕیوە، هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی مادده هۆشبەرە سروشتییەکانیان تێدا نییە؛ ئەگەر چی کاریگەرییان هەروەك مادده هۆشبەرە سروشتییەکان وایە؛ بە تایبەتی لەکاتی خووگرتن، لەوانە: هەڵوەسکارەکان (خەیاڵسازەکان)، ئەمفیتامینەکان، باربیتۆرەکان و کپتاگۆن[٢١]."

سەبارەت بە ژمارەی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا، بۆچوونی جیاواز هەیە، چونکە ڕۆژە بە ڕۆژ ئەو ماددانە لە زیادبووندایە، بەتایبەتی ئەو جۆرانەی کە بە هۆی گۆڕانی کیمیاییەوە دروست دەکرێن و دەستکردن.

دکتۆر (فائیز ئیبراهیم محەمەد) لەمبارەیەوە دەڵێت: "مادده هۆشبەرەکان چەندین جۆرن و هەر جۆرێکیش چەندین وەرگیراوی هەیە، کە تا ئێستا نزیکەی (١٠٥) جۆری ناسراوە، کە هەندێکیان خاوەنی تایبەتمەندیی وەکوو یەکن، هەندێکی تریان زۆر لە یەك جیاوازن. بۆیە زانایان هەر یەك بەپێی پێوەری تایبەت دابەشیان دەکات.. بۆ نموونە هەندێ بە پێی جۆری خووپێوەگرتن بە دوو لق دابەشیان دەکەن:

ئەو ماددانەی کە تەنیا خووگرتنی دەروونی دروست دەکەن؛ وەکوو: حەشیش و LSD و...

ئەو ماددانەی کە خووگرتنی دەروونی و جەستەیی پێکەوە دروست دەکەن؛ وەکوو: تریاك و وەرگیراوەکانی، ئەلکهۆل، جگەرە و...

گرنگترین جۆری دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان بەپێی سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردن بە پێی جۆری سروشت و بەرهەمهێنانیان، هەروەها دابەشکردن بەپێی

---

(٢١) کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.

کاریگەرییان؛ چونکە لە کوردستان بە حوکمی ئەوەی دراوسێی ئێرانە، هەموو جۆرەکانی ئەم ماددانە بە دەست دەکەوێت و بەکاردێت.

ئەو خووگرتووانەی کە لە "زیندانی محطه" بینیومان، زۆربەیان لە دوای جگەرە و ئەلکهۆل، تریاك بەکار دەهێنن، بەڵام تووشبووی هێرویین و حەشیش و ئەمفیتامینەکان و کراك و ئەلکهۆل و جگەرەش تێدابوو؛ جگەرە (١٠٠%)، ئەلکهۆل (٦٠%)، تریاك (٥٠%)، حەشیش (٢٢٬٢٢%)، هێرویین (١٦٬٦٧%)، حەبی ئامفیتامینەکان (١١،١١%)([٢٢])."

بەڵام سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی باس لە ژمارەیەکی زۆرتری مادده هۆشبەرەکان دەکات و لەمبارەیەوە دەڵێت: "ساڵ بە ساڵ ژمارە و جۆری مادده هۆشبەرەکان لە جیهان دا زیاد دەکات، چونکە داواکارییەکی زۆر لەسەر مادده هۆشبەرەکان هەیە و بە یەکێك لە گرنگترین بازرگانییەکان هەژمار دەکرێت لە جیهاندا، بۆیە بەردەوام جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان ڕوو لە زیادبوونن، بە دەیان شێوەی جیاواز، بە تێکەڵکردن و گۆڕانیان لە تاقیگەدا لە ڕووی چەندایتییەوە لە زیادبووندان. لە ساڵی ٢٠١٢، (٢٦٠) جۆری ماددەی هۆشبەر هەبووە، ئەم ڕێژەیە لە ٢٠١٨دا بۆ (٤٨٣) جۆر زیادی کردووە. ئەگەر زۆر بەوردی هەموو جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان دیاری بکەین، ئەوا جۆرەکانی لە ئێستادا (١٠٠٠)یش تێپەڕ دەکەن.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، مادده هۆشبەرەکان بەمشێوەیە پۆلێن دەکات:

١ .ئەوانەی دەبنە هۆی خەیاڵاویبوون (وڕێنە).

٢ .مادده هۆشبەرە سروشتییەکان.

٣ .مادده هۆشبەرە کیمیاییەکان.

٤ .مادده هۆشبەرە لاوازکەرەکان (ئازارشکێن و خەوهێنەرەکان).

٥ .مادده هۆشبەرە ئارامبەخشەکان.

---

( ٢٢) هەمان سەرچاوە.

٦ .مادده هەڵمژینەکان.

٧ .مادده وروروژێنەرەکان.

٨ .کحوول، تووتن و قاوە[٢٣].

## جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان

بەداخەوە مادده هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە هۆکاری جیاجیا لە هەرێمی کوردستانیش بڵاو بوونەتەوە، د.نەژدەت ئاکرەیی، کە پسپۆرە لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی، ئاماژە بەو یاسایە دەکات کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بۆ ڕووبەڕوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و سوودوەرگرتن لە یاساکانی عێراق داڕێژراوە، کە خۆی لە (٥٠) ماددەدا دەبینێتەوە، لەوانە: پێناسەی مادده هۆشبەرەکان، بازرگانی پێ کردنیان، لایەنە تەکنییەکان، چۆنێتیی بەکارهێنان و مامەڵە پێ کردنیان، هەر بەپێی ئەم یاسایە لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە وەزارەتی تەندروستی و لایەنی پەیوەندیدار پێکهێنراوە، یاساکە ئەو ماددانەی جیا کردووەتەوە کە هەندێکیان بۆ کاروباری زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن، دەرفەتی هەناردە و هاوردەکردنیشی داوە، بە مەرجێك یاسایی بێت، کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ کراوە، جگە لەمە لە ماددەکانی کارتێکەرە عەقڵییەکاندا جەخت لەسەر پزیشك و دەرمانساز و ئەو لایەنانە کراوەتەوە لە ڕووی دروستکردن و بەکارهێنانیان، لە ماددەی(٢١)ی یاساکە چاندنی ماددەی هۆشبەری بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کردووە، هەروەها لە ماددەکانی(٢٥) و دواتر ئاماژەی بە توندترین سزا داوە، چ لە پێ بژاردن، یان زیندانیکردن، تەنانەت سزای قورستریش، بۆیە ئەوانەی دەگیرێن، بە هیچ شێوەیەك بەرنادرێن و یاسای

---

[٢٣] سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لێبوردنی گشتیش نایانگرێتەوە، ئەوەی گرنگە لەم یاسایە باس لە چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو کەسانە کراوە کە ئەو ماددانە بەکاردەهێنن، ئەم ئەرکەشی خستووەتە سەر شانی دامەزراوەکانی هەرێم بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن، لە ئەنجومەنی وەزیراندا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك و نوێنەری لایەنی پەیوەندیدار پێك هاتووە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ماددانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیردرێت.

ئەوەی هاوپێچە بەم یاسایە جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکانە کە بەکاردەهێندرێن، ئەمانە بریتین لە نزیکەی (١٢٣) جۆر، لەگەڵ (١٩) پێکهاتە، ئەو هاوپێچانەی یاساکە بە پێی ڕێککەوتنامەکانی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٦١ و ١٩٧١ ئاماژەیان پێ کراوە، جێی دەستخۆشییە کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، ئەوەی پەیوەستە بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەوەیە کە مامەڵەکردن و بازرگانیکردن بەم ماددانە بە تاوانێکی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە هەژمار دەکرێت، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١١و یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١١ی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بە ڕێکخستنێکی تایبەت دەکات بۆ ئەم مەسەلەیە و ئەرکی سەرەکیی ئەم دوو دەزگایەیە کە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە[٢٤]."

لە هەرێمی کوردستان مەترسیدارترین جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان بەربڵاون، لە باوترین و مەترسیدارترینیان ماددەی هۆشبەری "کریستاڵ"ە، کە بە زمانی بازاڕی "شیشە"ی پێ دەگوترێت، ئەم ماددەیە ڕاستەوخۆ لە ماوەی سێ خولەکدا کاریگەرییەکەی دەگات بە مێشک، بە میکرۆبی پووکانەوەی خانەکانی مێشک ناسراوە. ئەم جۆرە ماددانەش لە هەرێمی کوردستان هەن: تریاک، هێرۆیین، کریستاڵ، ماریجوانا، بەنگ، جامایکا، حەشیش. بە شێوەیەکی گشتی و بەربڵاو (١٧) جۆری باوی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان هەیە[٢٥].

---

(٢٤) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٧٥٤٦٦/، مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی، د.نەژدەت ئاکرەیی January ١٦, ٢٠٢٢.

(٢٥) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

له ساڵی ٢٠١٧ دا ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان باسی لەوە کرد کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە دە هەزار هاونیشتمانی ئالوودەی ماددەی هۆشبەرن، لە ساڵی ٢٠٢١-دا لێدوانی نوێیان ئەوە بوو کە نزیکە لە ٥٠ هەزار. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم داتایە بە تێگەیشتی ئێمە یەکجار کەمە، هەر چەندە داتایەکی ورد بەردەست نییە و ئەوەی لە لایەنی پەیوەندیداریشەوە بڵاو دەکرێتەوە؛ کۆی داتاکان نییە. هەروەها هەتا ئێستا لە کوردستان داتایەکی ورد نییە بۆ دەرخستنی سەرجەم بەکارهێنەران، بەڵام بە هەوڵی دەستەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٧ هەتاوەکوو ئێستا، کە هەڵمەتی هۆشیاری گەیەنراوە بە نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار کەس لە توێژە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان (لە مامۆستای ئایینی، مامۆستا، خوێندکار، توێژەر و دایکان و باوکان) زانیارییان ڕاستەوخۆ پێ گەیشتووە، هەروەها یاسای ژمارە ٥٠-ی ساڵی ٢٠١٧ لە پەرلەمانی عێراق، بۆ هەرێمی کوردستان پێشنیار کراوە و لە پەرلەمانی کوردستانیش بە کەمێک دەستکارییەوە پەسەند کرا. بۆ نموونە: لەدوای بینینی زیاتر لە ٣٠ بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکانمان لە نزیکەوە، پرسیاری ئەوەیان لێ کراوە ئایا چەند کەسی دیکە دەناسن کە بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان بن، زۆربەیان دەڵێن ٣٠ بۆ ٤٠ هەتا ٥٠ کەسی تر. هەروەها دەپرسم دەتوانی بڕی چەند ماددەی هۆشبەر لە ئێستا پەیدا بکەیت، زۆربەیان دەڵێن لە یەک گرام هەتا دە کیلۆ. ئەم بەدواداچوونە مەیدانییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٠٠ هەزار بەکارهێنەر هەیە.

**قەبارەیەکی فراوان لە بازرگانیی حەب لە هەرێمی کوردستان**

بەپێی ئەو دەرئەنجامە مەیدانییانەی پێی گەیشتووین، ناوچە سنوورییەکانی شارباژێڕ حەبی هۆشبەری لێ هەناردە دەکرێت بۆ ئێران، هاوکات لە ناوچەکانی دیکەی ئیدارەی ڕاپەڕینیش بە هەمان شێوە. دۆخی شاری کەرکووکیش کە لەدوای ڕووداوەکانی ٢٠٢١/١٠/١٦ ناسەقامگیر بووە، بازرگانیی حەب و ماددەی هۆشبەر بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەپێی لێدوانەکانی بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی

سلێمانی، له ساڵی ٢٠١٧دا ٥٢ ملیۆن حەبی ترامادۆڵی ٢٠٠ میلیگرامی له یەک چالاکیدا دەستی بەسەردا گیراوە

هەروەها حەبەکانی تر وەك: (ئەکتیفیت، یونایتد، ئیفدرین، یونۆکلۆید، مۆرفین)، له کوردستانەوە بازرگانییان پێوە دەکرێت و دەنێردرێنە سنووری ئێران و لەوێشەوە لەگەڵ ئەسید (تێزاب) و چەندین ماددەی دیکەی کیمیایی تێکەڵ دەکرێن و ماددەی دیکەی هۆشبەریان لێ دروست دەکرێت و دیسانەوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە، یەکێک له ماددەکان کریستاڵە. قەبارەی بازرگانییەکە فراوانە، تەنیا له ساڵی ٢٠١٧دا له یەک ئۆپەراسیۆندا ٨٩٠ کارتۆن که دەکاتە ٢٠ ملیۆن دەنك له جۆری (ترامادۆڵی ٢٠٠ میلیگرام و ئیفدرین و مۆڵفین) که بەهاکەی نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلار دەبێت، له سنووری پێنجوێن و شارباژێڕ دەستی بەسەردا گیراوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی ساڵانە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بڵاوی دەکاتەوە، باوترین جۆری حەبە هۆشبەرەکان ئەمانەن: (ترامادۆڵ، سۆمادریل، پرازولام، میتادۆن، ئەکتیفیت، یونایتد، کلۆنازپام، ئیفدرین، یونۆکلۆید، مۆرفین، سۆمادرین، دیزاپام، ئارتین، ئیفدرین). لێرەدا بڕی ئەو حەبانە دەخەینە ڕوو که له ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا دەستی بەسەردا گیراوە له سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر، دهۆک، سۆران و ئاکرێ، واتە بەبێ سنووری پارێزگای سلێمانی:

| ساڵ | بڕی حەبی هۆشبەر |
|---|---|
| ٢٠١٨ | ١٧ هەزار و ٢٨١ شیت |
| ٢٠١٩ | ٩ هەزار و ٢١٥ شیت |
| ٢٠٢٠ | ٦ هەزار شیت |
| (٦) مانگی سەرەتای ٢٠٢١ | ٤٠ هەزار و ٩٣٧ شیت [٢٦] |

(٢٦) سەرچاوە: ڕاگەیەنراوی فەرمیی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان له ساڵەکانی ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠ و ڕاگەیەنراوی شەش مانگی سەرەتای ٢٠٢١.

ڕێژەی حەبی هۆشبەر لە ساڵی ٢٠٢١ زیاترە لە سێ ساڵی ڕابردوو. لە شاری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣، دەستیان گرتووە بەسەر ٢٣ هەزار و ٣٢ شیت حەبی جۆراوجۆر، لەگەڵ ٧ هەزار و ١٩٠ دەرزیی جۆراوجۆر، کە زۆرینەیان هۆشبەر بوون. بەپێی بڵاوکراوەیەکی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٥، بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر دەستبەسەر کراوە کە ٢٦٥ گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری (تلیاك، هێرۆیین و شیشە) و بڕی ٤٩٠ شیت حەبی هۆشبەری جۆری ترامادۆڵ و چوار دەمانچە و یەك کلاشینکۆف، تەرازوویەکی دیجیتاڵ و چەند کەلوپەلێکی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری پێ بووە. لە ڕاستیدا ئەو زانیارییانەی دەربارەی حەبە هۆشبەرەکان هەن؛ پێناچێت ورد بن، بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە نووسەری ئەم بابەتە لە ناوچە سنوورییەکان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو ئەنجامی داوە، ڕێژەی حەبی هۆشبەر زۆر زیاترە لەو ئامار و داتایانەی کە لایەنە فەرمییەکان بڵاویان کردووەتەوە.

**هەرێمی کوردستان و عێراق وەک ناوچەی ترانزێتی مادده هۆشبەرەکان**

لایەنی پەیوەندیدار چەندین جار ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بە چەندین شێوازی جیاواز بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان هەوڵیان داوە کە لە ڕێگەی فرۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر بە پۆستە ماددەی هۆشبەر بۆ ئەوروپا بنێرن، هەروەها چەندین جار باس لەوە کراوە کە لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ماددەی هۆشبەر دەنێردرێت بۆ شارەکانی خوارووی عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکان. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٢٠ بڵاوی کردووەتەوە، ئەفغانستان وەک وڵاتی سەرەکیی چاندنی مادده هۆشبەرەکان و هەناردەکردنی؛ ناو هێنراوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بارەی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستانەوە بەرەو ئێران ڕەوانە دەکرێن، لە ئێرانەوە بەرەو تورکیا و عێراق دەنێردرێن، عێراق دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، تورکیاش دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوە بۆ ئەوروپا.

تەنانەت لایەنی پەیوەندداری عێراقی و کوردستانیش ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە، مادده هۆشبەرەکان لە ئێرانەوە لە ڕێگەی شارەکانی بەسرە و میسان و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان داخڵی عێراق دەکرێن، لە عێراقیشەوە بۆ وڵاتانی کوێت و سعودی و وڵاتانی دیکەی کەنداوی عەرەبی دەنێردرێن، کارلێکەرە عەقڵییەکانیش لە سنووری سووریاوە هاوردەی عێراق دەکرێن. عێراق پێشتر تەنیا ڕێڕەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام ئێستا بازاڕە بۆ ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و توێژی گەنجان و مێرمنداڵان لە عێراق بوونەتە قوربانیی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر.

**مەترسیی بەدەرکەوتنی مافیای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان**

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی مافیای مادده هۆشبەرەکان؛ کۆنترۆڵکردنی حکوومەت و سیاسەتی وڵاتە، ئەمەش دەبێتە قۆناغی مەترسیدار و بەرپاکردنی جەنگ لە نێوان حکوومەت و مافیاکان. ئامانجی مافیاکان ئەوەیە وڵات لە بەکارهێنەرەوە بگۆڕن بۆ بەرهەمهێن. دۆخی ئێستای ئەفغانستان باشترین نموونەیە کە لە دەست دەرچووە، هەر چەندە تاڵیبان لە ئێستادا بە شێوەی زۆرەملێ دەیەوێ سنوورێک بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دابنێت، بەڵام هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمە هەوڵێکی بێ ئەنجامە. هاوکات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێناو سنووردانان بۆ بەرهەمهێنانی تریاک، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠١٧، زیاتر لە ٨ ملیارد و ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری لە ئەفغانستاندا بۆ کۆتاییهێنان بە کێڵگەکانی گوڵی خەشخاش و وشککردنیان و پێدانی پارە وەك قەرەبوو بە گوندنشینان خەرجکردووە، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠١٧)ەوە ئەمەریکا ئەو هاوکارییەی وەستاندووە، چونکە دڵنیا بووە کە بەرهەمهێنانی گوڵی خەشخاش بەو کۆنترۆڵ ناکرێت.

مافیاکانی ماددەی هۆشبەر لە مەکسیک جەنگ بەرپا دەکەن، تەنیا ساڵی ٢٠٠٨ هەتا مانگی ٤ی ٢٠٠٩، زیاتر لە ٧ هەزار کەس بە هۆی جەنگی مافیاکانەوە کوژراون، لە میانماریشدا بەئاشکرا خەڵکی لەلایەن مافیاکانەوە دەکوژرێن و ساڵانە پێکدادانی نێوان حکوومەت و مافیاکان ژیانی ئەو وڵاتەی تاڵ کردووە، میانمار دووەم گەورەترین بەرهەمێنی تریاکی

جیهانە، کۆنترۆڵکردنی ئەم بابەتە لەوێش بووە بە خەون، لە میانمار، لاوس و تایلەند، تەنیا لە ٢٠٠٣دا؛ ٢٠٠٠ کەس بەدەست مافیاکان کوژراون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هیچ لە هاوسێیەتیی مەکسیک دڵخۆش نییە و بە سەرچاوەی نەگبەتیی دادەنێت، چونکە لە ئێستادا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرۆیین بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە زیادبووندایە و دەیان تاقمی مافیاش دروست بوون. کۆڵۆمبیاش کە گەورەترین بەرهەمهێنی کۆکاینە لە جیهاندا، مافیاکان لە شانۆی سیاسیی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە[٢٧].

---

(٢٧)سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، https://www.centerfs.org/drug-threats-in-the-kurdistan-region-and-countermeasures/، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە،هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، NOVEMBER ١٣, ٢٠٢١.

# تەوەری دووەم:

# کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان

## کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان

هەڵبەت مادده هۆشبەرەکان لە جۆر و شێوە و پێکهاتەدا جیاوازن، بۆیە کاریگەرییەکەشیان جیاوازە، واتە بە یەك ئەندازە کاریگەرییان نییە، بەڵکوو هەندێکیان لە هەندێکی دیکە کاریگەرییان زیاترە لەسەر هزر و دەروون و ئەندامەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ.

دکتۆر (فائیز ئیبراهیم محەمەد)، مادده هۆشبەرەکان بەپێی کاریگەرییان پۆلێن دەکات و لەمبارەیەوە دەڵێت: "مادده هۆشبەرەکان بەپێی کاریگەرییان، دەکرێت بۆ چەند کۆمەڵێك پۆلێن بکرێن، کە هەر کۆمەڵێکیان هەمان کاریگەرییان لە سەر کەسی خووگرتوو و بەکارهێنەر هەیە، دەشبێتە هۆی گرفتی جۆراوجۆر، کە گرفتی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە؛ ئەمەش ڕاڤەیەکی کورتە بۆ هەر بەشێك لە بەشە سەرەکییەکانی مادده هۆشبەرەکان، لەگەڵ جەختکردن لەسەر نموونەیەك، یان هەندێ نموونە لە هەر کۆمەڵێك، بەپێی گرنگی و باوبوونیان:

**أ. هێمنکەرەوەکان:(Depressant substances) :**

ئەم کۆمەڵەیە، ئەم جۆرە هۆشبەرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

-ئەلکهۆل(Alcohol)

-باربیتۆرەکان(Barbiturates)

-خەوهێنەرەکان(Hypnotics)

-ئازار شکێنەری پاڵفتەکراو(Synthetic Sedative)

ئەم کۆمەڵەیە توانای ئەوەی هەیە ببێتە هۆی خاوبوونەوە و تەنبەڵی و شەکەتی و خەواڵووبوون. دەشبێتە هۆی لەدەستدانی خۆکۆنترۆڵکردن. ناشتوانێت ڕەفتاری نوێ فێر بێت؛ لەبەر ئەوەی کار دەکاتە سەر سەنتەرەکانی مێشك. ئەم کۆمەڵە هۆشبەرە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستمی دەمار و، ئەویش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی

خۆکێشانەوە لە لایەن کەسی خووگرتوو. ڕاگرتن و بەکارنەهێنانی ئەو ماددانە بە شێوەیەکی کتوپڕ، لەوانەیە هەڕەشە لە ژیانی بکات.

**ئەلکهۆل:** ئەلکهۆل بە دەرمانێکی هێمنکەرەوە دادەنرێت؛ چونکە توانای مێشك بۆ زاڵبوون بە سەر کاری ئەندامەکانی جەستە هێواش دەکات. هەروەها بەسەر بیرکردنەوە و بڕیاردان، جا سەرچاوەی ئەلکهۆلەکە هەر چییەك بێت؛ بیرە یاخود مەی یان هەر جۆرێکی دی سەرخۆشکردن بێت. بۆیە کاریگەریی مەی لەسەر مرۆڤـ لە سەر جۆری مەیەکە ناوەستێت، بەڵکوو لەسەر بڕی ئەو ئەلکهۆلە دەوەستێت کە لە ناو ئەو جۆرە دایە.

ئەلکهۆل وەکوو دەرمانی دژی خەمۆکی (دژە دامرکان و دڵساردی) کار دەکات، هەروەها وەکوو دەرمانە خەوهێنەرەکان دەبێتە هۆی ناکۆکی لە شوێن دۆزینەوە و گێژی، بێهێزی زەین، کەمکردنەوەی هێزی دادوەری و نەبوونی کەسایەتییەکی نەگۆڕ. زۆر کەس پێیان وایە کە ئەلکهۆل دەبێتە هۆی جموجۆڵ و جووڵەی مرۆڤـ، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، بەڵکوو دەبێـتە هۆی سستی مرۆڤـ سەرەتا ئەلکهۆل لەسەر ((کرتێکسی)) مێشك کاریگەری دەبێـت و کۆت و بەندە ئەخلاقییەکان لا دەبات و حاڵەتێکی خۆش دروست دەکات و وردە وردە لەگەڵ زۆری ژەهراوی بوون، ڕەفتار و قسەکان لەدەست کەسەکە دەچنە دەر. توێژینەوەکان نیشانی دەدەن کە کەسی ئەلکهۆلی بەرپرسیاریەتی ژیانی ڕۆژانەی بۆ قبووڵ ناکرێت.

سەرخۆشیی حاڵەتێکی نەخۆشییە، بە ڕەفتارێکی ناسروشتیی جیا دەکرێتەوە. زیادەڕەویکردن لە خواردنەوەی مەی دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت دەست بە سەر ئەمانەدا بگرێت:

أ. ژمارەی ئەو جارانەی کە مەی تێدا دەخورێتەوە.

ب. بڕی ئەو مەیەی کە لە هەرجارێکدا بەکاردەهێنرێت.

ئەوەش دەبێتە شلەژانی تەندروستی کەسی خووگرتوو، جگە لە شێوانی ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بێگومان ژیانی ڕۆحیش دەشڵەژێت.

**کاریگەرییە کورتخایەنەکان:**

- سووربوونەوەی چاوەکان و ڕوومەت، هەستکردن بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش
- بۆنێکی ناخۆش لە ناو دەم و هەناسەدا
- دڵتێکەڵاتن و ڕشانەوە
- لێکتێنەگەیشتنی ئەو کەسەی کە ئەو جۆرە ماددانە وەردەگرێت لەگەڵ کەسانی دەوروبەری؛ جا چ خێزانی بێت یان ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژێت
- شێوازی هەستەکانی جەستە وەکوو بینین و بیستن، هەروەها شێوازی بیرکردنەوە و هەستی بەرانبەر، بە کەسانی دی و لە دەستدانی خۆکۆنترۆڵ کردن
- بوورانەوە (إغما).

**کاریگەرییە درێژخایەنەکان:**

ئەلکهۆل بە دەرمانە هێمنکەرەوەکان دادەنرێت؛ بۆیە بەکارهێنانی دەرمانە هێمنکەرەوەکانی دیکە وەکوو خەوێنەر و هێورکەرەوەکان لەگەڵ خواردنەوەی مەی زۆر مەترسیدارە؛ چونکە ئەوە کاریگەری ئەو ماددانە دوو هێندە دەکات لە سەر کۆئەندامەکانی لەش. کەسی وەرگری ئەو ماددانە خۆیان لە حاڵەتێکی زۆر خراپدا دەبینن؛ چونکە توانای مێشك بە سەر زاڵبوون لە سەر کرداری هەناسەدان و جوولەی دڵ کەم دەبێتەوە، ڕەنگە ئەوەش ببێتە هۆی مردن.

زانایان لە سەر ئەوە کۆکن کە مەی وا لە جەستە دەکات، ئەو ماددە کیمیاییانەی کە لە ناو جگەرە و حەشیشدا هەن و دەبنە هۆی شێرپەنجە، بە شێوەیەکی خێراتر بمژێت؛ بۆیە کێشانی جگەرە لەگەڵ خواردنەوەی مەی، یان وەرگرتنی حەشیش یان بانجۆ لەگەڵ مەی دا مەترسییەکی زۆری لە سەر تەندروستی وەرگرەکەدا هەیە؛ چونکە بەشێوەیەکی خێراتر خۆی تووشی شێرپەنجەی دەم و بەشی سەرەوەی سینگ و جگەر دەکات.

وەرگرتنی هەندێ دەرمان لەگەڵ خواردنەوەی مەی زۆر نیشانەی خراپی لێدەکەوێتەوە؛ لەوانە: ژانە سکێکی زۆر، ڕشانەوەو، ژانە سەر. لێرە پێویستە ئەو ئامۆژگارییانە بدرێت،

لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان نابێت مەی بخورێتەوە، ئەویش بۆ دوورکەوتنەوە لەو نیشانە خراپانە.

وا لە ژیانی ئافرەتی سکپڕ و کۆرپەکەی دەکات لە مەترسییەکی زۆر دابێت، دەبێتە هۆی لە بارچوون، یاخود منداڵەکە بە ناکامی لە دایك دەبێت، یان گەشەی ناتەواو دەبێت یاخود شێت دەبێت.

**ب. ئەفیۆنەکان:(Opiates/ Opiods) :**

-مۆرفین(Morphine)

-کۆدائین(Codeine)

-هێرویین(Heroein)

-دیپیپانون(Dipipanone)

-پتداین(Pithidine)

**ئەفیۆن** یان تریاك یەکێك لە کۆنترین ماددەی هۆشبەرە، کە مرۆڤ لە (٧٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا ناسیویەتی. ناوی ئەفیۆن لە (ئەپیۆن (Apiyin/ـەوە وەرگیراوە، کە ناوێکی یۆنانییە. تریاك لە داری خەشخاش دەردەهێنرێت. بە هەزارەها ساڵ پێش زایین ڕووەکی خەشخاش ناسراوە. لە نەخش و نیگارەکانی فیرعەونەکان ڕووەکی ئەفیۆن لە سەر دیواری پەرستگاکان دۆزراوەتەوە. لەو کاتیش بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی بەکارهێنراوە؛ وەکوو چارەسەری ژانە سکی منداڵان، لە سەدەکانی ناوەڕاستیش بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی بەکارهێنراوە؛ وەکوو: ئارەقی جەستەو، ئازاری جۆمگەکان و ئازار شکاندن دوای نەشتەرگەرییەکان. لە کاتێ ئێستاشدا ڕووەکی خەشخاشی ئەفیۆن بە شێوەیەکی بێ بەرنامە دەچیندرێت. زۆر مەترسیدارە و زۆر زیانی لە سەر ژیانی تاك و کۆمەڵ هەیە، ئەویش لە بەر خێرا خووپێوەگرتن لە سەری؛ جا چ لە لایەنی دەروونی بێت یان جەستەیی.

**خەشخاش** گیایەکی ساڵانەیە، گوڵێکی زۆر جوانی هەیە، دوای پێگەیشتنی، گوڵەکان بەرێکی وەك کەپسولی هێلکەیی یان بازنەیی دێنیتە بەرهەم. قەبارەی لە نێوان بوندوقێك بۆ پورتوقاڵێکی بچووکدایە. ئەفیۆن لەو دەردراوانە دەردەهێنرێت کە لە ئەنجامی تاڵ تاڵ کردنی کەپسولە پێنەگەیشتووەکان پەیدا دەبێت، لە سەرەتادا ڕەنگی سپییە، پاشان بە کاریگەری هەوا ڕەنگی بۆ قاوەیی دەگۆڕێت، پاشان بۆ ڕەشێکی تێر. ئەفیۆنی خام زۆر تاڵە، بۆنێکی زۆر بەهێزی هەیە، زیاتر لە 
ماددەیەکی کیمیایی لێدەردەهێنرێت، کە گرنگترینیان مۆرفینە، کە دوای هەندێ کرداری کیمیایی تر، بۆ هێرۆیین دەگۆڕێت، هەروەها کۆدائین کە بۆ شکاندنی ئازار بەکاردەهێندرێت.

**مۆرفین** لە ساڵی (١٨٠٥) لە تریاك وەرگیرا؛ لە هەر (١٠) کیلو تریاك، یەك کیلو مۆرفین دروست دەبێت؛ بۆیە زۆر بەهێزترە. مۆرفین لە چەمکی "مۆرفینۆس" کە خوای خەوتنی یۆنانیەکان بووە وەرگیراوە. زۆربەی خووگرتووەکانی ماددە هۆشبەرەکان، ماددەی مۆرفین لە ڕێگەی شریقە لێدان لە ژێر پێست، یاخود ماسوولکە وەردەگرن. کەم وا دەبێت کە لە ڕێگەی قووتدانەوە وەربگرن؛ چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بەکاربهێنرێت، پێویست دەکات بڕێکی زۆری لێ بەکاربهێنرێت؛ ئەوەش پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە. لە حاڵەتەکانی خووگرتنی پێشکەوتوو، کەسی خووگرتوو یەکسەر شریقەکە لە دەماری خوێن دەدات، چونکە کاریگەرییەکەی خێراترە وەك لە ژێر پێست بدرێت.

**هێرویین** یەکێکە لە ترسناکترین وەرگیراوەکانی مۆرفین، کە لە ساڵی (١٨٧٤) دروستکرا، لە سەرەتادا بە ناوی (دای ئەسیتایل مۆرفین) ناسرا، تا ساڵی (١٨٩٨) کۆمپانیای (بایر) بۆ دەرمان ناوی (هێروویین)ی لێنا، کە ناوێکی یۆنانییە بە مانای هێما و سیمبۆلی هێز و توانایی. لە هەر یەك کیلوگرام مورفین، (٩٠٠) گرام هێروویین دروست دەبێت. بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان بە جۆرەها ڕێگەی کیمیایی، هێرۆین لە مۆرفین دەردەهێنن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ماددە ئامادەکراوەیە چەندین خڵتی تێدا بێت، کە لە ئەنجامدا چەند جۆرێکی جیاوازی لێ دروست دەبێت.

پێکهاتەکانی تریاك زۆرتر بۆ هێورکردنەوەی ئازار کەڵك وەردەگیرێت و زیاتر کاریگەری بەسەر دەمارەکان، بەتایبەتی دەماری هەستی هەیە و، لە لایەك دەبێتە هۆی نەمانی پالەپەستۆ و ڕەقبوونی دەمار و ماسوولکەکان، لە لایەکی دیکەشەوە کەسەکە لەژێر قورسایی هەستە بە ئازارەکان ڕزگار دەکات. هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە، ناوەندە دەمارەکان دەجووڵێنێت و هەستێکی خۆشی بۆ دروست دەبێت، بە شێوەیەك کە کەسەکە لە کاتێ نەشەبووند گەشبینییەکی بێ هۆ و لە ڕادەبەدەری هەیە، کە هەر کارێکی سەخت ئاسان دەبینێت و تەنانەت هەرکارێکی ناومکینیش بە مومکین دەبینێت؛ هەر ئەوەشە دەبێـتە هۆی دووبارە بەکارهێنانەوەی ماددەکە!

کۆمەڵی تریاك یان ئەفیۆنەکان بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردەهێنرێت: ڕزگاربوون لە ئازار، هەستکردن بە ئاسوودەبوون و خۆشی و قورتاربوون، هەستکردن بە چالاکی و شادی، کە هەناسە وەرگرتن زەحمەت دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی خاوبوونەوەو هێوربوونەوە، هەندێ جار هەستکردن بە سەرگەرمی و هەندێ جاریش هەستکردن بە خەمۆکی، هەروەك دەبێتە هۆی خەواڵوو بوون و نووستن. ئەوانەی مۆرفین وەردەگرن تووشی هەڵچوون و وروژانێکی زۆری دەمارەکان دەبن، لە نیشانەکانی: دڵ تێکهەڵاتن، ڕشانەوە، بچووك بوون و چوونە ناویەکی بیلبیلەی چاو، زیادبوونی هێزی هەڵگەڕانەوەی دڕکە پەتك و گرژبوونی ماسوولکە، هەروەك دەبێتە هۆی چوونەوەیەکی ماسوولکەکانی گەدە و ڕیخۆڵەکان، ئەوەش وا دەکات کە خواردن بە هێواشی بڕوات و ببێتە هۆی قەبزی. لە کاریگەرە بێزارکەرەکانی مۆرفین: ڕشانەوە، زۆر ئارەقە کردن، خورانی پێست و خووپێوەگرتن و هەروەها لێدانی دڵ هێواش دەکات و، پەستانی خوێن دادەبەزینێت. ئەم کۆمەڵە دەبێتە هۆی خووپێوەگرتنێکی خێرا و بەهێز. دەست هەڵگرتن لە تریاك و کۆمەڵەکەی و وەرنەگرتنی، بێزارییەکی زۆر دروست دەکات، بەڵام نابێتە هۆی مردن، بەڵکوو دەبێتە هۆی نەحەوانەوە و ماندووبوون و بێهێزی.

**ج. چالاککەرەوەکان:(Stimulants) :**

-کۆکایین(Cocaine)

-كراك(Crack)

- ئەمفيتامينەكان(Amfetamines)

- ميپليفه نديت(Methlphenidete)

- فێنمێترزين(Phenmetrazine)

- كافيين(Caffeine)

ئەم جۆرە مادده هۆشبەرەش دەبێتە هۆی هەستكردن بە دڵخۆشی و بووژانەوە و، هەستی ماندوويەتی و بێتاقەتيش كەم دەكاتەوە. ئەم موادانە دەبنە هۆی وروژاندنی بەهێز و توند، بۆ ماوەيەكی كورتيش تێكچوون و شلۆقی بير و هۆش نزم دەكاتەوە. ئەم كۆمەڵەيە، ئەگەری خووپێوەگرتنی زۆرە، لەگەڵ ئەوەی وازهێنانی دياريكراو، كە بريتييە لە هەستكردنێكی كاتی، بە ماندووبوون و بێتاقەتی و خەمۆكی و دابەزينی ميزاج.

**كۆكايين** لە ڕێگەی بۆن كردن، قوتدان، لێدانی شريقە لە دەماری خوێن بەكاردەهێنرێت، كە بەم شێوەيە مادده هۆشبەرەكە يەكسەر دەچێتە سووری خوێن؛ بۆيە كاريگەری خێراترە، بەڵام بۆ ماوەی كاريگرييەكەی كورتترە. بۆيە هەندێ جار، لە ماوەی چەند خولەكێك كرداری شريقە لێدانەكە دووبارە دەكرێتەوە بە هيوای ئەوەی ئەو هەستەی لێی چاوەڕوان دەكرێت بەردەوام بيت. كاريگەرييەكانی كۆكايين لە دوای نيو كاتژمێر ديار دەكەوێ. كاتێ خۆی لە سەدەی ١٦ زايينی دا ئيسپانييەكان بۆ كەمكردنەوەی هەستی برسێيەتی و تێنۆيەتی كرێكارانی كان و خەڵوز بەكاريان دەبرد.

**كراك** كە لە كۆكايين وەردەگيرێت، لە ڕووی خووگرتن لە كۆكايين زۆر بەهێزتر و مەترسيدارترە. كۆكايين لە دوای هەڵمژين تەنيا ٨ خولەكی پێدەچێت تاكوو دەگاتە مێشك و كاريگەرييەكانی دەست پێدەكات، كەچی كراك تەنيا چەند چركەيەك ناخايەنێت، كە لە ڕێگەی سيستمی هەناسەوە خۆی دەگەيەنێتە مێشك و بە شێوەيەكی زۆر مەترسيدار كار دەكاتە سەر سيستمی دەماری و دەروونی، تا ڕادەيەك كە تاكی بەكارهێنەر خۆی بزر دەكاتەوە و زۆر جار دەبێتە هۆی مردن.

**کاریگەرییەکانی کۆکایین:** کاتێك کۆکایین بەر پێست یان ڕیشاڵە لینجەکان دەکەویت، دەبیتە هۆی سڕکردنی شوێنەکە، کە لە لایەن پێست یان ڕیشالە لینجەکە بە خێرایی دەمژرێت، کۆکایین دەبێتە وەستانی نیشانە کارەباییەکانی پەلە دەمارەکان، ئەوەش فراوانبوونی گلێنەی چاو و بچووکبوونی مولوولە خوێنەکان و خێرابوونی لێدانی دڵی لێدەکەوێتەوە، هەروەك دەبێتە هۆی بێدارکردنی ناوەندە کۆئەندامی دەمار، ئەمەش هۆکارە بۆ زۆر جووڵانەوە و قسە کردن و جێگیر نەبوون، پاشان لەرزینی هەردوو دەست و پێیەکان، پاشان هەڵچوونی دەمار و ڕەنگ زەرد بوون، وا دەکات ئارەقەی سارد بکات و هەناسەدانی خێرا و شینهەڵگەڕانی پێست، پاشان نۆرەکانی گەشکە، ژەهراویبوون بە کۆکایین دەبێتە هۆی ناڕێکی لێدانی دڵ.

**ئەمفیتامینەکان** (کە زۆر جار بە شیشە یان کریستاڵ یان حەبی ئێکستاسی ناودەبرێت)، یەکەمجار لە ساڵی (١٨٨٧) دروستکرا، دواتر لە ساڵی (١٩٢٨) بە خێرایی دوو کۆمپانیای گەورەی دەرمان (سمیپ دکلاین) و (فرنس)، بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی هەوکردنی پەردەی لینجی لووت دەبوون وەکوو: دەرمانی بەخخاخی هەڵمژین خستیانە بازاڕ و، ناوێکی بازرگانییان لێنا، ئەویش (بەنزۆرین) بوو. لە ساڵی (١٩٣٥) ماددەکە لەسەر شێوەی (حەب) دروستکرا، بۆ حاڵەتەکانی نووستنی بەناچاری. لە چلەکان بەکارهێنانی ئەمفیتامینەکان لە نێوان قوتابیان بڵاوبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نووستن و، زیاتر بە بیرهاتنەوەی وانەکان لەکاتی تاقیکردنەوە. پاشان ئەو جۆرە دەرمانانە لە دەرەوەی سنووری ئەکادیمی، ناوبانگیان بڵاو بووە، بە تایبەتی لە نێوان یاریزانان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دواتر لە ڕێگەی شریقە لە دەماری خوێنهەر دەستپێکرا و ئەم زیادبوونە هەر خێراتر دەبوو، تا لە ساڵی (١٩٧٢) گەیشتە لووتکە، پاشان دوای ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووە، ئەویش بە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی وەسفە پزیشکییەکانی ئەو دەرمانە. هەروەها بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بڕیارە توندانەی کە بۆ سزای وەرگر و بەکارهێنەرانی ئەو دەرمانە دەرکران.

**کاریگەری ئەمفیتامینەکان:** کاریگەری ئەم ماددەیە لە کەسێك بۆ کەسێکی دی و بە پێی بڕی وەرگرتنی دەگۆڕێت، کە گرنگترین کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ئەمانەن:

-کەمکردنەوەی هەستکردن بە برسێتی و ماندوویێتی.

- زۆربوونی جووڵە و چالاکی
- فراوانبوونی گلێنەی چاو.
- خێرابوونی لێدانی دڵ.
- تێکچوونی کەم لە هاوسەنگی ماسوولکەیی و قسەکردنی پچڕ پچڕ.
- دڵ تێکهەڵاتن و ژانەسەر.

بەڵام گرنگترین کاریگەرییە دەروونییەکان دەتوانین لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

- متمانە بەخۆبوون.
- زۆر قسەکردن و هۆشیاربوونەوەی زیاد.
- توانا و وزەیەکی زۆر بۆ وردبوونەوەی فیکری.
- زیادبوونی وورووژاندنی دەمارەکان.
- دوایی بە خەم و دڵەراوکێ و ترس دێنێ.
- لە بیرچوونەوە.
- دژواری دەروونی لەگەڵ هەوڵی خۆکوشتن.

**کافیین:** لەو چالاککەرەوانەیە کە لە ناو قاوە و چای و کۆکاکۆلادا هەیە. هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە کافیین مرۆڤ ئالوودە و خووگرتوو دەکات، وەکوو کۆکایین و ئەمفیتامین کاری خۆی دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی هێواشتر و کەمتر؛ واتە ڕێژەی دۆپامین زیاد دەکات بە هەمان شێوەی کۆکایین و ئەمفیتامین. پیرومین ئاوێتەیەکی تاڵە، کە لە ناو ناوکی کاکاو و قاوە و چای دا هەیە و، لە کافیین پێك دێت. ماددەی (کافیین)یش دەبێتە هۆی هەستکردن بە خرۆشاندن، هەروەها بە شێویەکی مامناوەندی و ئەندازەیەکی کەم هەستی ماندوویەتی و هیلاکی کەم دەکاتەوە. چای و قاوە ئاستێکی نزمی دەست پێوەگرتن

دروست دەکەن. نیشانەکانی وازلێهێنانی دیاریکراوە؛ وەکوو هەستکردن بە ماندوویێتی و شەکەتی و ژانە سەر.

د. هەڵوەسکارەکان:(Hallucinogenic Drags)

-حەشیش(Cannabis)

-دای ئەپیل ترشی سیرجیل(LSD)

-مسکالین(Mescaline)

-پیۆت(Peyote)

**هەڵوەسکارەکان** یاخود خەیاڵسازەکان، کۆمەڵێك ماددەی دەروونین، کاتێك کەسێك وەریان دەگرێت، تووشی هەڵوەسە و خەیاڵ دەبێت کە بینینی ڕاستەقینەی شتەکان لێی دەشێوێنێت، فێڵ لە هەستکردن دروست دەکات، جیاکردنەوەی ڕاستی و خەیاڵ زەحمەت دەبێت. ئەگەر کەسێك بڕێکی زۆری لێوەرگرێت، دەیگەیەنێتە باری هەڵوەسە، پاشان بۆ هەڵوەسەی بینین (واتە بینینی شتێك کە نییە) و هەڵوەسەی دەست لێدان، هەڵوەسەی بۆن کردن و بیستن. ئەم کۆمەڵە هۆشبەرە کاریگەریی دەروونیی بەرزی هەیە، پلەیەکی بەرزی هەڵوەسە دروست دەکات و، جگە لە شلەژان و تێکچوونی پەیبردنی هەستی، هەندێ جاریش دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەستی سەیر، هەندێ جاری دیکەش هەستی بەترس.

**ماریجوانا** مەعجونێکە لە لق و گەڵای گیای شادانە یان قەنەبی هیندی دەردەهێنرێت. حەشیش لە شیرەی گیای شادانەیە کە چەند بەرانبەر لە ماریجوانا بەهێزترە. لە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا دەروێشەکان کەڵکیان لە بەنگ یان بنج کە جۆریك لە حەشیشە وەردەگرت و لە ناو جیهانی خەیاڵ و ماخوولیادا نوقم دەبوون! جیهانی واقعی بۆ مرۆڤەکان سەختە، وەکوو ئەوە وایە کە حەزێك لە مرۆڤدایە، کە لە عەقڵی خۆی ڕادەکات و پەنا بۆ جیهانی خەیاڵ دەبات. ڕووەکی شاهدانە لە کەشوهەوای گەرم و مامناوەند گەشە دەکات، قەبارەکەی بە پێی گۆڕانی ئەو خوڵەی تێدا دەچێندرێت دەگۆڕێت. مادده

کاریگەرەکەی پێی دەگوترێت (کانابیتین). بەکارهێنانی حەشیش وەکوو ماددەیەکی هۆشبەر بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە. کاتێك میسرییە کۆنەکان لە سەردەمی (رەمسیس) پاشا وەکوو چارەسەری هەندێ نەخۆشی بەکاریان دەهێنا. لە سەردەمی ئێستاشماندا بەکارهێنانی حەشیش لە هەموو دونیا بڵاوبووەتەوە و، زۆربەی وڵاتان بە دەستییەوە دەناڵێنن. ئەوەی بارەکە خراپتر دەکات ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی وەری دەگرن و بەکاری دێنن، گەنج و منداڵەکانن. حەشیش ڕووەکێکی ساڵانەیە، درێژی درەختەکانی لە نێوان ١ تا ٥ مەتر دەبێت، پێی دەگوترێ قەنەبی هیندی یان حەشیش یان ماریجوانا یان بەنگ. هەر گەڵایەك لە چەند گەڵایەکی لاوەکی پێك دێت و ژمارەیان لە نێوان ٣ تا ١٥ گە ڵا دەبێت، لە سەرەوەی هەر یەکێك لەو گەڵا لاوەکییانە دەزوولەی وردی هەیە، ئەوەش وای لێ دەکات زبر بێت لە کاتی دەست لێدانی. ماددە کاریگەرەکەش لە لووتکە پەرئەستێنەکان کۆبۆتەوە؛ واتە ئەو لایەنانەی ڕووەکەکە کە گوڵ دەگرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت کە مێروو خۆی لەو جۆرە ڕووەکە بە دوور دەگرێت.

ئەو کەسەی حەشیش وەردەگرێت دوو ئارەزووی هەیە، ئەوانیش:

ئارەزووی ئەوەی هۆشبەرەکە ماوەیەکی زۆرتر بەردەوام بێت، لەگەڵ زیادبوونی کاری هۆشبەرەکە.
ئارەزووی زیادبوونی توانای سێکسی.

**کاریگەرییەکانی حەشیش:** کاریگەییەکانی حەشیش دوای (٥) خولەك لە دوای بەکارهێنانی دەست پێدەکات و لە نیو تا دوو کاتژمێر درێژە دەکێشێت. ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەم حەشیش بەکاربهێنرێت، دەبێتە هۆی ڕوودانی بووژانەوەیەکی کەم، بەڵام ئەگەر بە ڕێژەیەکی زیاد بەکاربهێنرێت، ئەوا دەبێتە هۆی هەڵوەسە و خەیاڵ و داڵغەیەکی وا کە بە ڕادەیەکی زۆر بە حەبەکانی هەڵوەسە وەکووLSD و ئیستاسی (Ecstasy drug) دەچێت، لە نێوان کاریگەرییە ئاشکرا و گرنگەکانی زۆر پێکەنینە بە دەنگێکی گەورە، گرنگی نەدان و تێکچوونی ئاڵۆزی هەست و پەی بردن و هۆش، جێگرنەبوونی وەڵامدانەوەی سۆزداری

و، دەشبێتە هۆی ئاڵۆزی پەی بردنی هەست بۆ کات و شوێن، گۆڕانی میزاج و تێکدانی توانای زاڵبوون بە سەر شتەکان.

بەڵام کاریگەرییە جەستەییەکانی بەکارهێنانی حەشیش ئەمانەن: لێدانی خێرای دڵ و ناڕێککردنی، کەمیی پەستانی خوێن، سەرسووڕان، هەوکردنی گلێنەی چاو، هەستکردن بە وشکی دەم و گەروو، هەندێ جار دڵ تێکهەلاتن و ڕشانەوە، مژینی بڕێکی زۆری حەشیش دەبێتە هۆی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە.

**و. توێنەرە هەڵمژراوەکان:(Volatile Inhalant)**

ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کۆمەڵی نیکۆتین لە بەر ئەوەی لە هەموو وڵاتانی دونیا بە مەواددی نایاسایی دانانرێت، بە ئاسانی لە هەموو بازاڕەکاندا بە دەست دەکەون؛ کەچی ئاسەوارەکانی تا ڕادەیەکی زۆر بە مەوادده هۆشبەرە نایاساییەکانی دی دەچێت.

کۆمەڵی توێنەرە هەڵمژراوەکان یان کەلوپەلی هەڵچوو (المذیبات الطیارة)، بریتین لە: چەسب و غەررە، بۆیاغی پێڵاو و سەیارە، سیکۆتین، پترۆڵ بە تایبەتی بەنزین و تینەر، ئیپر، وارنیش، ئەسێتون (کە بۆ پاککردنی ڕەنگی جوانکاری لە نینۆکی ژنان بەکار دێت). کاتێ تاکی بەکارهێنەر لە ڕێگای لووت یان دەمەوە ئەم مەوادانە بۆن دەکات یان هەڵدەمژێت، تووشی نیشانەکانی وەك: ئەلکهۆل و باربیتورەکان و تریاك و وەگیراوەکانی دەبێت، کە دەبێتە هۆی سەرخۆشی و نەشەبوون، خەواڵووبوون، زمانگرتن، دڵەڕاوکێ، وروژاندن و شادی و خۆشی، هەڵوەسە و قسەی نادیار و هەزیان گوتن و... کە ماوەکەی لەوانەیە لە چەند خولەکێك بۆ چەند سائێك بەردەوام بێت و لە تاکێك بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت. دوای هەفتەیەك بەکارهێنانی ئەم جۆرە ماددانە تووشی خووپێوەگرتن دەبن و دوای ماوەیەك ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ ئەوەی چێژ و لەززەتی ڕۆژی یەکەم وەربگرن، بڕی بەکارهێنانیان زیاتر دەکەن.

ئەم کۆمەڵەیە زیاتر لە لایەن گەنجەکان و نەوجەوانان بەکاردێت؛ بە تایبەتی ئەوانەی کە تریاك و مادده هۆشبەرە نایاساییەکانی دیکە بەکار دەهێنن و ناتوانن بە بەردەوامی بۆ

خۆیان دابین بکەن. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە لە  لایەن دەزگای پشتگیری دادگاییکردنی گەنجان لەساڵی ١٩٩٧ ئەنجام دراون، گرووپی تەمەنی خووگرتووان بەم ماددانە زیاتر لە نێوان ١٤ تا ١٧ ساڵە، کە بە تەنیایی یان گرووپی بەکار دەهێنن.

جگە لە کارگەرییە دەروونییە سلبییەکانی ئەم کۆمەڵەیە، زۆر کاریگەریی سلبی جەستەیی هەیە، لەوانە: زیانی جددی و مەترسیدار لە سەر گورچیلەکان و جگەر و مێشك و ئێسکەکان بەشێوەك کە بۆ حاڵەتی ئاسایی و پێشوو ناگەڕێتەوە و زۆر جاریش دەبێتە هۆی وەستانی سەنتەری هەناسە و تێکچوونی لێدانی د ڵ و خنکان بە هۆی قەپاتبوونی ڕێگەکانی هەناسە وەرگرتن.

**٥. نیکۆتین(Nicotine):**

ئەم کۆمەڵەیە وەکوو کۆمەڵەی پێشوو لە هەموو بازاڕەکانی دونیا دا بە ئاسانی بەدەست دەکەوێت. نیکۆتین ماددەیەکی ژەهراوی و هۆشبەرە، کە لە جگەرە و تەبغ و نێرگەلە و توباکودا هەیە. زۆرجار ئەم کۆمەڵەیە بە مەوادده دوکەڵیەکان ناو دەبەن؛ چونکە هەموویان لە ڕێگای کێشانەوە بەکاردەهێنرێن. زۆر کەم بووە کە تووتن و توباکو بخورێت. بەڵگەی خووپێوەگرتن بە نیکۆتین ئەوەیە کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (٧٠%) جگەرەکێشەکان خوازیاری ئەوەن واز لە جگەرەکێشان بهێنن، بەڵام ناتوانن.

**کاریگەرییەکانی نیکوتین:** کەمخواردن، نەخەوتن بە تایبەتی ئەوانەی بە شەو زۆر بەکاردەبەن، تێکچوونی سیستمی گەڕانی خوێن، پەستانی خوێن، سەکتە و وەستانی دڵ لە ڕێگەی قەپاتبوونی دەمارەکانی خوێن، بەتایبەتی بۆڕییەکانی دڵ، سەکتەی مێشك، نەخۆشی و تێکچوونی سیستمی گەدە و ڕیخۆلەکان، نەخۆشی درێژخایەنی سیستمی هەناسە، جۆرەها سەرەتان و شێرپەنجە، کە بەشێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا باسکراوە و سەلمێنراوە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)  جگەرەکێشان، لە هەر چرکە و نیوێك لە جیهاندا یەك کەس دەکوژێت.

ئەو دایکانەی کە سکیان هەیە و جگەرە دەکێشن، کار دەکاتە سەر منداڵیان و زۆر جار بووەتە هۆی مردنی منداڵەکەیان بەر لەوەی بێتە دونیا. هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە ماڵەوە لەگەڵ دایك و باوکی خووگرتوو بە جگەرە دەژین، زیاتر تووشی نەخۆشی دەبن؛ بە تایبەتی ئەو نەخۆشییانەی کە پەیوەندیی بە سیستمی هەناسەوە هەیە[٢٨]."

کەچی " ڕەفیق ڕەحمان" بەمجۆرە باس لە مەترسی و کاریگەرییەکانی هەندێك ماددەی هۆشبەر دەکات و دەڵێت: " بەپێی جۆری ماددە هۆشبەرەکان، کاریگەرییەکانیش لەسەر دەروون و جەستە و عەقڵی بەکارهێنەر جیاوازن، ئەوانەی سروشتیی نین و تەواو کیمیایین یان نیمچەکیمیایین، کاریگەرییان زۆر زیاترە لەو ماددانەی سروشتین، ئەو ماددانەی بە دەرزی بەکار دەهێنرێن، کاریگەرییان زیاترە لە جۆرەکانی دیکە، لێرەدا باوترین جۆرەکان دەخەینە ڕوو، کە لە هەرێمی کوردستان باون و لەگەڵ کاریگەرییەکانیان:

**کاریگەریی بەکارهێنانی هێرۆیین:**

- نەمانی خەوی شەو، زیاد لێدانی دڵ و دوودڵیی زۆر
- بێمەیلی بۆ خۆراک و دابەزینی کێش
- پووکانەوەی گورچیلە و کێشە لە میزکردن
- خوران و گۆڕانی ڕەنگی پێست
- داڕووخانی کەسایەتیی مرۆڤ
- زامدارکردنی جەستە و بیرکردنەوە لە خۆکوژی
- قەبزی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ و تەنگەنەفەسی
- قەپاتبوونی بۆڕییەکانی دڵ و هەوکردنی جگەر

**کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی حەشیش:**

- دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دەنگ، ڕەنگ و تێگەیشتندا

(٢٨) کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣، ل٩٧ .

- تووشبوونی حەساسیەت و هەڵامەتی بەردەوام
- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی جەستە
- لەرزینی دەست، ئارەقەکردنەوەی زۆر
- ئارەزووی زۆر خەوتن، لەدەستدانی کێشی جەستە
- سوورهەڵگەڕانی چاو و کردەی توندوتیژی
- حەزکردن بە گۆشەگیری و تەنیایی
- لەدەستدانی کوالێتیی مێشک و توانای پەیبردن
- هاوسەنگیی لەش تێک دەدات و زاکیرە دەشێوێنێت
- قسەی هەڵیت وپەڵیت دەکات و دەنگی بەرز دەکاتەوە
- نەخۆشیی تەنگەنەفەسی و شێرپەنجەی ڕیخۆڵە
- لەناوبردنی خانەکانی مێشک، هەوکردنی ناو سییەکان
- خەمۆکی، بێتاقەتی و نائارامی
- هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی

ڕەفتاری شێتانە، خەوزڕان

**کاریگەریی بەکارهێنانی کریستاڵ**

- کەس ناناسێتەوە، بەرپرسیارێتیی خێزانی لاواز دەکات
- بە ئاستێکی بەرز کەسەکە نیگەران دەکات و تووشی وەهم دەبێت
- خەوی دەزڕێت و بە چەند شەوێک ناخەوێت
- ترسی دروستکراو دەکەوێتە دڵییەوە و بە هەڵە لە مەبەستی بەرانبەر تێدەگات
- ئەو کاتەی لەژێر کاریگەریی ئەم ماددەیەدایە، بە ئەندازەیەکی زۆر قسە دەکات
- یادەوەری لەدەست دەدات و خانەی مێشکی وێران دەبێت
- هاندانی کوشتن و ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی

دەتوانین ئەم کۆمەڵە نیشانەیەش بخەینەڕوو، بۆ بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان:

- وابەستەبوونی دەروونی و جەستەیی و هزری، پشتکردنە خێزان و خانەوادە

- بە شەو ناخەوێت و لە ناوەڕاستی ڕۆژدا ئالوودەی خەو دەبێت
- وشکبوونەوەی خانەکانی مێشک، خەوزڕان و لەرزین
- حەزنەکردن بە خواردن و سکچوون و ڕشانەوە
- تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی
- درزکەوتنە لێوەکانەوە و گۆڕانی ڕەنگی پێستیان
- گۆڕانی ژێر چاویان بۆ ڕەنگی ڕەشی کاڵ یان مەیلەوقاوەیی
- لەدەستدانی توانای کارکردن
- قسە پێبڕین و قسە زۆرکردن لە هەندێک کاتدا
- جووڵەی بێ ئاگایانە و زۆر بە چاوەکان و سەرسووڕاندنی زۆر بەملا و ئەولادا
- بێهێزی و تەنبەڵی، کۆکەی زۆر
- گرنگینەدان بە جلوبەرگ و جگەرەکێشانی زۆر
- جگە لە لێکەوتە جەستەییە و دەروونییەکانی تر، زیادبوونی دزیکردن، ڕووداوی هاتوچۆ
- زۆربوونی تاوانی سێکسی و پەکخستنی هاوسەرگیری
- لە دوورمەودادا پەککەوتنی توانای سێکسی و لاوازیی جەستەیی
- هەڵچوون و هەوڵدانی خۆکوشتن(٢٩)

کەچی "سۆزان جەمال"، بەم جۆرە باس لە کاریگەرییەکانی ماددە هۆشبەرەکان دەکات، بە تایبەتی لە ڕووی سێکسییەوە، نابراو لەمبارەیەوە دەڵێت: " دەشێ سێکس یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە لە بناغەوە پیاوان پەنا بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببەن، چونکە زۆر کەس پێیان وایە، ئەم ماددانە گوڕ و هێزێکی گەورەیان پێ دەبەخشێت و بەشێوەیەکی گەرمتر چێژ لە پەیوەندیی سێکسی دەبینن، بەڵام بێئاگان لەوەی کە ئەم ماددانە دواجار دەبنە هۆکار بۆ لاوازبوونی، یان لەدەستدانی یەکجارەکیی توانای سێکسییان.

(٢٩) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پرسیار: بۆچی هەندێ کەس پێیان وایە کە مادده هۆشبەرەکان لە سێکسدا یارمەتییان دەدات؟

وەڵام: ئەم بۆچوونە لەو سەرەتایەوە دروست دەبێت، کە لەدوای بەکارهێنانی ئەو ماددانە ئەو کەسە هەست بە حاڵەتێکی خۆش دەکات و جەستەی لەوپەڕی چالاکیدا دەبێت بۆ ئەنجامدانی هەر شتێك، بە پەیوەندیی سێکسیشەوە، بەڵام ئەم کاریگەرییە هێندە ناخایەنێت، بۆیە ئەو کەسە لەپێناوی دەستکەوتنی هەمان چێژی یەکەمجار پەنا بۆ جۆری دیکە و بڕی زیاتر دەبات، تا بەتەواوی لەسەر ئەو ماددانە ئالوودەدەبێت.

پرسیار: ئەو مادده هۆشبەرانە کامانەن کە بۆ دەستکەوتنی چێژی سێکسی بەکار دێن؟

وەڵام: مادده هۆشبەرەکان جۆریان زۆرە، لێرەدا باسی باوترینیان دەکەین:

**ماریجوانا، یان ماریوانا، کە لە هەندێ شوێن بانگۆشی پێ دەگوترێ:** لە سەردەمانێکی زووەوە بەکارهێنانی باو بووە، بەڵام لەدوای دەرکەوتنی کاریگەرییە خراپەکانی وەك ماددەیەکی هۆشبەر لەڕووی یاسابییەوە قەدەغە کرا. ئەوانەی بەکاریان هێناوە، دەڵێن کە مێشك هێور دەکاتەوە، هەروەها ماوەی ئەنجامدانی پەیوەندیی سێکسیش درێژ دەکاتەوە، هاوکات گەیشتن بە لووتکەی چێژ جیاواز دەبێت. بەڵام هەموو ئەم هەستانە کاتیین، سەرباری ئەو کاریگەرییە مەترسیدارەی بۆ سەر توانای سێکسی دروستی دەکات کە دەشێ بە هیچ شێوەیەك چارەسەری نەبێت، ئەو کەسەی لەسەر ماریوانا ئالوودە دەبێت، بە ئەستەم دەتوانێت لە ڕووی دەروونییەوە کۆنترۆڵی خۆی بکات.

**حەشیش:** لەڕووی کاریگەرییەوە بۆ سەر سێکس، لەگەڵ ماریجوانادا هێندە جیاوازیی نییە، بەڵام لەڕووی زیانەوە لەو خراپترە، چونکە سووڕی خوێن تێك دەدات، نایەڵێت خوێن بە باشی بۆ گونەکان بچێت، لەبەر ئەوە ڕێگر دەبێت لە نوێبوونەوەی تۆوەکان. کەسی ئالوودەبوو بە حەشیش، لەگەڵ ئەوەدا کە توانای سێکسیشی لاواز دەبێت، تووشی نەزۆکیش دەبێت.

**ماکس فۆرت:** لەڕووی کاریگەرییەوە بۆ سەر سێکس لە هەموویان بەهێزترە، چونکە هاندەرێکی بەهێزە، هانی ڕشتنی نورئەدرینالین و دوبامین دەدات، سەرباری هۆرمۆنی ئەدرینالین، هەر ئەمەشە وا لەو کەسانە دەکات، کە بگەڕێنەوە سەری و چەند بارە بەکاری

بهێننەوە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا کاریگەرییەکەی پێچەوانە دەبێتەوە. کەسی ئالوودەبوو دەشێ بە یەکجارەکی توانای ڕەپبوون لەدەست بدات. هەروەها ئارەزووی بۆ خواردن نامێنێت. بێ گومان زیانی زیاتر لە جەستە دەدات، کە لێرەدا باسمان نەکردوون.

**کۆکایین:** مەترسدارترین جۆری مادده هۆشبەرەکانە، لە ڕووی کاریگەرییەوە بۆ سەر سێکس بڕوا وایە کە کێشەی هاوێشتنی خێرا و زوو گەیشتن بە ئۆرگازم چارەسەر دەکات، بەڵام مەترسییەکانی ئالوودەبوون لەسەر ئەم ماددەیە لە هەموو جۆرەکانی دیکە خراپترە، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی زۆر بەهێزە، بەڵام کاریگەرییەکەی هێندە ناخایەنێت، هەر لەدوای یەك سەعات لە وەرگرتنی یەکەمین دۆز، ڕاستەوخۆ لەش داوای کۆکایینی دی دەکات و جار لەدوای جار داوای زیاتر دەکات بۆ دەستکەوتنی هەستکردن بە نەشوەی یەکەم جار. لەبەرئەوە، ئەو کەسەی تەنانەت بۆ یەك جاریش تاقی بکاتەوە، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بە نەزانی بەکاری بهێنێت، ئەگەری ئەوە زۆرە تووشی ئالوودەبوونی ببێت. پیاوی ئالوودە لەسەر کۆکایین بەتەواوەتی توانای سێکسی لە دەست دەدات، خوێنبەرەکانی تووشی گرژبوون دەبن و کێشەی مەترسیداری بۆ دروست دەکەن، هەروەها تۆوەکانی تووشی تێکچوون دەبن. ئەگەر ژنیش لەکاتی دووگیانیدا کۆکایین وەربگرێت، ئەوا کۆرپەلەکەی تووشی تێکچوونی زگماکی دەبێت. بەڵام خۆشبەختانە، ئەم مادده هۆشبەرە بەهۆی گرانیی نرخەکەیەوە، دەستکەوتنی ئاسان نییە.

**هیرۆیین:** لەڕووی کاریگەرییەوە بە دووەم بەهێزترین ماددەی هۆشبەر دادەنرێت لەدوای کۆکایینەوە. بەکارهێنەرانی پێیان وایە هەستکردن بە ئاسوودەیی و حەوانەوەیەکی خۆش بە جەستە دەبەخشێت، بەڵام ئەم هەستانە بەهۆی خاوبوونەوەی ماسوولکەکانەوەیە لەژێر کاریگەریی ئەم ماددەیەدا. لە سەرەتای بەکارهێنانیدا بەهۆی ئەو هەستکردن بەئاسوودەییە ساختەیەوە، پیاو وا دەزانێت دەتوانێت چێژێکی گەورەتر لە سێکس ببینێت، بەڵام لەگەڵ ئالوودەبوونیدا هەرچی حەز و شەهوەتی سێکسییە لە دەستی دەدات.

**پرسیار: ئایا (ئەمفیتامین)یش ماددەی هۆشبەرە؟**

وەڵام: لە ڕاستیدا ئەمفیتامین چارەسەرە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکی وەك ماددەیەکی هۆشبەر پەنایان بۆ بردووە و جۆرەها ڕێگەیان دۆزیوەتەوە بۆ ئامادەکردنی. لەگەڵ دەرکەوتنی کاریگەرییەکەی وەك ماددەیەکی هۆشبەر خرایە لیستی ئەو دەرمانانەوە، کە بەبێ ڕەچەتەی پزیشك نافرۆشرێن.

ئەم دەرمانە هانی دەردانی دۆبامین لە مێشکدا دەدات بە بڕی زۆر، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئارامی و نەشوە و زیادبوونی چالاکیی جەستەیی و سێکسی. لە کاتی وەرگرتنی دۆزی زۆردا مرۆڤ هەست بە دڵخۆشییەکی لە ڕادەبەدەر و جووڵە و وزەیەکی زۆر دەکات، هەروەها هەستی تینوویێتی و برسێتی لەشدا کپ دەکات.

**پرسیار: لە بنەڕەتدا ئەم چارەسەرە بۆ کێ دەنووسرێت؟**

وەڵام: بۆ چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشیی وەك: پارکنسۆن، خەمۆکی و هەندێ حاڵەتی قەڵەوی بەکاردێت. بەڵام بێگومان لەژێر چاودێریی وردی پزیشکدا، چونکە نەخۆش دەشێت بە ئاسانی تووشی ئالوودەبوونی ببێت.

لە توێژینەوەیەکیشدا کە پەیمانگای ماکس بلانکی ئەڵمانی ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە، وەرگرتنی بڕی کەم لە ئەمفیتامین یارمەتیی باشکردنی کاری مێشك دەدات لە کەسانی بەتەمەندا و توانای یادەوەریی کورتخایەن بەهێز دەکات، ئەویش بەهۆی کاریگەریی دوبامینەوەیە، کە ئەمفیتامین هانی دەردانی دەدات و بڕەکەی لە تەمەنی پیریدا نیوەی ئەو بڕەیە، کە لە تەمەنی گەنجیدا دەردەدرێت.

**پرسیار: ئایا هیچ جێگرەوەیەکی سروشتیی ئەمفیتامین هەیە؟**

وەڵام: سەنتەری پزیشکی میسیسپی لە ئەمەریکا لەدوای ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر مشك، گەیشتە ئەو دەرئەنجامە، کە کاریگەریی بەکارهێنانی ئەمفیتامین بۆ سەر جەستە و باری دەروونی زۆر لێکچووە لەگەڵ کاریگەریی ئەنجامدانی سێکس، چونکە لە

هەردوو بارەکەدا بڕی دوبامین زیاد دەکات و هەستی خۆشی و نەشوە بە مرۆڤ دەبەخشێت[٣٠]."

(٣٠) ماڵپەڕی باس نیوز، https://www.basnews.com/so/babat/٤٧٤٧٨٣، کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان بۆ سەر سێکس، سۆزان جەمال ٢٠١٨/١٠/٢٢

# تەوەری سێیەم:

# هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان

## هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان

هەڵبەت هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان زۆر و فرەجۆرن، بۆیە پسپۆرە دەروونناس و کۆمەڵناس و زانایانی دیکە دیدگا و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ هۆکارەکانی پەنابردن  بۆ مادده هۆشبەرەکان، لەو سۆنگەیەوە هەر زانایەك لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری ئەم بابەتەی کردووە و شەنوکەوی کردووە و تیشکی خستووەتەسەر، هۆکارەکانیش فرە تەرز و جۆرن، لەوانە: کەسۆکی، خێزانی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و جوگرافی و هیتر.

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر بەشێکی زۆر لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و بەکارهێنانیان، چ لە کوردستان یان جیهان بە گشتی، کە ئەمانەن:

**یەکەم: هۆکارە کەسۆکی- دەروونییەکان:** یەکێك لە هۆکارە هەرە باوەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، هۆکاری دەروونییە، واتە ئەو کەسانەی کە لە ڕووی دەروونییەوە تێکشکاون یاخود کێشە و گرفتی دەروونییان هەیە، یاخود گۆشەگیر و دوورەپەرێزن و خۆیان لە خەڵك ڤەدەر کردووە، زیاتر موعەرەزن بۆ ئالوودەبوون و خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان.

ئالوودەبوونی دەروونی بە هۆی چێژ و سەرخۆشیی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوەیە لە درێژمەودادا. ڕێکوڕاست بە هۆی تێکچوونی شیرازەی ڕژانی نێوەنجییە دەمارییەکانەوە، تاك تووشی زیان یان دژیەکییە ڕۆحییەکان دەبێت. بۆ نموونە؛ ماددەی هۆشبەری مێتائامفتامین (شیشە)، دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕژێنی دوپامین لە مێشکدا و ڕوودانی حاڵەتی ورووژێنەر، سەرخۆشی، تەرکیز و...هیتر، پاش وازهێنان لە بەکارهێنان یان کەمکردنەوەی ئاستی دوپامین، کەسی  ئالوودەبوو تووشی خەواڵوویی، خەمۆکی و بێتەرکیزی و...هیتر دەبێت. ماوەی خولی گەڕانەوەی ئەم نێوەنجییە دەمارییانە بۆ حاڵەتی ئاسایی زۆر درێژتر و تەنانەت هەندێك پێیان وایە کە گەڕانەوەیان نییە. لە ئەنجامدا ئالوودەبوونی دەروونی زۆر کوشندەتر دەنوێنێت. ئالوودەبوونی دەروونی

دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لەو کەسانەش کە پێشتر کۆرسە درێژخایەنەکانیان بینیوە، دیسانەوە دڵیان بۆی لێ بداتەوە. بەڵام بەداخەوە کە هەندێك کەسی هەڵپەرست بۆ ڕێکلامکردن بۆ ماددەی هۆشبەر، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەکاربەرەکان ئالوودە ناکات، بەڵام لە واقیعدا هەموو ماددەیەکی هۆشبەر ئالوودەبوونی دەروونییشی لەتەکدا دەبێت، تەنانەت ئەگەر هەندێك لە ماددەکان نەبنە هۆی ئالوودەبوونی جەستەیی لە کەسەکاندا[٣١]. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، بۆچوونێك هەیە کە ئەو کەسانەی کە متمانەبەخۆبوونێکی کەمیان هەیە و لە دڵەڕاوکێدان، بە مەبەستی ئارامی و بەدەستهێنانی متمانەبەخۆبوون و ڕزگاربوون لە بەریەککەوتنەکان؛ ڕوو لە ماددە هۆشبەرەکان دەکەن. کەسە وابەستەکان ئەگەری ئالوودەبوونیان زیاترە[٣٢].

توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای زانکۆ دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)، چەندین لێکۆڵینەوەی لەمبارەیەوە ئەنجامداوە، هەروەها دەرەنجامی چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەش دەخاتە ڕوو، کە لەمبارەیەوە ئەنجامدراون، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە لایەن دەروونناسانەوە لە بارەی خووگرتنەوە ئەنجام دراون، ئەوە نیشاندەدەن کە خووگرتوان لە ئاستەکانی شلەژان، هەستکردن بە تەنیایی، تووشبوون بە خەمۆکی، هەژاری لە پەیوەندییە سۆزدارییەکان و هەستکردن بە بێ لێهاتوویی، ڕێژەیەکی بەرزیان هەیە. لە لێکۆلینەوەیەکی تردا کە نمونەکەی لە (١٠٠) کەسی خووگرتوو پێکهاتبوو لە نەخۆشخانەی ڤەنەك(ونك)ی تاران وەرگیرا بوو، نیشانەی بوونی پێشینەی جۆرە نەخۆشییەکی کەسایەتی و دەروونی لە ناویاندا دەبینرا. بە پێی ئەم توێژینەوەیە زۆربەیان گۆشەگیر، دڵەڕاوکێ و شلەژانی دەروونیان هەبوو و زۆر تێکەڵاوی خەڵکی نەدەبوون. لە ڕووی سۆزداریشەوە نابالغ، سەرپێچیکار، شەڕانگێز و نائارام بوون و، خاوەن پێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی نەبوون. لە لێکۆلینەوەیەکی تردا کە لە سەر (١١٦٧) خووگرتوو ئەنجام درابوو، دەرکەوت کە زۆربەیان ماددە هۆشبەرەکان بە هۆکاری لەناوبردنی گرفتە

[٣١] کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣.

[٣٢] کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە.

دەروونییەکانی خۆیان دەزانن. نەبوونی ئامانج و ئایدیالی ژیان، نائومێدی و خەم، بێباوەربوون بە خود و لاوازی ئیمان و ئیرادە، شکستهێنان لە گەیشتن بە ئاواتەکان، زووڕەنجان، کەسایەتی تەلقین وەرگر، پشتنەبەستن بە دەوروبەر و ئایندە، گرێکوێرەی بێڕێزی و خۆکەمبینی، گەشەی ناتەندروستی کەسایەتی، زیتەڵی و زانینخوازی و خۆتێهەڵقورتاندن، سەرلێشێواوی لە ژیان و لە کۆمەڵگە لە فاکتەرەکانی تری کەسێتی و دەروونین، کە پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێن بۆ خووگرتن و ڕووکردن بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

لە لێکۆڵینەوەکەشمدا بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی (٢١. ٨٨%) تاکەکانی نموونە، "چێژوەرگرتن" بە هۆکاری دەستپێکردن دەزانن. ڕێژەی (١٢. ٥%) لەبەر "هۆکاری جنسی" دەزانن بەم تێڕوانینەی کە ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی چالاکی هێزی جنسی، کەچی بە پێچەوانەوە دوای ماوەیەکی کەم دەبێتە هۆی لاوازی هێزی جنسی یان نەمانی شەهوەت و زیادبوونی کێشەی هاوسەری بە تایبەتی ئەوانەی ماددەی هێرۆیین بەکاردەهێنن. ڕێژەی (٩. ٣٨%) هۆکاری "تێرکردنی هەستی مەعریفی و زانینخوازی "، ڕێژەی (٨. ٣٤%)یش هۆکاری "سەرگەردانی و هەست بە پووچی "، ڕێژەی (٦. ٢٦%)یش هۆکاری "سەرنەکەوتن لە خۆشەویستی" و هەمان "هەڵهاتن لە کێشەکانی ژیان" دەزانن.

کەواتە دەتوانین هەموو ئەم فاکتەرانە بەشێوەی خوارەوە دەستەبەندی بکەین:

ئەو تاکانەی کە بەدەست هەندێ نەخۆشی دەروونی، وەکوو: ((نوروتیك[٣٣] ))و ((سایکۆپاتیك[٣٤]))و ((هایپۆکوندریا[٣٥])) و ((خەمۆکی)) و ((سایکۆسۆماتیك[٣٦])) و ((شیزوفێرنیا[٣٧])) دەناڵێنن، لەپێناو نەهێشتنی فشار و دڵەڕاوکێ و کێشەی دەروونی، زیاتر لە مەترسیی تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان دان.

ئەوانەی کە کێشەی ((کەسایەتی))یان هەیە، بە تایبەتی ((ئیرادەی لاواز)) و ((شپرزە و کێشەی زەینی))، ((باوەڕ بەخۆنەبوون))، ((نەگونجان و هەڵهاتن لە واقع و کێشەکانی ژیان))، ((دەمارگیری و نائارامی)) و.. . هتد. زۆربەی ئەوانە توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشە و ناکامییەکان و شکستەکانی خۆیان نییە و ماددەی هۆشبەر وەکوو ئامرازی ڕزگار بوون لە قەڵەم دەدەن لەپێناو نەهێشتنی ناڕاحەتی و فشارە دەروونییەکانیان. ئەوانە ئیرادەیان زۆر لاوازە و ملکەچی هەوا و هەوسن و متمانەیان بە خۆیان نییە و، ئارامی و ئاسایشی خۆیان لە مادده هۆشبەرەکاندا دەبیننەوە.

هەندێ کەس لە هەستکردن بە گوناه، لە خۆیان بێزار دەبن و پەنا بۆ مادده هۆشبەرەکان دەبەن؛ وەکوو ئەوانەی کە تووشی پێکدادانی سەیارە دەبن و دەبێتە هۆی مردنی کەسێك و هەست بە گوناه دەکەن، یان ئەو نەخۆشە دەروونییانە کە تووشی خەیاڵی گوناهی

---

(٣٣) **نوروتیك:** نوروتیك: جۆرە نەخۆشییەکی دەماری دەروونییە، بریتییە لە حاڵەتێك، کە بە هۆی ململانێ لە نێوان دەروون و دەرەوەی تاك دروست دەبێت؛ واتە کاتێك کە تاك نەتوانێت لە نێوان دوو هێزی جیاواز یەکێکیان هەڵبژێرێت و تووشی بێبڕیاری و ململانێ و پەریشانی و سەرگەردانی دەبێت، کە دەبێتە هۆی ڕەنج و ناڕەحەتی لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە نائاسوودەیی، بە بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانێت. بڕوانە کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٣، ل١٧٦.

(٣٤) **سایکۆپاتیك:** جۆرە نەخۆشییکی دەروونییە، کە تاك ناتوانێت لە بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە تێبگات و لە ئەجام دا لە دەستوور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان سەرپێچی دەکات و هیچ ڕەچاوی ئامانج و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی باو لە ناو کۆمەڵگەدا ناکات؛ چونکە "منی باڵا"یان گەشەی نەکردووە و تاریکی سەرتاپای ویژدانیان گرتووە و بە بێهەست بە گوناه و شەرم یان ترس و دڵەڕاوکێ دەست بە کاری ناڕەوا و دژبە ئەخلاق دەدەن و هیچ مافێك بۆ هیچ کەسێك دانانێن جگە لە خۆیان و، ناتوانن پەیوەندیی سۆزداری و خێزانی دروست بکەن. بۆیە پەنا دەبەنە بەر مادده هۆشبەرەکان تاکوو هەست بە ئاسایش و ئارامی دەروونی بکەن. سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

(٣٥) **هایپۆکوندریا:** جۆرە نەخۆشییەکی دەروونییە، کە تاك خۆی بە نەخۆش دەزانێت، کەچی تەندروستە؛ واتە تووشی خەیاڵ دەبێت و ترسێکی لەڕادەبەدر لە لای دروست دەبێت سەبارەت بە تەندروستی خۆی لە حاڵێکدا هیچ بەڵگەیەکی جەستەیی و پزیشکی نییە بۆ ئەم ترسە. سەرچاوەی پێشوو؛ ل١٧٦.

(٣٦) **سایکۆسۆماتیك:** بریتییە لە نەخۆشییە دەروونییە جەستەییەکان؛ واتە هۆکاری دەروونی ببێتە هۆی نەخۆشی جەستەیی و بە پێچەوانەوەش، هۆکاری جەستەیی ببێتە هۆی نەخۆشی دەروونی. سەرچاوەی پێشوو؛ ل١٧٦.

(٣٧) **شیزوفێرنیا:** نەخۆشییەکی دەروونییە، کە زۆر جار "جنون الشباب"ی پێ دەگوترێت و دەبێتە ئەگەر خۆکوژی لای گەنجان. ئەوانەی کە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، هیچ گرنگی بە ڕەوالەتی خۆیان نادەن و نیسبەت بە تاکەکانی دیکە زۆر بێسۆز وعاتیفەن. لەگەڵ کۆمەڵگە بەدبینن و کۆمەڵگە بە دوژمنی خۆیان دەزانن، هەمیشە گۆشەگیر و پەریشانن و لەپێناو نەهێشتنی ئازارە دەروونییەکانیان پەنا دەبەنەر بەر مادده هۆشبەرەکان. سەرچاوەی پێشوو؛ ل١٧٦.

گەورە دەبن و بۆ هەڵهاتن لە ئەشکنجەی دەروونی و لە بیرکردنی گوناهی خەیاڵیی خۆیان، ڕوو دەکەنە ماددە هۆشبەرەکان.
تێڕوانین و ئاراستەی پۆزەتیڤانە بەرانبەر بە ماددە هۆشبەرەکان؛ هەندێ کەس بۆ تێرکردنی ئارەزوو دەرونییەکانی وەکوو: ((ئارەزووی سێکسی)) و ((چێژوەرگرتن و لەزەت و خۆشی)) و ((سەربەخۆیی و ئازادی)) و.. .هیتر، هەندێ کەسیش بۆ تێرکردنی هەستی زێتەلی و زانینخوازی (الفضولية (Curiosity/ و هەڵسەنگاندنی هێزی جەستەیی خۆی، خووگر دەبن و وا دەزانن کە بە یەکجار بەکارهێنان خووگرتوو نابن؛ وەکوو ئەوانەی کە وا دەزانن بە هۆی ماددە هۆشبەرەکانەوە ناخەون و دەتوانن دەرس بخوێنن و هۆش و زاکیرەیان بەهێز دەکات، یان دەڵێن: ئەو ماددانە بەهێزکەر و چا لاککەرن و دەتوانن بە هۆیەوە لە چالاکیی وەرزشی یان کاری سەخت سەرکەوتوو بن، یان دەڵێن: ئەو ماددانە دەبنە هۆی شکاندنی ئێش و ئازاری جەستەیی و.. . بەمشێوەیەوە فریوی پڕۆپاگەندەی ناڕاستەقینەی ئەم ماددانە دەخۆن و تووشی خووگرتن دەبن.
هەرەسهێنان بە هۆی سەرنەکەوتن لە قۆناغەکانی ژیان، وەکوو: ((هاوسەرگیری، بەتایبەتی هاوسەرگیریی زۆرەملێ، بە دەستهێنانی پارە، خوێندن و خۆشەویستی و.. . هیتر.))
تەنیایی و گوشەگیری، وەکوو: ((سەڵتبوون))، ((دووری لە خێزان))، ((لە دەستدانی کەسوکاری نزیك))، ((لەکاتێ خزمەتی سەربازی)) و ((زیندان)) و...هیتر.
فاکتەری لاوازیی باوەڕ و ئیمان: (( لاوازی پەیوەندیی نێوان تاك و خوا و نەبوونی باوەڕ و پێوەری ئایینی و مەزهەبی.))
نەبوونی هەستی بەرپرسیاریەتی و گرنگیدان بە بەها و پێوەرەکانی خۆی و ڕەچاونەکردنی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.
ئازادیخوازی و هەڵهاتن لە کێشەکانی ژیان؛ هەندێ لە گەنجان بۆ نیشاندانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان و کەمکردنەوەی چەپاندن یان کەبتی دەروونی، خووگر دەبن. هەندێکی تر خووگرتوو بوون بە ماددە هۆشبەرەکان وەکوو شەڕ و ململانێیەك بەرانبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان، خێزان، بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن و وا هەست

دەکەن کە بە خووگرتنی خۆیان، سەرکەشی و دژایەتی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵگە و خێزان پیشان دەدەن[٣٨].

**دووەم: هۆکارە جەستەیی و بایۆلۆژییەکان:** هۆکارێکی دیکەی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، بریتییە لە هۆکاری جەستەیی و بایۆلۆژیی، وەك: جیناتەکان و ڕەگەز و نەژاد و تەمەن و ...هیتر. چونکە هەموو ئەوانەش کەم تا زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر کەسی ئالوودەبوو.

دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)، بەمشێوەیە هۆکارە جەستەیی و بایۆلۆژییەکان دەخاتە ڕوو:

**أ. هۆکاری بۆماوەیی و جینییەکان:** خووپێوەگرتنی دایك و باوك، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر منداڵەکان. ئەو ژەهرەی کە لە ئەنجامی مەوادی هۆشبەر لە جەستەی دایك و باوك دروست بووە، دەگوازرێتەوە بۆ کۆرپەلە و دەبێتە هۆی خووگرتنی کۆرپەلە بەو ماددەیەی کە دایکەکەی پێی خووگرتوو بووە. هەندێ لە زانایان وەکوو "گرا" پێیان وایە کە هەندێ کەس ماددە کیمیاوییەکانی وەك: "ئاندرۆفین" و "سرۆتۆنین" و "دۆپامین" لە ناو مێشکیان دا نییە، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە زیاتر پەنا دەبەنە بەر ماددە هۆشبەرەکان، کە وەکوو جێگرەوە دەژمێردرێت بۆ ئەم ماددانە.

**ب. هۆکاری نەژادی:** مەیل بۆ خووپێوەگرتن لە نەژادە جۆراوجۆرەکان جیاوازە؛ بۆ نموونە زەردپێستەکان و سپیپێستەکان زیاتر لە ڕەشپێستەکان تووشی ماددە هۆشبەرەکان دەبن.

**ج. هۆکاری ڕەگەزی:** بەپێی ئامارەکان و لێکۆڵینەوەکان، ژنان کەمتر لە پیاوان تووشی ماددە هۆشبەرەکان دەبن. بەڵام ئاسەواری نێگەتیڤی خووپێوەگرتنی ژنان بەهێزترە لە خووپێوەگرتنی پیاوان. لە لێکۆڵینەوەی ئێمەدا دەرکەوت کە هەموویان واتە (١٠٠%)ی خووگرتووەکان نێر بوون.

**د. هۆکاری تەمەن:** لە هەر ئاستێکی تەمەن دا بێت، ئەگەری خووپێوەگرتن زۆرە. لەو خێزانانەی کە دایك یان باوك، یاخود هەردووکیان خووگر بن، ئەوا منداڵی کەمتەمەنیشیان تووشی هەمان ماددە دەبێت و دواتر لەگەڵ گەورەبوونیان، جۆری ماددەکە دەگۆڕن.

---

([٣٨]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵێ ٢٠١٣، ل١٧٩.

بەپێی ئاماری ڕێخراوی تەندروستیی جیهانی (٧٢%)ی خووگرەکان لە سەرتاسەری دونیادا لەژێر تەمەنی (٢٥) ساڵ دان!بەشی زۆری خووگرەکان بە جگەرەکێشان دەست پێدەکەن و دواتر وردە وردە بەرەو ماددە هۆشبەرەکان دەچن. هەروەك لە لێکۆڵینەوەی ئێمەشدا دەرکەوت کە ڕێژەی (١٠٠%)یان گەنج بوون کە کەمە تەمەنترینیان (٢٣) ساڵ و گەورەترینیشیان (٣٤) ساڵ بوو، هەروەها ڕێژەی (١٠٠%)یشیان سەرەتا بە جگەرەکێشان دەستیان پێکردووە، کە تەمەنیان لە کاتی دەست پێکردنیان لە سەرووی (١٨) ساڵییەوە بووە؛ جگەرە وەك ماددەیەکی هۆشبەری ڕێگەپێدراو لە کۆمەڵی "نیکۆتین" دادەنرێت، کە وەکوو دەروازیەك دەژمێردرێت بۆ ماددە هۆشبەرەکانی دیکە؛ هەروەك "تیۆری ڕەفتاری کێشەئامێز" و "تیۆری دەروازە" باس لەوە دەکەن کە بەشێکی زۆر لە گەنجان بە جگەرەکێشان دەست پێدەکەن و دواتر وردە وردە بەرەو ماددە  هۆشبەرەکانی دیکە دەچن؛ کەواتە بە پێی ئەم زانیارییە مەیدانییانە بێت ئەو کەسانەی کە زۆرتر دووچاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبن، ئەوانەن کە لە تەمەنی گەنجیدان. لە کاتێ چاوپێکەوتنمان، پرسیارێکمان ئاراستەی خووگرتووەکان کرد کە: (پێتان وایە چ کەسانێك زیاتر تووشی ئەم ماددانە دەبن؟)، وەڵامی هەر هەموویان (واتە ١٠٠%) بریتی بوو لە: "گەنجان."

لە کاتێ بەراوردکردنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەمان لەگەڵ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی سعودی، کە لە ساڵی (١٩٩٦) ئەنجامدراوە، تەبایە کە ڕێژەی زۆرترینیان دەکەونە نێوان تەمەنی (٢٧- ٣٣) ساڵی، بە ڕێژەی (٦١. ٤%) هەروەها ناوەندی ژمارەیی تەمەنی تاکەکان (٢٨. ٩) ساڵە.

**٥. باری جەستەیی:** بەکارهێنانی دەرمانە ئازاربەر و خەوهێنەرەکان بۆ هەندێ لە نەخۆشی و ئێش و ئازاری جەستەیی و ماندووبوون، ئەو تاکانەی زیاتر بەرەو خووپێوەگرتن دەبات؛ بە تایبەتی ئەوانەی پیشەی گرانیان هەیە و زۆر ماندوو دەبن و خەویان کەمە. یاخود زێدە ڕۆییکردن لە پەیوەندیی سێکسی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێز و  لاوازبوونی توانای دەروونی تاکەکان، کە هەموو ئەوانە زیاتر لە مەترسیی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان دان. مادە هۆشبەرەکان بەتایبەتی پێکهاتەکانی تریاك لەوانەیە بۆ هێورکردنەوەی هەندێ

ئازاری وەکوو: ئازاری گەدە، قاچ و ڕۆماتیزم و...هیتر لە لایەن پزیشکەوە بدرێت، بەڵام ئەو هێورکردنەوەیە کاتییە و کەسەکە بۆ دووبارە بەکارهێنان و لە ئەنجامیشدا بۆ خووگرتن ڕادەکێشێت؛ بۆ نموونە: لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانی وەك تریاك و هاوشێوەکانی چاومان بە چەندین باوەڕی وەك: تریاك لە تەمەنی ٥٠ ساڵی بۆ سەرەوە، نە تەنیا زیانی نییە، بەڵکوو پێویستیشە، تریاك بۆ هێنانەخوارەوەی پاڵەپەستۆی خوێن پێویستە، یان تریاك باشترین دەرمانە بۆ منداڵان. توێژینەوەکەی دکتۆر "رجا مقلومان" کە لەسەر (٢١٠٥) خووگرتوو ئەنجامی دابوو، دەرکەوت کە (٣١٢) تاکیان بە هۆی نەخۆشیی جەستەییەوە ڕوویان لە ماددە هۆشبەرەکان کردووە([٣٩]).

**سێیەم: هۆکاری خێزانی:** یەکێکی دیکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و ئالوودەبوونی تاکەکان بۆ خودی خێزان دەگەڕێتەوە، ئەمەش زیاتر ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە کێشە و گرفتیان زۆرە و بەدەست کێشە خێزانییەکانەوە دەناڵێنن، وەك ناکۆکی و پەرتەوازەیی، هەژاری و نەداری، نەخوێندەواری و یاخی بوون و شەڕ و توندوتیژی و لێکترازان و جیابوونەوە و...هیتر.

توێژەی کۆمەڵایەتی دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)، خێزان بە هۆکارێکی سەرەکیی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان دەزانێت و لەمبارەیەوە چەندین توێژینەوەی زانستی کە لەمبارەیەوە ئەنجامدراوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: زانایان دەڵێن: "لە ئاستی ناوەندیدا خێزان سەرەکیترین هۆکارە و تیۆری خێزانی یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی شیکردنەوەی هۆکاری خووگرتن؛ چونکە پەیوەندییەکان و نموونەکانی ڕەفتاری خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پاڵنانی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان. توێژینەوە بەرفراوانەکان لە وڵاتانی جیاجیا ئەوە پێشاندەدەن کە زۆربەی تاکە خووگرتووەکان سەر بە خێزانی لەیەکترازاو و نائارامن. "برەنساید" و هاوکارەکانی لەمبارەیەوە دەڵێن: "لە یەکترازانی خێزانی توانای نەوجەوان و لاوان بۆ گونجان لەگەڵ پاڵەپەستۆکانی دەروونی کەم

([٣٩]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

دەکاتەوە، ئەمەش  لاوان ئامادە دەکات بۆ پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان."

دکتۆر "مڤلومان" لە ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ (٢١٠٥) خووگرتوو، گەیشتە ئەو دەرئەنجامە کە (٢٢%) لە تاکەکانی نموونە بە هۆی هۆکاری خێزانییەوە (شەڕ و ململانێی ناو خێزان و کاریگەریی دایك و باوك لەسەر منداڵان) ڕوویان لە ماددە هۆشبەرەکان کردووە. هەروەها لەم نموونەیەدا (٩٠) کەسیان هاوسەرانی خۆیان بە هۆکار دەزانن بۆ تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان. لە توێژینەوەیەکی تردا، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە لە کۆی (٣٥١) خووگرتوو، (٣٥%) بە هۆی پرسە خێزانییەکانەوە تووشی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان بوون.

لێکۆڵینەوەی ئێمەش نیشان دەدات کە: ڕێژەی (٦٠%)ی نموونەی لێکۆڵینەوە "خێزاندار" و ڕێژەی (٤٠%) "سەڵت" بوون. لە کاتێ چاوپێکەوتنمان بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی سەڵتەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە بیر لە ژنهێنان ناکەنەوە لەبەر نەبوونی پارەی تەواو بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام هەندێکیان دەڵێن لە کاتێ داخوازی ژنهێنان، پاش ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت کە تووشبووی ماددە هۆشبەرەکانە، داواکاریان ڕەتکردووتەوە. هەروەها ڕێژەی (٩. ٣٨%) هۆکاری "نەبوونی چاودێری خێزان لە سەریان" دەزانن و، ڕێژەی (٦. ٢٥%) هۆکاری "کێشەی خێزانی و ناسەقامگیری نێوانیان" دەزانن. کاتێك کە ئەو پرسیارەمان ئاراستەی خووگرتووەکانمان کرد: (هۆکاری تووشبوونی گەنجەکان بە ماددە هۆشبەرەکان چییە؟)، ڕێژەی (١٣. ٩%) گوتیان کە "نەبوونی چاودێری لە  لایەن دایك و باوك" یەکێك لە فاکتەرەکانی تووشبونی گەنجانی کوردستانە. بە ڕاستی خێزان یەکەم دەزگا و سیستەمە کە تاك تیایدا فێری ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. تاك لاسایی دایك و باوك و خوشك و براکانی دەکاتەوە. ئەگەر ڕەفتاری دایك و باوك باش و پەسەند بێت، ئەوا ڕێژەی باشبوونی ڕەفتاری منداڵیش بەرز دەبێت؛ چونکە ڕەفتاری خێزان بۆ منداڵان وەکوو ڕەفتارێکی ژێدەر (مرجع) دەژمێردرێت. هەروەك لە لێکۆڵینەوەکەمان دەرکەوت کە ڕێژەی (٨٠%)ی نموونە لێکۆڵینەوە دانیان بەوە دانا کە لە ناو خێزانیاندا کەسێك هەبووە کە جگەرە دەکێشێت و ڕێژەی (٢٠)% وەڵامیان بە نەخێر بووە، بەڵام هەمان

کەسان گوتیان کە برادەری جگەرەکێشیان هەبووە! هەروەها ڕێژەی (٩٠%)یان ئاماژە بەوە کرد کە خێزانیان هیچ پابەندییەکیان بە ئایینەوە نییە!

بەشێوەیەکی گشتی، بە ڕەچاوکردنی دەرەنجامەکانی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان، هۆکارەکانی خوارەوە لە ڕەهەندی خێزانی وەکوو زەمینەسازی خووگرتنی گەنجەکان بە مادده هۆشبەرەکان دەزانین:

**خێزانی بایۆلۆژی یان ژیانی:** بریتییە لەو خێزانانەی کە مەشروعیەتی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام ناتوانن سەرپەرەشتی منداڵانیان لە ئەستۆ بگرن؛ واتە تەنیا پەیوەندیی بایۆلۆژی و ژیانی لەگەڵ منداڵیان هەیە و منداڵیان لە خوێنیان پێکهاتووە، بەڵام لەپێناو بە کۆمەڵایەتیکردنی ئەوان کەمتەرخەمن و بەرپرسیار نین، یاخود توانایان نییە؛ وەکوو ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان خەریکی سوالکەری، یان بەڕەڵایی دەبن لە ناو گەڕەك و کۆڵانەکان دا.

ئەم جۆرە خێزانانە هۆکاری ڕێخۆشکەرن بۆ پەلکێشبوونی منداڵانیان بۆ مادده هۆشبەرەکان. توێژینەوەکان نیشان دەدەن کە (٧٦%) خووگرتووان لەم جۆرە خێزانانە پەروەردە بوونە.

٢. لاوازی و خراپی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەتی نێوان باوك و دایك، یان ژن و پیاو و، پێکهەڵپڕژانە بەردەوامەکانیان و هەستی ڕکابەرایەتی نێوانیان. لە چەند توێژینەوەیەکدا زیاتر لە (٨٠%) تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان شپرزەیی و نائارامیی ژینگەی خێزان و شەڕی نێوان باوك و دایك بە هۆکاری تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەزانن. ئەم ڕێژەیە لە توێژینەوەیەك لە "سعودی" دەگاتە (٦٨%). نەگونجانی بەردەوام لە خێزاندا و لە دەستدانی باوك یان دایك یان هەردووکیان لە کاتی منداڵیدا، دەتوانێت زۆر بە توندی کاریگەری هەبێت لە سەر تاك و بیکاتە یەکێك لە بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان. ئەگەر چی لە سەرەتادا لە جگەرەکێشانەوە دەستی پێبکات؛ هەروەك لە توێژینەوەکانی ئێران دەرکەوتووە، (٢٣) لێکۆڵینەوە داکۆکییان لە کاریگەریی ئەم بابەتە کردووە. دەروونپزیشکێکی فەرەنسی بە ناوی "پرۆفیسۆر هویر" لە توێژینەوەکەیدا بەناوی "توێژینەوە لە سەر لادانەکانی هەرزەکاران لە (٤٠٠) فایلی منداڵانی لادەر" لە ساڵی (١٩٤٤)

له پاریس گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە کە لێکترازانی خێزانی کاریگەری هەیە لە سەر لادانەکانی منداڵ و (٨٨% منداڵانی لادەر لە خێزانە لێکترازاوەکانن.

٣. ناکامڵی جۆراوجۆر لە نێوان باوان لە لایەنەکانی ئەخلاقی، ڕەفتاری و بیروباوەڕییەوە.

٤. بوونی پێشینەی شێوەیەکی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان لە لایەن باوانەوە؛ واتە خووپێوەگرتنی دایك و باوك، یان یەکێك لە ئەندامانی خێزان. "لۆکاف" و هاوکارانی، ئەو نەوجەوانانەی کە باوانیان ماددەی هۆشبەری وەك مادده ئەلکهۆلیەکان، ئارامبەخش، جگەرە یان هێورکەرەوەکان (مسکّن) بەکار دەهێنن، لە لاوانی تر زیاتر تووشی حەشیش، ئەلکهۆل و ماددەی تری هۆشبەر دەبن. بوونی تاکی خووگرتوو لە ناو خێزاندا لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕق و نەفرەت لە تاکی خووگرتوو و ببێتە هاندەرێك بۆ تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان. بە گشتی باوك و دایکی خووگرتوو بە دوو ڕێگە ئەندامانی خێزان تووشی مادده هۆشبەرەکان دەکەن: یەکەمیان: لە ڕێگەی هاندان، ئەو کاتەی باوك ودایك یان ئەندامانی تر خووگرتوون، ئەوانی تر هان دەدرێن و پاڵنەریان بۆ دروست دەکەن. دووەمیان: لە ڕێگەی لێبوردەیی و بێگوێدانە منداڵەکان و دوورکردنەوەیان لەو ژینگە ئالوودەیەی کە هێناویانەتە ئاراوە. ئەو تاکانەی لەگەڵ خووگرتووان پەروەردە دەبن و بەیانی تا شەو ئەو دوکەڵە هەڵدەمژن و چۆنیەتی بەکارهێنانی هێرویین، حەشیش، تریاك و جگەرە دەبینن بە شێوەیەکی گومان هەڵنەگر، ورده ورده هاندەدرێن کە خۆشیان ئەم ماددانە بەکاربێنن. هاوسەری خووگرتووش بە هەمان شێوە؛ چونکە ژن یان پیاو بە هۆی هاودەمیکردن لە نزیکەوە و بەردەوامبوون لەسەری، لە منداڵان زیاتر لە بەردەم هەڕەشەدان. خووگرتوو هەوڵدەدات بە بیانووی هەمەجۆر هاوسەرەکەیشی ئالوودە بکات تاکوو: پێشگیریی بکات لە پەند و ئامۆژگاری و سەرکۆنەکانی هاوسەر، پێشگرتن لە بەجێهێشتن و جیابوونەوەی ئەگەری، هەروەها هەبوونی هاوبەش و هاودەم بۆ شوێنەکانی بەکارهێنان و بارەکانی چێژوەرگرتن.

٥. تەڵاق یان جیابووونەوەی کاتی و بەردەوام لە نێوان باوان و، سپاردنی سەرپەرشتی تاکەکانی خێزان بە کەسان و دەزگای تر. "لۆباوڤی" لە ساڵی (١٩٨٦) دا بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجامی داوە، تێگەیشت کە ئەو نەوجەوانانەی کە خێزانەکانیان تووشی

کێشمەکێشن، ئەگەری تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان زیاترە لە لایان. توێژینەوەیەك کە لە ساڵی (١٩٩٦) لە شاری (بیرجەند) سەبارەت بە تەڵاق ئەنجامدراوە، ئەوە پێشان دەدات کە ناوەندی ژمارەیی خەمباربوون لە ناو نەوجەوانانی خێزانە لێکترازاوەکان لە خێزانە ئاساییەکان زیاترە؛ بۆیە ئەوان زیاتر تووشی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان دەبن.

٦. نەبوونی باوەڕ و پابەندبوونی ئایینی لە ناو خێزان و گرنگیدان بە شتە مادديیەکان. هەروەها چاودێری نەکردنی لایەنەکانی داوێنپاکی و خۆپارێزی گشتی، سستی و پابەندنەبوونی ئەندامانی خێزان بە تایبەت باوان بە بەها مەعنەوی، ئەخلاقی و بیروباوەڕە ئایینییەکان.

٧. جیاکاریی لە نێوان منداڵان لە پێشوازیکردن لە داخوازییەکانیان.

٨. لە بەرچاو نەگرتنی گرنگی و پێویستی دروستکردنی پەیوەندیی داهێنەرانە بۆ هێنانەدی خۆشەویستی، سۆز، دڵنیایی، بەشداری و هاوکاریی دوو لایەنە.

٩. ناهاوسەنگی لە پەروەردەکردنی لایەنەکانی سۆزی منداڵان و لاوازی و کەمی ئاستی سۆز و خۆشەویستی نێوان منداڵان و باوان. نەبوونی هاودڵی و هاودەردی و تین و گەرما لە پەیوەندییەکان، هەروەها بە پێچەوانەوە زێدەڕۆیی لە میهرەبانی و کەمتەرخەمی لە ئەمر و نەهی و چاوپۆشی و نەبوونی سەکۆنەکەرەکان (تەنبیهات).

١٠. سەڵتبوون و ژنەهێنان. ژنهێنان و پێکهێنانی خێزان خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی هەردوو لا و قبووڵکردنی بەرپرسیاریەتی خێزانی و پابەندی کۆمەڵایەتیی زیاتر لە ناو کۆمەڵگەدا. ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوانەی خێزاندارن، کەمتر تووشی مادده هۆشبەرەکان دەبن و پابەندی ئەخلاقییان زیاترە.

١١. هەڕەشە خستنە سەر ئارامی و هێمنی منداڵان لە ناو خێزان؛ وەك دەرکردن، توندوتیژی بەکارهێنان، توندڕەوی بێ بنەما، لۆمە و سەرکۆنەکردنی بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر، پەلەکردن لە بڕیاردان و یەکلاییکردنەوە و ناولێنانی خراپ لە سەر منداڵان و شکاندنیان؛ وەکوو ئەو توێژینەوەیە کە لە "سعودی" کراوە، کە دەڵێت: ڕێژەی (١٤%) تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان لەبەر توندوتیژی دایك و باوك لەگەڵیان پەنایان بردووەتە بەر مادده هۆشبەرەکان.

١٢. داخوازییە نابەجێیەکانی باوان لە ڕاستکردنەوەی خواستەکان و چاوەڕوانییەکانی منداڵانیان و بە پێچەوانەوە و شلگیری بەرانبەر هێنانەدی خۆشگوزەرانییە تەندروست و داهێنەرانەکان.

١٣. نەخوێندەواری دایك و باوك؛ بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە لە ساڵی (١٩٨٨) لە سەرتاسەری ئێران لە نێوان قوتابیان ئەنجامدراوە، نەخوێندەواریی دایکان و باوکان هۆیەکی گرنگی لادانی قوتابیان بووە. لێکۆڵینەوەیەکی تر نیشان دەدات، کە دایك و باوکی زۆربەی خووگرتووان نەخوێندەوار بوونە: باوکیان (٦٤%)، دایکیان (٨٣%)، خودی خووگرتووانیش (٥١%)، هاوسەرانیشیان (٤٠%) نەخوێندەوارن.

١٤. زۆریی منداڵ و خراپ پەروەردەکردنیان لە سەر بنەمای پەیوەندیی ناتەندروست و تێکدەر و تاکڕەوانە، یان ئازادیی لەڕادەبەدەر، یان ناچوونییەکی لە پاداشت و سزا بەپێی کردەوەکانیان و دژبەیەکبوون لە شێوازەکانی پەروەردەی باوان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ منداڵەکانیان.

١٥. نەبوونی کۆنترۆڵ و چاودێری لەسەر منداڵان و، پەنابردنی منداڵان بەرەو گرووپی هاوتەمەنەکان و هاودەمە لادەرەکان و ڕووخێنەرەکان.

١٦. هەژاری و خۆشگوزەرانییە ئابوورییەکانی خێزان. تاکەکان لە خێزانە هەژارەکاندا تووشی گرفت وکێشەی جۆراوجۆرن. هەستکردن بە بێبەشکردنی تاك لە خێزانە هەژارەکاندا، لە بەرانبەر گرفت و کێشەکانی هەژارییدا تاك زیاتر تووشی لادان و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەکات. گرفتی ئابووریی خێزان تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە کار و پیشەی باوکەوە هەیە. ئەو باوکەی کە بارودۆخێکی کاری نەگونجاوی هەیە، بەردەوام لە ژیانیدا شپرزە، نیگەران، ڕەشبینە و لە ڕووی ڕەفتاریشەوە ئاسایی نییە، بارودۆخێك دروست دەکات و دەبێتە هۆی شپرزەیی منداڵان، تووڕەیی، شەڕەنگێزی و گۆشەگیری، خاوەن هەستی بێڕێزی، تووشی ململانێی سۆزداری، تێکدان، تۆڵەسەندن، ڕقئەستووری، دڵناسکە و ئامادەیە لە ماڵەوە ڕا بکات و دەست بداتە لادانەکانەکانی دزی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە کڕیارانی مادده هۆشبەرەکان کەسانی دەوڵەمەندن و، لە خێزانە دەوڵەمەند و

سەرمایەدارەکانن، بە هۆی زۆری کارکردن یان سەرگەرمی و سەرقاڵییان، پەیوەندییەکانیان لاواز دەبێت؛ ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ڕووکردنە مادده هۆشبەرەکان. هەروەها ئەوانەی خاوەن دەرامەتێکی زۆرن، زەمینەیەکی لەباریان هەیە بۆ بەشداریکردن لە یانەکانی شەوانە، یان ڕابواردنی جۆربەجۆر و پەیوەندیکردن بە چەندین کەسی تایبەت و، بەکارهێنان و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان([٤٠])."

هەروەها (ئەیوب ئەسعەد شێخانی)، هۆکارەکانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات:

باوەڕ بەخۆنەبوون

هاوڕێی خراپ

خراپیی باری کۆمەڵایەتی

کەمدەرامەتی و خراپیی پەروەردەی خێزان

کەمیی ئاستی زانیاری

بێکاری و بێ پلانی

هەروەها نەخۆشیی دەروونی و خۆشاردنەوە، یان ڕاکردن لە چارەسەرکردنی کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەکان، هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی لە کاتی پەروەردەکردن یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان([٤١]).»

**چوارەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی- ژینگەیی:** یەکێکی دیکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبوونی تاکەکان بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی- ژینگەیی دەگەڕێتەوە، واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەدەست کۆمەڵێك کێشە و گرفتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزری و زانستییەوە دەناڵێنێت و ژینگەیەکی لەباری نییە بۆ ژیانێکی سەلامەت و سروشتی، ئەگەری بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان تیایدا زۆرترە.

([٤٠]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

([٤١]) موقع الحنان، https://alhaan-mag.com/١٨٦٨٢١/٢٠٢٢/١١/٠٢/، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە دۆخێکی مەترسیداردایە، منى محمود، نوفمبر ٢, ٢٠٢٢.

له ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، پێکهاتەی کەلتووری-کۆمەڵایەتی له پەرەپێدانی ئالوودەبوون له کۆمەڵگەدا شایانی گرنگیپێدانن. له ڕوانگەی تیۆری کردارگەرایی (Functionalism)، کاتێک کە نۆرم (بەها/هنجار)ە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەبن، حەزی تاکەکان بۆ ئەو مادده هۆشبەرانه زیاتر دەبێت. بە ئاڵۆزتربوونی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی خێراتر، بەهاکان و نۆرمه کۆمەڵایەتییەکان ناڕوونتر دەبن و دەگاتە ئاستی بێبەهابوون. نەگونجاویی نۆرم، له گرنگترین هۆکارەکانی لاوازبوونی بەهاکانه. سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی تەندروستی سەبارەت بە مەترسی و زیانەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بە هۆی بانگەشەی بەرهەمهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، پێکدادانی پێکهاتەیی دەردەکەوێت و تاکەکان بەرەو کێشانی ئەم ماددانه ڕادەکێشێت. بێبەهایی و بەڕەڵایی تاکەکەسیش هۆکارێکی دیکەیە، کە هەلێکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی مرۆڤ بەرەو ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر دەڕەخسێنێت. لێکهەڵوەشاوەیی پێکهاتەی خێزانەکان بە هۆی جیابوونەوەی دایکان و باوکان، جیابوونەوە لە هاوڕێیان بە هۆکاری شوێن گواستنەوە و کۆچکردن و لەم نموونانە، مرۆڤ لە بەرانبەر ماددەی هۆشبەر لاوازتر دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، لاوازبوونی هاوڕایی گشتی سەبارەت بە بەها پەسەندکراوە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگترین هۆکارە کە مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر مادده هۆشبەرەکان([٤٢]).

هۆکارە کۆمەڵایەتی- ژینگەییەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان زیاتر ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

**زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان:** ساڵ بە ساڵ ژمارەی دانیشتووانی جیهان زیاد دەبێت و حاڵی حازر (٨) ملیار کەسی تێپەڕاندووە. ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا ژمارەی دانیشتووانی جیهان ملیۆنێک کەسی تێپەڕ نەدەکرد، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمیشدا ژمارەکە گەیشتە ملیارێک کەس، لە نێوەڕاستی سەدەی رابردووشدا ژمارەی دانیشتووانی جیهان گەیشتە ٣ ملیار.

---

([٤٢]) دانایی، نسرین (١٣٩٤). فصلنامه اعتیاد پژوهی سوءمصرف مواد. سال نهم، شماره سی و ششم. ص ٣٥-٣٤.

له نێوەڕاستی ئەم سەدەیەش، پێشبینی دەکرێت منداڵ و نەوەکانمان له جیهانێکدا بژین که ژمارەی دانیشتووانی له ١٠ ملیار کەس زیاتره. ستیڤن ئیمۆت، لێکۆڵینڤان له بواری دیمۆگرافیا له زانکۆی ئۆکسفۆرد دەڵێت، ئەمه وەکوو:"بۆمبێکی زەبه لًح" وایه له جیهانێکدا که ئارەزووەکانی بێسنوور کراوەن بۆ سەرچاوەکانی، که به خێرایی له کەمبوونەوەدان و سروشتەکەی ڕووبەڕووی گوشارێکی بێوێنه دەبێتەوه که هەڕەشه له گەشەسەندنی بەردەوامی دەکات له ماوەی داهاتوودا.

ئێستا ژمارەی دانیشتووانی هیندستان لەگەڵ هەموو ڕۆژهەڵاتێکدا ٦٧ هەزار و ٣٨٥ کەس زیاد دەکات، له هەموو ڕۆژئاوابووتێکیشدا ملیۆنان منداڵ له وڵاته هەژارەکاندا به برسییەتی سەر دەخەنه سەر سەرین، برسییەتییەک که ٨٢٨ ملیۆن کەس له جیهان پێوەی دەناڵێنن که نزیکەی ١٠٪ی کۆی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنن.

ژمارەی دانیشتووانی جیهان له نێوەڕاستی مانگی ڕابردوودا گەیشته ٨ ملیار کەس، واته سێ هێندەی ئەو ژمارەیەی له نێوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا هەبوو، ئەمەش به گوێرەی ڕاپۆرتێکی سندوقی نەتەوه یەکگرتووەکان بۆ چالاکییەکانی دانیشتووان.

ڕاپۆرتەکه پێشبینی دەکات له ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتووانی جیهان بگاته ٩,٧ ملیار کەس و له کۆتایی ئەم سەدەیەش دەگاته ١٠,٥ ملیار کەس. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ که گرووپێک له پسپۆڕانی زانستی دیمۆگرافیی له ژمارەیەک زانکۆی ئەمریکا و بەریتانیا ئامادەیان کردووه و بەم دواییانه گۆڤاری "لانسیت"ی زانستی بڵاوی کردەوه، دەڵێت، له ساڵی ٢٠٧٠ ژمارەی دانیشتووانی جیهان دەگاته لووتکه([٤٣]).

زۆربوون و هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووان له جیهاندا به شێوەیەکی ناسروشتی، کۆمەڵێك لێکەوتەی خراپی هەیه لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکان، وەك بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و هەژاری و برسێتی و نەخوێندەواری و بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و...هیتر.

---

( [٤٣]) ماڵپەڕی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/world/٠١٠١٢٠٢٣٣، ٢٠٢٣جیهان لەبەردەم تەقینەوەی دانیشتوواندایه و هۆشداریی برسییەتی دەدرێت، نوێنەر فاتیح، ٢٠٢٣/١/١.

چونکە لە ڕووی ژیان و گوزەران و کار و خوێندن و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانەوە فشارێکی زیاتر بۆ سەر تاکەکان دروست دەکات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە.

تەقینەوەی دانیشتوان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کێشە و دژواریی جۆراجۆر دروست دەکات، کە بە جۆرێك دەبێتە هۆی زیاد بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. کاتێك دانیشتوان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە ماوەیەکی کورتدا زیاد دەبێت، بێگومان تواناکانی کۆمەڵگە لە دابینکردنی پێویستییەکانیان کەم دەبێتەوە و تاکەکانیش کەمتر دەستیان دەگاتە خزمەتگوزارییەکان؛ وەکوو: خوێندن، کار، تەندروستی، نیشتەجێبوون، سەرگەرمی و پڕکردنی کاتی دەستبەتاڵی و هتد. پەیدابوونی پێویستییەکان و تێرنەکردنیان، کەسەکە تووشی سەرلێشێوان و بێبەشی دەکات و، ئەمەش دەتوانێت زەمینەسازی خووگرتن و تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان بێت. لە لایەکی ترەوە زیادبوونی دانیشتوان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەرنامەڕێژنەکراو بەدرێژایی کات دەبێتە هۆی زیادبوونی بێکاری، هەژاری و نایەکسانی، کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شارەکان و پەراوێزنشینی، تەڵاق و فەحشا و لادانە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەر کامیان دەتوانێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەخۆ کاریگەر بێت لە تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان؛ چونکە تاك بە نیسبەت بە ئایندە نیگەران و نائومید دەبێت و ئەوەش خۆی لەخۆدا دەبێتە هۆی کێشەی دەروونی و لەپێناو ڕاکردن لە سترێس و فشاری ژیان و لە بیرکردنی خەم و خەفەتی ئایندە، پەنا دەبنە مادده هۆشبەرەکان(٤٤).

**بێکاری:** نەبوونی کار و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری لە کوردستان و عێراق و جیهان، بەتایبەتی لە ناو چینی گەنجەکاندا، هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانە، چونکە گەنجەکان لەبری ئەوەی ڕۆژانە خەریکی کار و کەسابەت و ژیانی ئاسایی خۆیان بن، کەچی لە سایەی بێکاری، لە کۆچە و کۆڵانەکان و یانەکانی شەوانە و کافیتریا و قومارخانەکان دەسووڕێنەوە و لەگەڵ کەسانی نامۆ و لاڕێ و گومڕا پەیوەندیی هاوڕێیەتی

(٤٤) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤.

دروست دەکەن و لەو ڕێگەیەوە فێری بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبن و پێیەوە ئالوودە دەبن.

بەدەر لەو هەموو تەنگژانەی دەوری عێراق و خەڵکی ئەو وڵاتەیان داوە، واتە تەنگژە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەناهی و هیتریش، خەریکە ماددەی هۆشبەر وەك بکوژێکی بێ دەنگ هەڕەشە دەخاتە سەر هەموو شار و گەڕەك و ماڵ و تاکێکەوە، بەتایبەتی گەنجان، کە بەهۆی بێکاری و بێویژدانی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان، ڕۆژانە دەیانیان دەبنە ئالوودە و لەپێناو دەستخستن و پەیداکردنی پارە بۆ کڕینی، تاوانی نامۆ ئەنجام دەدەن[٤٥].

ڕێژەی بێکاری لە عێراق بریتییە لە (٣٠٫٢%) بۆ پیاوانی سەرووی ١٥ ساڵ، (١٦%) بۆ کچانی سەرووی ١٥ ساڵ؛ واتە (٤٦٫٢%)ی عێراقییەکان بێکارن کە زۆربەی هەرە زۆریان توێژی گەنجان و ئەوانەن کە تازە خوێندنیان تەواو کردووە. (بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕووپێوە کۆمەڵایەتییەی کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بە هاوکاری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی عێراقی ئەنجامدراوە)[٤٦].

م.د . (اسراء كامل احمد الدليمي)، یەکێك لە هۆکارە کاریگەرەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق بۆ خراپی ڕەوشی ئابووری و بێکاری گەنجان دەگەڕێنێتەوە و لەمبارەیەوە دەڵێت: "هۆکارە ئابوورییەکان بەهۆی بەربڵاوی بێکاری لە نێو گەنجان و فشارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی نەتوانینی گەنجان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان[٤٧]."

بێکاری و بڵاوبوونەوەی فیلمی خراپ لە نێوان گەنجاندا هۆیەکی سەرەکییە بۆ فێربوونیان لەسەر مادده هۆشبەرەکان[٤٨].

---

(٤٥) ماڵپەڕی وشە، https://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=١٤٤٨٤٥&Jor=٤، ماددەی هۆشبەر عێراق دەتەنێت.. کێ بەرپرسیارە؟ مەحموود ئیسماعیل، ٢٠٢٣/٠١/٠٩ .

(٤٦) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

(٤٧) موقع كلية العلوم، https://www.uoanbar.edu.iq/ScienceCollege/News_Details.php?ID=٦٣٩،انتشار ظاهرة المخدرات في العراق، م.د . اسراء كامل احمد الدليمي دكتور مدرس في كلية العلوم / جامعة الانبار، ٢٠٢٢-٠٣-٣٠.

(٤٨) ماڵپەڕی زانکۆلاین، https://www.facebook.com/Zankoline/posts ،هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٠.

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٩دا، زیاتر لە ٣٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا وەك ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون، لە ساڵی ٢٠١٨شدا ٢٦٩ ملیۆن کەس وەك ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە مێرمنداڵان و گەنجان زۆرینەی بەکارهێنەران پێکدەهێنن، ئەو وڵاتانەش کە ڕێژەی بێکاریی و شەڕیان تێدایە، خێراتر ماددەی هۆشبەری تێیدا بڵاو دەبێتەوە([٤٩]).

**نەخوێندەواری:** نەخوێندەواری و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری بەشێکی زۆری خەڵك، بەتایبەتی لە ناو جڤاکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، بەتایبەتی لە گەڕەکە هەژار و کەمدرامەتەکان و شوێنە گشتییەکان.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ئێران ئەنجامدراوە، زۆربەی ئەو قوتابییانەی کە ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان بوون، دایك و باوکەکانیان نەخوێندەوار بوون. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: "بەپێی ئەو لێکۆلینەوەی کە لە ساڵی (١٩٨٨) لە سەرتاسەری ئێران لە نێوان قوتابیان ئەنجامدراوە، نەخوێندەواریی دایك و باوکان هۆی گرنگی لادانی قوتابیان بووە. لێکۆلینەوەیەکی تر نیشان دەدات کە زۆربەی خووگرتووان دایك و باوکیان نەخوێندەوار بوونە: باوکیان (٦٤%)، دایکیان (٨٣%)، خودی خووگرتووان (٥١%)، هاوسەرانیان (٤٠%) نەخوێندەوارن([٥٠])."

**هەژاری:** هەژاری و نەداری هۆکارێکی دیکەیە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە دەبنە هۆی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان. هەڵبەت ئەو خێزانانەی کە هەژارن، یان داهاتێکی کەمیان هەیە و داهاتەکەیان بەشی خەرجییەکانیان ناکات، بەردەوام کێشە و گرفتیان هەیە و زۆرجار سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی و ململانێ و لێکترازان و پەرتەوازەبوون، ئەمەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی ئەندامەکانی ئەو ماڵە هەژارانە ڕوو لە ماددە هۆشبەرەکان بکەن و پێیەوە گرفتار بن.

---

([٤٩]) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٦٦٥٨٤ ، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە دۆخێکی مەترسیداردایە، August ٢٤, ٢٠٢١.

([٥٠]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

مامۆستای زانكۆ (ئاشنا بابان)، كێشە كۆمەڵایەتییەكان بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێنێتەوە و لەمبارەیەوە دەڵێت: " زۆربوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و لەم سەردەمەدا كۆمەڵە هۆكارگەلێكی لە پشتە و باوترینی ئەو شتانەن كە لە هەموو كۆمەڵگەكاندا بوونیان هەیە، دەكرێت بڵێین: هەموو كۆمەڵگەكان بە دەست هەموو ئەو كێشە كۆمەڵایەتییانەوە دەناڵێنن، كە كاریگەرییان لەسەر تاك كردووە، وەك: "هەژاری، نەخوێندەواری، بێكاری، كاركردن بە منداڵان، بازرگانیكردن بە ماددە هۆشبەرەكان، وازهێنان لە خوێندن، جێبەجێنەكردنی یاسا وەك پێویست، نەبوونی ڕۆشنبیریی گشتی و بەكارهێنانی بەهەڵەی تەكنەلۆژیا، توندوتیژیی خێزانی، نەبوونی بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردەی تەندروست و چەندانی دی"([٥١])."

تاكەكان لە خێزانە هەژارەكاندا تووشی گرفت وكێشەی جۆراوجۆرن. هەستكردن بە بێبەشكردنی تاك لە خێزانە هەژارەكاندا، لە بەرانبەر گرفت و كێشەكانی هەژارییدا تاك زیاتر تووشی لادان و بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان دەكات. گرفتی ئابووریی خێزان تا ڕادەیەكی زۆر پەیوەندی بە كار و پیشەی باوكەوە هەیە. ئەو باوكەی كە بارودۆخێكی كاری نەگونجاوی هەیە، بەردەوام لە ژیانیدا شپرزە، نیگەران، ڕەشبینە و لە ڕووی ڕەفتاریشەوە ئاسایی نییە، بارودۆخێك دروست دەكات دەبێتە هۆی شپرزەیی منداڵان، تووڕەیی، شەڕەنگێزی و گۆشەگیری، خاوەن هەستی بێڕێزی، تووشی ململانێی سۆزداری، تێكدان، تۆڵەسەندن، ڕقئەستووری، دڵناسكە و ئامادەیە لە ماڵەوە ڕا بكات و دەست بداتە لادانەكانەكانی دزی و بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان. لە لایەكی دیكەوە ژمارەیەكی بەرچاو لە كڕیارانی ماددە هۆشبەرەكان كەسانی دەوڵەمەندن و، لە خێزانە دەوڵەمەند و سەرمایەدارەكانن، بە هۆی زۆری كاركردن یان سەرگەرمی و سەرقاڵییان، پەیوەندییەكانیان لاواز دەبێت؛ ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆكارێكی یارمەتیدەرە بۆ ڕووكردنە ماددە هۆشبەرەكان. هەروەها ئەوانەی خاوەن دەرامەتێكی زۆرن، زەمینەیەكی لەباریان هەیە

---

([٥١]) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://www.gulanmedia.com/so/story/٣٠٢٢٨٤ ، زۆربوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكان، ئاشتەوایی كۆمەڵگەی كوردی خستووەتە ژێر پرسیار، ئاشنا بابان مامۆستای زانكۆ، May ٢٠, ٢٠٢٣.

بۆ بەشداریکردن لە یانەکانی شەوانە، یان ڕابواردنی جۆربەجۆر و پەیوەندیکردن بە چەندین کەسی تایبەت و، بەکارهێنان و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان([٥٢]).

**هاوڕێی خراپ:** یەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی لە ناو چینی گەنج و هەرزەکاردا بۆ هاوڕێی خراپ دەگەڕێتەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە لەم بوارەدا کراون، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیان سەلماندووە کە هاوڕێی خراپ یەکێکە لە هۆکارە باوەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و گرفتاربوون پێیەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە، لە تەوەری "قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە"، هەموو ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، باس لە ڕۆڵی خراپی هاوڕێی خراپ دەکەن، کە هۆکار بوون بۆ ئالوودەبوونیان.

**کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار:** یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، کۆچکردنی بەلێشاوی خەڵکە لە گوندەوە بۆ شار، چونکە ژیان و گوزەران و تایبەتمەندیی گوند و شار جیاوازییەکی زۆریان هەیە، ژیان لە گوندەکانی کوردستان زیاتر لەسەر بناغەی هاوکاری و هەرەوەزی و زبارە و کاری بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی بەڕێوە دەچێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تۆکمە و لەوپەڕی بەهێزیدان و ڕۆحی هاوکاری و یارمەتیی لەوپەڕی بەهێزیدایە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، زۆربەی گوندەکان کافتیریا و چایخانەی و یانەکانی شەوانە و شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەیان نییە و خەڵك زیاتر لە ڕێی ماڵانەوە یەکتری دەبینن و سەردانی یەکتری دەکەن.

بەڵام ئەم ڕەوشەی لە گوند هەیە، لە شار پێچەوانەیە، واتە لە شار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازن، چینەکانی ناوشار جۆراوجۆرن، بە دەیان یانە و کافیتریا و چاپخانە و شوێنی حەوانەوە و پارك و ...هیتر لێیە، ئەمەش وا دەکات کە دەرفەتی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکالن زیاتر بێت.

---

([٥٢]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

سەرەڕای ئەم هۆکارانە، دکتۆر فائیز ئیبراهیم، باس لە چەندین هۆکارێکی دیکەش دەکات، کە ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوانەی لە گوندەکانەوە کۆچ دەکەن بۆ شارەکان، کە گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان ببن، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: "کۆچکردووانی گوند لە پەراوێزی شارەکان ــ لە بەر نەبوونی خانوو و نەبوونی توانایی کرێی خانوو ــ نیشتەجێ دەبن و بێبەش دەبن لە کار و داهاتی گونجاو. ئەوان لە بەر بێکارییەکی بێسنوور کە تووشیان دەبێت، ناچار دەبن ڕوو بکەنە هەندێك کاری تایبەت، وەکوو: ڕۆژنامەفرۆشی و دەستفرۆشی و بۆیاغچی لە گەڕەکەکان کە وردە وردە دەست بە کارە نایاسایی و خراپەکارییەکانی وەك قاچاغیکردن بە مادده هۆشبەرەکان دەکەن، کە لە ئەنجامدا، ئەو شوێنانە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوە و دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان. لە لایەکی ترەوە کۆچکردوان و پەراوێزنیشینان لەبەر نەگونجانیان لەگەڵ شێوازی ژیانی شار، لەبەر جیاوازیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لاوازیی پابەندیی ئایینی و نەتەوەیی و دابڕانیان لە کەلتووری ڕابردوویان، تووشی ونکردنی ناسنامەیان دەبن، کە زەمینەیەکە بۆ سەرهەڵدانی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان و داوێنپیسی(٥٣)".

ڕۆژنامە عێراقییەکان لە زاری کاربەدەستانی وڵاتەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە گرفتی مادده هۆشبەرەکان زۆر گەورەیە، بەشێوەیەك کە لە بەشێك لە شارەکاندا ٤٠% گەنجەکان بەکارهێنەر، یان بازرگانی بە ماددەکەوە دەکەن و لەو ژمارەیەش نزیکەی ٩٠% یان بەتایبەتی بەکارهێنەران ئەو کەسانەن کە بێکارن(٥٤).

**کۆچکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە:** ژینگەی هەر وڵاتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی کەلچەر و دابونەریت و پێکهاتەی دانیشتووان و ئاستی زانستی خەڵك و وشیاری تاك و کێشە و قەیرانە جۆراوجۆرەکان و...هیتر. هەموو ئەمانەش کاریگەریی

(٥٣) هەمان سەرچاوە. ل ٢٠٤

(٥٤) ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان، https://www.regaykurdistan.com/index.php/hewal/kwrdstany/b-karh-nan-w-bazrganykrdn-b-mad-y-h-shb-r-tad-t-zyatr-d-b-t،بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر تادێت زیاتر دەبێت، ٢٤ ئایار ٢٠٢٣.

باش یان خراپیان هەیە لەسەر کەسانی پەنابەر، کاتێك بۆ خوێندن یان کارکردن یان بە هۆی دۆخی سیاسی پەنا بۆ ئەو وڵاتە دەبەن.

یەکێك لە خاڵە نەرێنییەکانی ئاوارەبوون و بوون بە پەنابەر لە وڵاتێکی دیکە، ئەوەیە زۆرجار پەنابەرەکان بە هۆی گۆڕینی ژینگەکەیان و لەبەر کار و خوێندن و ئاوێتەبوونیان لە ناو خەڵکی ئەو وڵاتە، دووچاری هەندێ کێشە و گرفت دەبن و بەلاڕێدا دەچن و گرفتار دەبن، یەکێك لەو کێشە و گرفتانە، ئالوودەبوونیان بە مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنی مادده هۆشبەرەکانن، یاخود بە ڕێژەیەکی زۆ ر بەکاری دەهێنن و ئاستی ڕۆشنبیریشیان نزمە!

ئەگەر وڵاتی ئێران بە نموونە وەربگرین، کە دراوسامانە، تا ساڵی ١٩٧٥ هیچ کوردێکی باشووری کوردستان ئالوودە نەبووبوو بە مادده هۆشبەرەکان، بەڵام دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کورد بۆ ئێران و دابەشبوونیان بەسەر گوند و شار و شارۆچکەکانیاندا، هەروەها مانەوەیان لە ناو ئەو وڵاتەدا بۆ زیاتر لە (١٥-٢٠) ساڵ، هەروەها کارکردنیان و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە و دروستکردنی پەیوەندیی خزمایەتی، بە هۆی ژن و ژنخوازییەوە، وایکرد کە کۆمەڵێك لە کوردەکانی باشووری کوردستان ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان ببن و بەدەست ئەو کێشەیەوە بناڵێنن، کە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، کاریگەرییە خراپەکانی بەسەر ئەو کەسانە و خێزان و کۆمەڵگەکەمان دا هێشتا ماوە.

بەپێی ئەو توێژینەوەی کە دکتۆر فائیز لەمبارەیەوە ئەنجامی داوە، هاتووە: "کۆچکردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بە هۆی بەرجەستەتربوونی دژایەتی کەلتووری، جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی، جیاکاری لە مافەکانی پەنابەرانی کۆچکردوو، کێشەکانیان زیاترە لە کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شارەکان. کۆچکردووان بە هیوا و ئاواتێکی خەیاڵی بۆ وڵاتێك کۆچ دەکەن، کەچی بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی هەندێ ڕاستی دەبنەوە، کە ناتوانن تەحەمول بکەن. بۆیە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن و زیاتر لە خەڵکانی تر دەکەونە ڕاوی مادده هۆشبەرەکان و قاچاغچییەکان.

ناوبراو دەڵێت: "ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەشم ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ((شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو))ی هەر هەموویان واتە (١٠٠%) ی هەموو خووگرتووەکانی بەندکراو لە شارە گەورەکانی وڵاتی ئێران بووە، بە حوکمی ئەوەی گشتیان پەنابەری ئێران بوونە و لەساڵانی ڕابردوودا بۆ خاکی کوردستان گەڕاوەنەتەوە، کە زۆرترین ڕێژە واتە (٣٠%) لە شاری ئەصفەهان، (٢٠%) لە شاری شیراز و ورمێ، (١٠%) لە شارەکانی جەهرومم و سەردەشت و شنۆ بووە. دەشزانین کە شارەکانی ئێران هەموو جۆر ماددەی هۆشبەر بە دەست دەکەوێت؛ بۆیە هۆکاری جوگرافی یەکێك لە هۆکارەکانی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان دادەنرێت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئێرانی کۆکە، کە ڕێژەی (٨٩. ٦%)ی تووشبووان لە شارە گەورەکانی ئێران نیشتەجێ بوونە.

هەروەها ئەگەر بێتو سەیری ((ساڵی گەڕانەوەیان)) بکەین (واتە لە ئێرانەوە بۆ کوردستان)، یەکەم وەجبەی گەڕانەوەی پەنابەرانی کورد لە وولێتی ئێران بۆ خاکی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) دەستپێکرا، کە ئەم پرۆسەیە تا ئێستاش بەردەوامە کە زۆرترین ڕێژەی گەڕانەوەی تاکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٥) کە بریتییە لە (٣٠%)، هەروەها ڕێژەی (٢٠%) بۆ ساڵانی (٢٠٠٠ و ٢٠٠٤) بووە و، ڕێژەی (١٠%)یش بۆ هەر یەك لە ساڵانی (٢٠٠٣ و٢٠٠٧ و ٢٠٠٩) بووە؛ کەواتە هیچ کەس لەوانەی کە زووتر لە ساڵی (٢٠٠٠) گەڕاوەنەتەوە بۆ کوردستان لە ناو خووگرتووەکاندا نابینرێن، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دواکەوتن لە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ کوردستان بۆتە هۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئێرانییەکان و لەدەستدانی ناسنامە و سۆز و وەفا و ئینتیما بۆ نەتەوە و خاك و خزم و کەسوکار، هەروەها وەرگرتنی ڕەفتار و دابونەریتی ئێرانییەکان! (٥٥)."

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە ئاماری ورد و گشتگیر سەبارەت بە ماددە هۆشبەرەکان بڵاودەکاتەوە و بەبەردەوامیش هۆشداری دەدات لەوەی ڕۆژبەڕۆژ بەکارهێنەری ئەو ماددانە لە زیادبووندان. لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانخاتە لیستی ئەوانەی بە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری سەرەکیی ماددە

(٥٥) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد ، ل٢٠٥.

هۆشبەرەکان دادەندرێن،: بەرازیل و کۆلۆمبیا و ئەفغانستان و مەکسیك و ئێران و میسر و بۆلیڤیا و میانمار و سعودی و پیرۆ و تونس و مەغریبی عەرەبی هەن. هاوکات هەریەك لە سوریا و عێراق بەهۆی هاوسنووربوونیان لەگەڵ ئێران لە ئێستادا وەك ڕێڕەوێك بۆ

(محەمەد میران)یش، سێ هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەخاتە ڕوو، کە یەکێکیان پەیوەندیی بە پەنابەر و گەشتیارانەوە هەیە، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێت: "هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان زۆرن، بەڵام دەتوانین بڵێین چەند هۆکارێکی سەرەکیمان هەیە لەم بابەتە، کە دەکرێت بە کورتی باسی بکەین، لەوانە: بێکاری و بڵاوبوونەوەی فیلمی خراپ لە نێوان گەنجاندا، هۆیەکی سەرەکییە بۆ فێربوونیان لەسەر مادده هۆشبەرەکان.
کێشەی ڕۆژانەی ناو خێزان، تێکچوونی نێوان دایك و باوك و خراپی مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەبێتە هاندەرێك بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.
هاتنی هەندێ خەڵکی بیانی بۆ وڵات لە ڕێگەی گرووپی گەشتیارییەوە[٥٧]."
**بە ئاسان دەستکەوتنی مادده هۆشبەرەکان:** یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، بریتییە لە ئاسان دەستکەوتنی ئەو ماددانە، واتە سەرەڕای دەرچوواندنی کۆمەڵە یاسایەکی توند لە لایەن دەوڵەتانەوە دژ بە بازرگان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری توند بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو ماددانە، بەڵام تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ ڕێژەی تووشبووان لە سەرتاسەری جیهان، تەنانەت لە کوردستانیش لە زیادبووندایە، هۆکارەکانیش زۆرن، یەکێکیان ناوشیاری تاکەکانە، یەکێکی دیکە بۆ ئەو قازانجە زۆرە دەگەڕێتەوە کە بازرگانان دەستیان دەکەوێت لە فرۆشتنیدا، لە ڕووی سیاسیشەوە، هەندێ دەوڵەت وەك چەکێك بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە: لە گوند و شارەکانی

---

[٥٦] ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات، مادده هۆشبەرەکان هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن، https://xebat.net/ku/?p=١١٤٧٠٦. ١٣ی ئایار، ٢٠١٩.

[٥٧] ماڵپەڕی وشە، https://www.wishe.net/dreja.aspx?Jmare=٣٤٤٦١&Jor=٦ ، چۆن چارەسەری کەسی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر دەکرێت؟ محەمەد میران، ١٤:٣٠/٢٠١٧/١٢/١٤.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ماددانە بە ئاسانی دەست دەکەون و بڵاو دەبنەوە و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت، چونکە دەوڵەتی ئێران چاوپۆشی لە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان دەکات و ئاسانکارییان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە دەستی خەڵك بەتایبەتی گەنجەکان.

دکتۆر فائیز ئیبراهیم لەمبارەیەوە دەڵێت: " لە ((ئێران)) دەبینین کە مادەی هۆشبەر لە هەموو شارەکانی دا تاوانکارییەکی گران و سزایەکی گرانیشی هەیە، بەڵام لە ((کوردستانی ئێران))دا جۆرێك لە نەزانی و ئاسانکاری و چاوپۆشین دەبینرێت و ئازادییەکی ئەوتۆ هەیە لە بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتن و بازرگانیکردن بەم جۆرە ماددانەوە، تەنانەت وای لێهاتووە گەنجەکانی کوردی ئێران کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە یەکەمەکانی زانکۆکانی تاران بوون و ناومان لە ناو ڕۆژنامەکانی ئێرانی دەدیت و ڕۆحی نەتەوایەتییان بەهێز بوو، ئێستا تووشی ئەو نەخۆشییە تێکدەر ولاوازکەرە بوونە و لەژێر دیوارەکان و چوارڕێیەکانی سنە و مەهاباد و بۆکان و.. .هیتر بێکار دەسووڕێنەوە و دەجووڵێن و بەدوای ئەم ماددانەدا وێڵن. کاتێ کە سەردانی چەند خووگرتوویەکمان کرد، کە لە ئاسایشی هەولێر گیرا بوون، یەکێك لە وان ئاشکرای کرد کە ئیتلاعات ((اطلاعات))ی ئێران - دەزگایەکی ئەمنییە - ڕایسپاردم کە ((تریاك)) لە ئێرانەوە بۆ کوردستان بهێنم و مانگانە مووچەیەکی دیاریکراوم بدەنێ(٥٨)."

**تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا:** هۆکارێکی دیکە لەو هۆکارە سەرەکی و کاریگەرانەی کە ڕۆڵی هەیە لە بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و ناساندنی بە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بریتییە لە تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و ...هیتر.

---

(٥٨) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد ، ل٢١٢.

دەستەی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ چاودێریکردنی ماددە هۆشبەرەکان، لە ڕاپورتێکیدا، ئاماژە بە زیادبوونی دیاردەی ئەو دەرمانخانانە دەکات، کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ماددە هۆشبەرەکان دەفرۆشن.

هەروەها بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، ئەوەی مەترسییەکی زیاتری دروستکردووە، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ هاندانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، نەخاسمە تویتەر و فەیسبووك([٥٩] ).

بەپێی ئامار و لێکۆڵینەوەیەکی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراقی، کۆمەڵە هۆکارێکی سەرەکی هەن، ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوکردنەوە و ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، لەمبارەیەوە دەڵێت: "هاوڕێی خراپ و تێکەڵاویی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئالوودەی ئەو ماددانە بوون بە ڕێژەی٤٢،٦٦% کاریگەری هەیە لەسەر ئالوودەبوون لەسەر ئەو ماددە هۆشبەرانە، دوای ئەو بارودۆخی خراپی سیاسیی و ئابووریی و دەروونیی و سۆزداریی بەرێژەی ٢٩،١% ، هەروەك ١٧،٧% تەنیا لەبەر خۆشیی و بەسەبردنی کاتەکانی شەونشینییان دەیخۆن .لە لایەکی ترەو کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی عێراقی پێیوایە کە لاوازی چاودێریی خێزان و بەکارهێنانی هەڵەی تەکنەلۆژیا و تەواونەکردنی خوێندن، ئەوە جگە لە هەژاریی و بیکاریی و خراپی ڕەوشی ئابووریی و لاوازی ڕێوشوێنە حکوومییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە هۆکارن بۆ هەڵکشانی زیاتری دیاردەکە([٦٠])."

**پێنجەم: هۆکاری بازرگانی:** یەکێك لە دیارترین و کاریگەرترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ بازرگانیکردن و بەدەستهێنانی قازانجی ماددی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم بازرگانییە قازانج و سوودێکی زۆری هەیە، بۆیە بازرگانە چاوچنۆکەکان پەنا بۆ ئەم جۆرە بازرگانییە نایاسایی و نائەخلاقییە دەبەن، کە دژی هەموو بەها مرۆڤییەکانە و مەترسیدارترین کارە دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێت.

---

([٥٩]) مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ژیانی مرۆڤ (هۆکار و چارەسەر)، محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.

([٦٠]) سایتی ئاشتی، https://ashte.org/index/?p=٨٧١١ ، ڕێژەی ئاڵوودەبوون بەمادده هۆشبەرەکان لە هەرێم زیاد دەکات، ئامادەکردن: ئاکۆ عەبدوڵڵا ئاڵی، ٢١ی ئازاری ٢٠١٩.

"بەپێی دوایین ڕاپۆرتیUN، بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە هەندێك وڵاتدا لە دوو ساڵی ڕابردوودا چوار هێندە زیادیکردووە.
عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەو وڵاتانەیە کە لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئامارەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، ئەمە بەپێی بەڕێوەبەرایەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستیی عێراق.
نەتەوە یەکگرتووەکان هۆکارەکانی هەڵکشانی ئامارەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بۆ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری لە جیهاندا دەگێڕێتەوە، هەروەها زۆربوونی بێکاری و نەبوونی یەکسانی هۆکاری دیکەی پاڵنەرن بۆ بەکارهێنان و بازرگانیکردن پێوەی.
نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە کە ٢٧٥ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا ماددەی هۆشبەریان بەکارهێناوە و لە ساڵی ٢٠١٠ەوە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر سەدا ٢٢ زیادی کردووە.
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ڤیەننا سازکرا، نووسینگەی تاوان و ماددەی هۆشبەری سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان "ڕاپۆرتی جیهانی ماددەی هۆشبەری ٢٠٢١"ی بۆ ڕای گشتیی بڵاوکردەوە.
لە ڕاپۆرتەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٩دا، بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر سەدا ٢٢ زیادی کردووە و لەو ماوەیەشدا، ژمارەی دانیشتوانی جیهان سەدا ١٠ زیادی کردووە. هەروەها هۆشداری دراوە لەبارەی بەرزبوونەوەی بەرچاوی ژمارەی ئەوانەی بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە تووشی نەخۆشی بوون و چاوەڕوانی چارەسەرن، ئەوەیش خراوەتەڕوو کە لە ٢٠١٩دا، ٣٦ ملیۆن کەس بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر بوون.
لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا، ٢٧٥ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا ماددەی هۆشبەریان بەکارهێناوە و بەو هۆیەشەوە نەخۆشی زیادی کردووە و

کەسانێک ڕووبەڕووی کێشەی جددی بوونەتەوە لە نەدۆزینەوەی چارەسەر و لە ٢٠٢٠یشدا لە هەشت کەس، تەنیا یەک کەس توانیویەتی هاوکاری پڕۆفیشناڵانە وەرگرێت.

هاوکات لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەو کێشە تەندروستییانەش کراوە کە بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە دروست دەبن، باس لەوەیش کراوە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا، ١١ ملیۆن کەس لە ڕێگەی دەرزییەوە ماددەی هۆشبەریان بەکارهێناوە، لەوانەیش ١،٤ ملیۆنیان هەڵگری ڤایرۆسیHIV ، پێنج ملیۆن و ٦٠٠ هەزاریان هەڵگری ڤایرۆسی جگەر لە جۆری C-ن.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە بڕی بەرهەمهێنانی کۆکاین کراوە لە جیهان دا و هاتووە؛ "لە ٢٠١٤-٢٠١٩دا، بەرهەمهێنانی کۆکاین گەیشتە دوو هێندە و لە ٢٠١٩دا، تا ئێستا پێشبینی دەکرێت بڕەکەی گەیشتبێتە بەرزترین ئاست، کە هەزار و ٧٨٤ تۆنە."

ئاماژە بەوەکراوە لە ساڵی ٢٠١٩دا ٢٠٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا ڕووەکی "کانابیس" بەکاردەهێنن و دەکاتە %٤ی کۆی دانیشتووانی جیهان، ئەو ژمارەیە لە ساڵی ڕابردوودا بەرزبووەتەوە بۆ ١٨٪ی دانیشتووانی جیهان.

هەر بەپێی ئامارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١٩دا ٢٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا کۆکایینیان بەکارهێناوە، کە دەکاتە ٠,٤٪ی دانیشتووانی جیهان.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاندووە، ژمارەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، زۆرترین ڕێژەش لە ناوچە هەژارنشینەکانە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ڕێژەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە ناو گەنجانی عێراقدا گەیشتووەتە ٥٠٪. ڕاپۆرتەکە دەشڵێت: ڕێژەی ٧٠٪ی ئەوانەی مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن و بازرگانی پێوە دەکەن لە ناوچە هەژارنشینەکانن، ئەو ناوچانەی بێکاریی زۆری تێدایە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان تێیاندا زیاترن.

له لایەکی دیکەوە وەزارەتی تەندروستیی عێراق سەبارەت بە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ژمارەی بەکارهێنەر و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ڕایگەیاندووە، کراوەیی سنوورەکان و نەبوونی چاودێریی توند لە دەروازە و هێڵە ئاسمانییەکان لە عێراقدا، هۆکارن بۆ ئەوە عێراقییەکان بەئاسانی دەستیان بەو ماددانە بگات.

لیوا مازن کامیل، بەڕێوەبەری گشتیی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ڕایگەیاندوە، ڕێژەی ٨٥%ی ئەو مادده هۆشبەرانەی دێنە ناو عێراقەوە، لە لایەن عێراقییەکانەوە بەکاردەهێنرێن.

کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراقیش هۆشداریی توند دەدات لە بڵاوبوونەوەی فراوانی ماددەی هۆشبەر لە عێراقدا و دەڵێت، کێشەی ماددەی هۆشبەر یەکێکە لە ئالنگارییە سەرەکی و مەترسیدارەکان، کە وڵات ڕووبەڕووی بووەتەوە لەم ساڵانەی دواییدا."

کۆمسیۆنەکە باس لەوەش دەکات کە زۆرینەی مادده هۆشبەرەکان لە وڵاتانی دەوروبەرەوە بە ڕێگای نایاسایی دێنە عێراقەوە و لەگەڵ حەبە ئازارشکێن و ڤیتامیناتەکاندا دێن.

کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراق دەشڵێت، ئێستا نزیکەی پێنج هەزار و ٦٠٢ بەندکراو لە عێراقدا بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر هەن، لەو ژمارەیە سێ هەزار و ٨٩٢ کەسیان بازرگانییان بە مادده هۆشبەرەکان کردووە، هەزار و ٤٧٦ کەسیان تەنیا بەکارهێنەر بوون، لە نێویاندا ٣٩ ژن و ٢٣ منداڵی خوار تەمەنی یاسایی هەن.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لە سەرەتای ئەمساڵەوە ١٠ هەزار کەسیان لەسەر بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیر کردووە.

لیوا سەعد مەعن، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە میدیای فەرمی عێراقی ڕاگەیاند، لە ماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا وەزارەتی ناوخۆ بە تۆمەتی کێشان و برەودان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، نزیکەی ١٠ هەزار کەسی دەستگیر کردووە.

ئەو بەڕێوەبەرەی نێو وەزارەتی ناوخۆی عێراق روونی کردەوە، ئەو ژمارە گەورەیە، بەڵگەیە لەسەر کار و چالاکییەکانی دەزگا ئەمنییەکان. هاوکات وەزارەتی ناوخۆش لە هەڵمەتەکانی خۆی بەردەوام دەبێت و پلانیشی هەیە لە ئاییندەیەکی نزیک دا کاریگەریی ڕوونی دەبێت، هەروەها پلانی درێژمەوداشی هەیە، کە ئەوەش بە هاوشانی هەموو لانە حکوومییەکان دەبێت.

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، ماددەی هۆشبەر لە دەرەوە و لە دەروازە سنوورییەکانەوە دەهێنرێنە نێو عێراق، هەوڵە هەواڵگرییەکانیش بەردەوامن بۆ پشتوانیکردن لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش پاسەوانی سنوور، کە هەوڵی گەورە دەدەن و هەوڵەکانی قاچاخچییەتی پووچەڵ دەکەنەوە، هاوکات پشتیان بە هاووڵاتیان و هێڵی گەرمیش بەستووە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ڕابردوودا ٥٥٥ کیلۆگرام و ٧٤٠ گرام ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەستیبەسەردا گیراوە و هەزار و ١٣٣ کەسیش بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون.

لەکاتێکدا بەپێی ئەو ئامارەی تۆڕی میدیایی ئێستا لە سەرچاوەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانەوە دەستیکەوتووە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە ٢٠٠ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر دەستیبەسەرداگیراوە و زیاتر لە ٨٠٠ تۆمەتباریش بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون.

ڕێژەی زیندانیان لە نەجەف بەهۆی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە ١٥٪ و، نزیکەی ٧٥٠ پیاویش هەر لەنەجەف لە دۆسیەی ماددە هۆشبەرەکان زیندانیی کراون، کۆی ڕاگیراوان لەو پرسەدا ٩٠٠ کەسن ، ٨٥٪ یان پیاون و، ١٥٪ یان ئافرەتن، چالاکڤانێک دەڵێت، ئەوانەی لە زیندان دەمێننەوە خەڵکە ئاساییەکەن، چونکە بازرگانەکانی ماددە هۆشبەرەکان خەڵکیان لە پشتە هەرزوو ئازاد دەکرێن.

مادده هۆشبەرەکان لەمساڵدا لە نەجەف زۆر بڵاوبوونەوە، بەڕادەیەک ژمارەی پێوانەییان تێپەڕاندووە و پیاوان و ئافرەتانیش دەکەنە ئامانج، ئامارەکان دەڵێن؛ ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی مادده هۆشبەرەکانەوە لە بەندیخانەکانی نەجەف ڕاگیراون دەگاتە نزیکەی ٩٠٠ ڕاگیراو، ٨٥٪یان پیاون و ١٥٪یان ئافرەتن، هەر ئەمساڵ لە نەجەف دەستبەسەر سەدان کیلۆگرام لە چەند جۆرێکی ماددەی هۆشبەردا گیراوە.

پسپۆڕانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان داوای دەرکردنی یاسای توندتر دەکەن، بۆ سزادانی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان، چونکە بوونەتە هۆی بەرزبوونی ئاستی تاوانکاری.

عەلی عامری، نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گوتی: "توندترکردنی سزاکان و گەڕاندنەوەی سزای لە سێدارەدان پێویستە، چونکە ئەوە ڕێکارێکی ڕێگرە، بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان ئەگەر سزایەکی ڕێگری نەبێت، ئەوە هاندەر دەبێت بۆ تەشەنەکردنی."

گەشەکردنی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان و بوونی بە مافیا کە چەکی سووک و مامناوەند بەکاردەهێنێت، پاڵی بە وەزارەتی ناوخۆوە نا ئەو پرسە ڕادەستی ئاژانسی هەواڵگری بکات، هاوکات هێزێکی پرچەککراوی لێهاتوو بۆ ئەو بەرەنگاربوونەوەیە پێکبهێنێت.

بەپێی ئەو شیکاریانەی کراون، باس لەوە دەکرێت کە لە ساڵی ٢٠٣٠دا، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە سەرانسەری جیهاندا، سەدا ١١ زیاد دەکات، زۆرترین زیادبوونیش بە سەدا ٤٠ لە ئەفریقا دەبێت(٦١)".

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٢٠ بڵاوی کردووەتەوە، ئەفغانستان وەک وڵاتی سەرەکیی چاندنی مادده هۆشبەرەکان و هەناردەکردنی؛ ناو هێنراوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبارەی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، مادده هۆشبەرەکان لە

(٦١) ماڵپەڕی ڕۆژنامەی هەولێر، https://hawlerweb.net/hamarang/٢٠٢١/١٢/٦٩٠٥/ ، لە جیهاندا بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە بەرزبوونەوەدایە،٢٠٢١/١٢/٠٨.

ئەفغانستانەوە بەرەو ئێران ڕەوانە دەکرێن، لە ئێرانەوە بەرەو تورکیا و عێراق دەنێردرێن، عێراق دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، تورکیاش دەبێتە ڕێڕەوی گواستنەوە بۆ ئەوروپا.

تەنانەت لایەنی پەیوەندداری عێراقی و کوردستانیش ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە، مادده هۆشبەرەکان لە ئێرانەوە لە ڕێگەی شارەکانی بەسرە و میسان و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان داخڵی عێراق دەکرێن، لە عێراقیشەوە بۆ وڵاتانی کوێت و سعودی و وڵاتانی دیکەی کەنداوی عەرەبی دەنێردرێن، کارلێکەرە عەقڵییەکانیش لە سنووری سووریاوە هاوردەی عێراق دەکرێن. عێراق پێشتر تەنیا ڕێڕەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام ئێستا بازاڕە بۆ ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و توێژی گەنجان و مێرمنداڵان لە عێراق بوونەتە قوربانیی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر(٦٢).

**شەشەم: هۆکارە یاساییەکان:** لە غیابی نەبوونی یاسا، یان نەبوونی یاسای توند، یاخود جێبەجێنەکردنی یاسا بەسەر ئەو کەسانەدا کە مادده هۆشبەرەکان بڵاو دەکەنەوە و کڕین و فرۆشتنی پێ دەکەن، هۆکارێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کە وا دەکات ئەم کێشەیە تەشەنە بکات و ڕێژەی بەکاربەران زیاد ببێت. بەداخەوە زۆرجاری وا هەبووە بازرگانەکانی مادده هۆشبەرەکان لە دەست یاسا ڕزگاریان بووە، یاخود سزایەکەیان بۆ سووك کراوە، ئەمەش هاندەرێك بووە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش چاویان لێ بکەن و ڕێچکەی ئەوان بگرنەبەر.

هەرچەند لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تا ئێستا بە دەیان یاسا دەرچوێندراون و پەسەند کراون، بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، بەڵام بەداخەوە ڕێژەی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ساڵ بە ساڵ زیاد دەبێت.

دکتۆر (نەژدەت ئاکرەیی)، پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی لەمبارەیەوە دەڵێت: "چەندین ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، هەروەها یاسای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە هەن، گرنگترین ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیش،

(٦٢) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٦١ی نێودەوڵەتییە کە پەیوەستە بە مادده هۆشبەرەکانەوە، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە شێوەیەکی فراوان باس لە مادده هۆشبەرەکان و جۆرەکانیان و دروستکردن و چاندنیان دەکات، هەروەها ئاماژە بە چۆنێتی و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکات لە لایەن دەوڵەتەکان و خودی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەرکی سکرتێری ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە، بەپێی ماددەی(٤)ی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە هەموو جۆرە بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و چاندن و بازرگانی پێ کردن و هەنارده و هاوردەکردنێکی ئەم ماددانە قەدەغە کراون، جگە لەو ماددانەی کە بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن، لە ماددەی (٢٢)ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا باس لە جۆرەکانیان کراوە، بەپێی ماددەی ژمارە(٣٦)ی ڕێککەوتننامەکە، مادده هۆشبەرەکان بە تاوانی ئەنقەست هەژمار دەکرێن و توندترین سزاشیان بۆ دانراوە، سزاکان جیاوازن لە نێوان بەکارهێنەران و ئەوانەی بازرگانییان پێوە دەکەن، بێ گومان بازرگانان سزاکانیان توندترە، تەنانەت لە ماددەی (٣٨)ی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەدا باس لە چۆنێتیی چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ئەم ماددانە دەکات، لەگەڵ ئەرکی دەوڵەتان و هاوکاریی نێوانیان بۆ بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەی ساڵی ١٩٦١ ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو، هەروەها بازرگانانی ئەم ماددانە زۆر زیادی کردبوو، بۆیە بە پێویست زانرا کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧١، ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی پەسند بکات، ئەویش ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی (مادده کارتێکەرە عەقڵییەکان)بوو، واتە ئەو ماددانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر عەقڵ و دەروونی مرۆڤ، ئەمەش تەواوکەری ڕێککەوتننامەی مادده هۆشبەرەکانە، کە بەکارهێنانی ئەو ماددانەی کار لە عەقڵ دەکەن، بە هەموو شێوەیەك قەدەغەن، جگە لەوانەی بۆ مەبەستی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێنرێن، هاوکات سزاشی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە،

واتا جیاوازیی نێوان ئەو ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەی پێشتر لەوەدایە، کە ئەو مادده و دەرمانانە بە چاودێریی پزیشکان بەکاربهێندرێن.

سەرەڕای بوونی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە، بەڵام دیاردەی بوونی مادده هۆشبەرەکان لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هەر تەشەنەی کردووە، فاکتەرەکانی ئەم دیاردەیەش بریتییە لەو ئامێر و ئامرازە پێشکەوتووانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم مادده هۆشبەرانە بە شێوەیەکی خێرا. ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە نزیکەی (٩٠٠) ملیار دۆلار لە مادده هۆشبەرەکان خەرج دەکرێت و ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و قەدەغەکردنی تاوان ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی ئەوانەی ئەو ماددانە بەکاردەهێنن نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن کەس دەبن لە جیهاندا([٦٣]).

توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای زانکۆ دکتۆر فائیز ئیبراهیم لەمبارەیەوە دەڵێت: " هۆکاری یاسایی دەوری زۆرە لە سەرهەڵدانی مادده هۆشبەرەکان؛ وەکوو :نەبوونی یاسای گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوە لە مادده هۆشبەرەکان: (بەرهەمهێنان، کڕین و فرۆشتن، ئامادەکردن، ترانزیت و گواستنەوە، دەلالی و بەکارهێنان.)

لاوازی و کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێ کردنی یاساکان؛ بۆیە ئەو وڵاتانەی کە یاسای توندیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، هاووڵاتیانیان کەمتر تووش دەبن و ئاماری تووشبووانیان زۆر کەمترە؛ چونکە یاسا یەکێکە لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی کۆنترۆڵی ئەندامانی کۆمەڵگە([٦٤])."

**حەوتەم: هۆکارە ئابووری- داراییەکان:** کێشە و گرفتە ئابووری و داراییەکان، هۆکارێکی دیکەن لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە جیهان بە گشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی، کە زیاتر ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

---

([٦٣]) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٧٥٤٦٦، مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی، د.نەژدەت ئاکرەیی د.نەژدەت ئاکرەیی، ١٦ January، ٢٠٢٢.

([٦٤]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد ، ل٢٠٨.

١. **قەیرانی دارایی:** لە هەر وڵاتێك قەیرانی دارایی هەبێت، جۆرێك لە فەوزا و بێسەروبەری ڕووی تێدەكات و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین كێشەی دیكە، وەك هەژاری و بێكاری و دروستبوونی چینایەتی و نادپەروەری و ...هیتر. ئەمەش ڕێ خۆش دەكات بۆ بڵاوبوونەوەی كێشە و گرفتە خێزان و كۆمەڵایەتییەكان، یەكێك لەو كێشانەش، بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەكانە، بەتایبەتی لە ناو چینی گەنجاندا.

ڕێژەی بەكارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بەتایبەتی لە لایەن گەنجانەوە لە بەرزبوونەوەدایە، ئەوەش بە مەترسییەكی گەورە بۆ سەر داهاتووی گەنجان دادەنرێت([٦٥]).

٢. **هەبوونی ژمارەیەكی زۆری قومارخانە و كافیتریا و قاوەخانەكان:** ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی قومارخانە و كافیتریا و قاوەخانەكان لە هەرێمی كوردستان لە زیادبووندایە، ئەمەش هۆكارێكی دیكەیە لەو هۆكارانەی دەبنە هۆی ئالوودەبوونی هەرزەكار و گەنج و لاوەكانمان بە مادده هۆشبەرەكان، چونكە ئەو شوێنانە گوماناوین و زۆرێك لە گەنجەكان لەو ڕێگەیەوە ئالوودە دەبن، بەوپێیەی وەك پێویست چاودێرییان ناكرێت، یاخود بەشێوەیەكی نافەرمی كراونەتەوە و بە پەنهانی كاری خۆیان دەكەن.

بەپێی توێژینەوە ئەنجامدراوەكان: "هەر كاتێک لاوان بێكار بن و كەمتر چاودێری بكرێن، زیاتر حەزیان دەچێتە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان. بێكاری جگە لە نەبوونی داهات، دەبێتە هۆی هەلی زیاد و كاتی دەستبەتاڵیش. كاتێک تاكەكانی كۆمەڵگە بە تایبەتی لاوان كاتی دەستبەتاڵی زیاتریان هەبێت، ئەمر هەلانە ـ بە هۆی نەبوونی پێداویستی و كەلوپەلی پێویست، كە دەرەنجامێكی لاوازی سیستمی ئابووریی كۆمەڵگەیە ـ لە بوارەكانی ڕاست و دروست سوودیان لێ وەرنەگرێت، بۆ بەتاڵكردنەوەی هەڵچوون و پاڵەپەستۆیی دەروونیی خۆیان، بێگومان پەنا بۆ ڕێگای نایاسایی، دژە كۆمەڵایەتی و بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان دەبەن. زۆرجاریش لەبەر بێكاری و پڕكردنەوەی كاتی دەستبەتاڵیی خۆیان

---

(٦٥) ماڵپەڕی گوڵان میدیا،https://gulanmedia.com، ماددەهۆشبەرەكان هەڕەشە لەداهاتووی گەنجان دەكات، June ٢٣, ٢٠١٩،

تووشی قاوەخانەکان و هەندێ برادەری خراپ دەبن، کە بۆ لای تاوان و خراپەکاری و لەوانەش ماددەی هۆشبەریان دەبەن([٦٦])."

3. **چاوچنۆکی کەسانی پارەپەرست:** بەوپێیەی مادده هۆشبەرەکان، سوود و قازانجێکی زۆری تێدایە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی پارە و سامان، بۆیە خەڵکێکی چاوچنۆك و پارەپەرست، پەنای بۆ دەبەن و دەبنە هۆکاری بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەکردنی خەڵك، بەتایبەتی چینی گەنجان و هەرزەکاران لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.
4. **زیادبوونی ڕێژەی هەژاری:** هەژاری و خراپی دۆخی ئابووریی کۆمەڵگە و تاك، هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانە، چونکە لە حاڵەتی زیادبوونی ڕێژەی هەژاری، کێشە و گرفتی خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەبێت.

هۆکارە هاندەرەکان بۆ بەکارهێنانی دەرمان و مادده هۆشبەرەکان لە نەوجەواندا بریتین لە: "توندوتیژی لە تەمەنی منداڵیدا، مامەڵەی خراپی دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیان، نەبوونی هەماهەنگی خێزان، یان خراپی پەیوەندییە خێزانییەکان، کەمیی چاودێری دایك و باوك، هەژاری، بەردەستبوونی ئاسانی مادده هۆشبەرەکان([٦٧])."

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ، ٤٠%ی خەڵکی عێراق لەژێر هێڵی هەژاری دا دەژین ([٦٨]).

5. **زیادبوونی ڕێژەی بێکاری:** زیادبوونی بێکاری و نەبوونی هەلی کار بۆ گەنجان، هۆکارێکی دیکەیە بۆ بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، چونکە لە فەراغی بێکاریدا، ئیدی گەنجان بێکار و ئیش دەسووڕێنەوە و تووشی شوێن و هاوڕێی خراپ دەبن و لەو ڕێگەیەوە ئالوودە دەبن بە مادده هۆشبەرەکان.

---

([٦٦]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل٢١٨.

([٦٧]) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://www.gulanmedia.com/ ، چۆن هەرزەکاران لە مادده هۆشبەرەکان دەپارێزین؟ October ٢٢, ٢٠١٤.

([٦٨]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل٥٦.

هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بۆ چەندین هۆکاری سەرەکیی دەگەڕێنێتەوە، یەکێك لەو هۆکارانە، نەبوونی بێکاری و بێ پلانیی حکوومەتە بۆ گەنجان([٦٩]).

٦. **نەبوونی دادپەروەریی لە داهات و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی:** نەبوونی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی چینایەتی بە هۆی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی داهاتی نیشتمانی و نەبوونی خۆشگوزەرانی، هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانە، بەتایبەتی لە ناو چینی هەژار و کەمدرامەت و گەڕەکە مللی و هەژارنشینەکان دا.

دکتۆر فائیز ئیبراهیم، لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەبوونی نابەرابەری و نایەکسانی، واتە بوونی بەربەست لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان؛ بۆ نموونە: لە ئەمریکا بە هۆی جیاوازی چینایەتی، ڕێژەی مادده هۆشبەرەکان و خووگرەکان لە هەموو وڵاتێک زیاترە. ئەنجامی توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن کە بوونی نایەکسانییەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. ئەو کاتەی داهاتەکان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێن، هەژاران تا دێت هەژارتر و دەوڵەمەندانیش دەوڵەمەنتر دەبن و، جیاوازییە چینایەتییەکان زیاتر دەبێت و کەسانێک کە ناتوانن دژی ئەم نادادپەروەرییانە بوەستنەوە، هەست بە بێبەشبوون دەکەن و، دوورەپەرێز دەبن و زەمینە خۆش دەبێت کە زیاتر ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان بکەن.

هەروەها نەبوونی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی پێویست و گونجاو و تەندروست، شوێنەکانی ڕابواردن و سەرگەرمی و وەرزش بۆ پڕکردنەوەی کاتی دەستبەتاڵی خەڵک بە تایبەتی گەنجەکان، یەکێکە لە هۆکارە کۆمەڵایەتییە هەرە گرنگەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان. هەروەک مرۆڤ پێویستی بە خۆراک و

([٦٩]) گۆڤاری ئایندەناسی، https://www.centerfs.org/drug-threats-in-the-kurdistan-region-and-countermeasures/ ، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرنگاربوونەوەی، هاوکار ڕەفیق ڕەحمان.

پۆشاک هەیە، بە هەمان شێوەش پێویستی بە خۆشگوزەرانی و ئامرازێک هەیە کە ماندوویێتی لێ بەرێتەوە. نەبوونی سەرگەرمیی پێویست و گونجاو بۆ چەندین کاتژمێر یان چەند ڕۆژێک، خۆی لە هۆکارەکانی سازێنەری جۆرەها ناپێوەری و لادانن؛ چونکە بۆ ئەوەی تاک خەریکی شتێک بێت و کاتەکانی بە سەر ببات، بە پێی کات و شوێن هەندێک کار ئەنجام دەدات. لێرەدا ئەگەر کۆمەڵگە بەدەست نەبوونی خۆشگوزەرانی تەندروستەوە بناڵێنت، تاک لەوانەیە ڕوو بکاتە خۆشگوزەرانیی ناتەندروست، وەک خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان؛ هەروەکو لە توێژینەوە ئەنجامدراوەکان دەرکەوتووە کە (٣٨) حاڵەت باسیان لەم بابەتە کردووە سەبارەت بە خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان. بە هەر حاڵ ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە سەرگەرمیی ناتەندروست، مرۆڤ بۆ کاری ناتەندروست ڕادەکێشێت. "فرانسیس دۆگە" دەڵێت: پێم بڵێ کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەیت، تا پێت بڵێم تۆ کێیت و منداڵەکانت چۆن پەروەردە دەکەیت[٧٠]!"

**هەشتەم: هۆکارە ئایینییەکان:** لاوازبوونی پێگەی ئایین لە ناو کۆمەڵگەدا بە گشتی و خێزان بەتایبەتی، وای کردووە کە کۆمەڵگە بەرەوڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی جۆراوجۆر ببێتەوە، بە تایبەتی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، یەکێك لەو کێشانەش گیردەبوون و گرفتاربوون و ئالوودەبوونی ئەو کەسانەیە، کە لە بەها ئایینییەکان دوورکەوتوونەتەوە و پابەند نین بە بیروباوەڕە ئایینییەکان و بەها ڕەوشتی و ئاکارییەکانەوە. هەروەها ڕەچاونەکردنی پرسە ئایینی و ئەخلاقییەکان لە ناو خێزاندا.

دیسان کەمتەرخەمی زانایانی ئایینی، بە هۆی بڵاونەکردنەوەی وشیاری دەربارەی مادده هۆشبەرەکان لە کەناڵەکان و مزگەوتەکان و فێرگە ئایینییەکانەوە، کاریگەرییەکی نەرێنیی هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، چونکە هەمیشە ئایین و مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان هەبووە لە کەمکردنەوەی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دا.

---

(٧٠) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل٢٢١-٢٢٢.

ئەمیل دۆرکایم ـ کۆمەڵناسی فەڕەنسی ـ داکۆکی لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاواز بوونی پێوەر و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و وا دەخاتە ڕوو کەوا لاوازبوونی بەهاکان و نۆرمە کۆمەڵایەتییە کەلتوورییەکان هۆکارن بۆ پەنابردنی تاک بۆ ماددە هۆشبەرەکان.

ناوبراو پێی وایە: "گۆڕانکارییە خێرایەکانی پیشەسازی - ئابووری و بەدوای ئەویشدا گۆڕانکاریی خێرا و بەرفراوانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: شارنشینی، مۆدێرنە، دەرکەوتنی کۆمەڵگەی جەماوەری (Mass society)، لاوازبوونی باوەڕەکان و بەها و نەریتە کەلتووری و ئایینی و نەتەوەیی و نەژادی، شلەژانی بونیادی نەریتی خێزان، هەموویان بوونەتە هۆی گۆڕانی ناسنامەی (Identity) تاکەکان و ڕەفتاری نەریتییان. چەند کۆمەڵگە پێش بکەوێت، ڕادەی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان زیاتر دەبێت؛ بۆ نموونە لە شارە گەورەکان زیاترە وەک لە گوندەکان. هەروەها لەو خێزانانەی کە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی مۆدێرنە و پێکهاتەی کۆن و نەریتی خۆیان لە دەستداوە، یان خەریکە لە دەستی دەدەن، خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان زیاترە(٧١)."

**نۆیەم: هۆکارە سیاسییە- جوگرافییەکان:** لە پاڵ هۆکارەکانی دیکە، هۆکارە سیاسی و جوگرافییەکانیش ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەتایبەتی لە کوردستان، چونکە شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان، هۆکارێکە کە ببێتە هێڵی ترانزێت بۆ گواستنەوە و پەڕاندنەوەی ماددە هۆشبەرەکان، بە هۆی هەبوونی سنوورێکی دوورودرێژ و بەرفراوان لەگەڵ وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی ئەو ماددە هۆشبەرانە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بە ئاسانی ماددە هۆشبەرەکان بگوازنەوە بۆ وڵاتەکەمان و بڵاو بکرێنەوە.

هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە، خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە و دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە، سیاسەتی ئالوودەکردنی کوردەکان بە ماددە هۆشبەرەکان پیادە دەکەن، بەمەبەستی بەلاڕێدابردنیان و تێکدانی کۆمەڵگە و دوورخستنەوەیان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. هەروەها هەبوونی سنوورێکی

---

(٧١) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل ١٢٣.

بەرفراوان بەدرێژایی سەدان کیلۆمەتر، وایکردووە، کە بەئاسانی کۆنترۆڵ نەکرێت و کێشە بۆ  هاووڵاتیان و ئاسایشی کوردستان دروست بکرێت.

دیسان لاوازی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لەپێناو پاراستنی گەل و نیشتمان، هەروەها نەبوونی تەبایی سیاسی و تێوەگلانی هەندێك لایەنی سیاسی هۆکارێکی دیکەیە بۆ بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان.

بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە سنە ژمارەیان زۆرە، لە هەموو شوێنێک هەن، لە پارکەکان و باخە گشتییەکانەوە، تاوەکو بەردەم قوتابخانەکان و سەر شەقامەکان. هیچ هەنگاوێکی جددیش بۆ کۆکردنەوە و پەنادانیان نانرێت. فرۆش و دەستاودەستکردنی مادده هۆشبەرەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاسانترە لە فرۆشی زۆر کەلوپەلی دیکە. ئەمەش گومانی زۆری لەبارەی  گرنگی پێنەدانی حکوومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی جددیی ئەو ماددانە   لای کۆمەڵناسان دروستکردووە. ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانیشدا بە ئاسانی هەموو جۆرە ماددەیەکی هۆشبەر دەستاودەست دەکرێن، ئەوەش بووەتە مەترسی لەسەر گەنجان و مێرمنداڵان، کە بەهۆی خوێندنی ئۆنلاینەوە، زیاتر لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نزیکبوونەوە.

مەجید کەریمی، فەرماندەی پۆلیسی مادده هۆشبەرەکانی ئێران ئاماژە بەوە دەکات "هەفتەی رابردوو تیمێکمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاشکرا و دەستبەسەر کرد، کە خەریکی فرۆشتنی چکلێتی هۆشبەر بوون. ئەم چکلێتانە کە دەیبینن لە پەیجی ئینستاگرام و تێلیگرامدا، ڕێکلامیان بۆ دەکرێت و دەفرۆشرێن. وەکوو دەبینن، لەگەڵ ئەو چکلێتانەی کە لە بازاڕدان هیچ جیاوازییەکیان نییە."

ئامارە نافەرمییەکانی ئێران بە پشتبەستن بە ئاماری فەرمیی ١٠ ساڵ پێش ئێستا، کە ژمارەی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان بە چوار ملیۆن کەس ڕاگەیێندرابوون، ژمارەیان ئێستا بە نزیکەی ١٠ ملیۆن بەکارهێنەر لە نێو کەسانی تەمەن ١٥ بۆ ٦٥ ساڵ مەزەندە دەکەن. بەڵام حکوومەتی ئێران ئەو ئامارە ڕەت دەکاتەوە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ئێستای ڕێکخراوەی خۆشبژێوی، دوو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا هەن، کە لەو ژمارەیە ٦٤ هەزار کەسیان لەسەر شەقامن. پێشبینی دەکرێت یەک ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسی دیکەی بەکارهێنەر و تووشبووی ماددەی هۆشبەر هەبن کە نەناسراوبن.

مەترسیی بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا بە ئاسانی جۆرە کیمیاییەکانیشی لە زۆربەی شارەکان دروست دەکرێت، لە مەترسیی بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرە ڤایرۆسێک زیاترە، لەسەرەخۆ و نادیار بڵاودەبێتەوە و وردە وردە تووشبووانی وا لێ دەکات، هەموو ژیانیان بدۆڕێنن([٧٢]).

ئێران کە چەقی گواستنەوەی ماددە هۆشبەرەکانە لە جیهان، خاوەنی مێژووی ٥٠٠ ساڵەیە لەگەڵ ماددەی هۆشبەری تریاك و لە ئێستاشدا ١٢ ملیۆن دانیشتووی ئەو وڵاتە بە شێوازی کاتی یان هەمیشەیی ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان بوون و تەنیا لە ساڵێکدا دەست بەسەر ٦٠٠ تۆن ماددەی هۆشبەردا گیراوە.

لە نوێترین زانیاریی ناوەندی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێران دەرکەوتووە ٥٠%ی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان ماددەی تریاك و دوای تریاك، ماددەی جۆری گوڵ و کریستاڵ(کراك) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و زۆرینەی کچان و ژنانی ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەری جۆری گوڵ بەکاردەهێنن.

کریستاڵ یان کراك کە لەئێستادا لەشارەکانی سەردەشت و مەهاباد و ورمێ و چەند شارێکی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستدەکرێت و بووەتە دیاردە و دانیشتوانی ئەو بەشە لەکوردستان ئەو دیاردەیە بەدەستی دەسەڵات بۆ گیرۆدەکردنی گەنجان و لاوان بە ماددە هۆشبەرەکان ناودەبەن، چونکە ئەو ناوچانە لە ئامارەکاندا بە بەردەوامی بە

---

([٧٢]) ماڵپەڕی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iran/٢٦١١٢٠٢٠١ ، لە ئێران ماددەی هۆشبەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەشێوەی چکلێتدا دەفرۆشرێت، ٢٦-١١-٢٠٢٠.

پاكترین ناوچەی جوگرافیای ئێران لە قەڵەمدراون، کە کەمترین بازرگانی، یان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانی تێدا بەدی کرابێت(٧٣).

لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ئەفغانستان و ئێران و میسر و تورکیا و پاکستان و دەوڵەتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەو وڵاتانە ئەم ماددانە دەچێندرێن و ئەم بازرگانییەش پەیوەستە بە کاری سیاسییەوە و بە تاوانی ڕێکخراو دادەنرێت، پرووشکی ئەم ماددانە گەیشتووەتە عێراقیش، بەڵام لێرە بەرهەم ناهێندرێن، بەڵکوو وەك دەروازەیەك بۆ تێپەڕبوونی ماددەی هۆشبەر بەکاردێت، کە لە ئەفغانستان و ئێرانەوە بۆ وڵاتانی دیکە ڕەوانە دەکرێن، هەندێ دەوڵەتی دیکەش وەك تورکیا و سووریا و لوبنان وەك دەروازە بۆ ئاودیوکردن و تێپەڕاندنی ئەو ماددانە سوودیان لێ وەردەگیرێت و لە هەمان کاتیشدا لێشیان دەچێندرێن(٧٤).

کاریگەری زیادبوونی بەکارهێنەرانی ئەم ماددانە لە ناو نەتەوەی کورد زیاترە، بەتایبەت کە خاوەنی کێشەیەکی گەورەی سیاسین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەکرێت دەوڵەتە سەردەستەکان بە سیستماتیک بیانەوێت لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەرەوە، توانستی مرۆیی پاسیف بکەن و، ئیرادەی نەتەوەیی و توانای بەرگری و هۆشیاری نیشتمانی لەناو خەڵک و گەنجانی کورد کزتر بکەن. لەناو ئەم هاوکێشەدا، کردنەوەی ئەم بەرەی جەنگە بە ڕووی هەرێمی کوردستان و پەرەسەندنی مامەڵەکردن بە مادده هۆشبەرەکان، پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندوتۆڵ هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی(٧٥).

---

(٧٣) ماڵپەڕی هاوڵاتی، https://hawlati.co/page_detail?smart-id=٢٩٢٥٧ ، ئێران شارەکانی ڕۆرژهەڵات دەکاتە شوێنی دروستکردنی ماددەی هۆشبەر.

(٧٤) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٧٥٤٦٦ ، مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی، د.نەژدەت ئاکرەیی د.نەژدەت ئاکرەیی، ١٦ January، ٢٠٢٢.

(٧٥) ماڵپەڕی زانکۆی سۆران، https://www.facebook.com/SoranUniversity/photos/a.٨٤٢٩٠٢١٨٩٠٧٥١٢٧/٣٥٣١١٧١٥٥٦٩١٤٨٣٠/?type=٣ ، کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، بەروار زرار شەریف، ٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٠.

# تەوەری چوارەم:

# زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان

# زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان

زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان فرە جۆرن، هەر لە زیانی جەستەیی و هزری و زانستییەوە بگرە، تا دەگاتە زیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و...هیتر. لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان لە هەموو ڕوویەکەوە:

**یەکەم: زیانە جەستەییەکانی مادده هۆشبەرەکان:** یەکێك لە زیانە کوشندەکانی مادده هۆشبەرەکان، زیانی جەستەییە، واتە کەسانی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی جەستەییەوە بەرەوڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفت و نەخۆشی دەبنەوە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین:

١. **برینی گەدە:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی هەوکردنی گەدە، لە ئەنجامدا سکچوونی درێژخایەن دروست دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی برینی گەدە لە ئەنجامی زیادبوونی دەردانی ترش، ئەمەش دەبێتە هۆی خوێنبەربوون لە کۆئەندامی هەرسدا.

٢. **کاڵبوونەوەی بینین:** بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی بینین و دووربینین بە هۆی خاوبوونەوەی سیگناڵە دەمارییەکان بۆ مێشک.

٣. **تووش بوون بە شێرپەنجە:** مادده هۆشبەرەکان هۆکارن بۆ تووش بوون بە جۆرەها شێرپەنجەی جیاواز، لە ئەنجامی هاندانی چالاکیی وەرەمە شێرپەنجەییەکان لە جەستەدا، کە لە ئەنجامی زیادبوونی ژەهرەکانەوە دروست دەبن، لەوانە شێرپەنجەی جگەر، شێرپەنجەی سییەکان، شێرپەنجەی پێست، شێرپەنجەی پەنکریاس و...هیتر.

٤. **جەڵتەی دڵ:** بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی مەین و جەڵتەی دڵ، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام هەست بە ئازاری توندی سنگ دەکەن.

٥. **جەڵتەی مێشک:** جەڵتەی مێشک بەڵگەیە لەسەر کۆتایی هاتنی ئالوودەبووی مادده هۆشبەرەکان، بەو پێیەی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی تێکچوونی خانەکانی مێشک و وەرینی قۆڵۆنی مێشک، ئەمە جگە لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و تەسکبوونەوەی

بۆڕییەکانی خوێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی مەین و بەمەش خوێنبەربوونی مێشک و جەڵتەی مێشک.

٦. **نەخۆشی جگەر:** بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی گەورەبوونی سپڵ و زیادبوونی ڕێژەی ژەهرەکان لە جەستەدا، ئەمەش توانای جگەر لاواز دەکات بۆ ڕزگاربوون لێیان و دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی چەوری لەسەر جگەر و دەبێتە هۆی شکستی کارەکانی.

٧. **زیانگەیاندن بە کارەکانی هەناسەدان:** مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستمی بەرگری لەش و دووبارەبوونەوەی هەوکردنی سییەکان و هەوکردنی بەکتریاکانی هەناسەدان، کە دەبنە هۆی کۆکەی درێژخایەن، لەگەڵ تەنگەنەفەسیدا، کە لە ئەنجامدا بە ڕێژەی ٩٠% زیان بە کارکردنی سییەکان دەگەیەنێت.

٨. **کوێربوون:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی هەوکردنی دەمارەکانی ناو چاو، لە ئەنجامدا بەردەوام سووربوونەوە و خورانی چاو، کە لەوانەیە گەشە بکات بۆ کوێربوون.

٩. **ڕوودانی برینی دەموچاو:** ئەگەر سەیری ڕوخساری ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان بکەیت، دەبینیت پڕە لە برین، ئەمەش بە هۆی خەونی جەستەیی، کە لە ئەنجامی مادده هۆشبەرەکانەوە دروست دەبێت، واتە وا دەکات بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان هەست بکات کە مێروو بە سەر دەموچاویدا دەڕۆن، بۆیە دەخورێنێت، لە ئەنجامی ئەوەش دا دەموچاوی بریندار دەبن.

١٠. **ئایدز و نەخۆشییە درمەکان:** یەکێک لە مەترسیدارترین زیانە جەستەییەکانی مادده هۆشبەرەکان ئەوەیە کە ئالوودەبووەکە لە ئەنجامی پەیوەندیی سێکسی ناپارێزراو لەگەڵ هاوبەشەکانی هەڵگری نەخۆشییەکە، یان تێپەڕاندنی دەرزی لەکاتی خواردنی دەرمانەکەدا تووشی ئایدز و نەخۆشییە درمەکان دەبێت.

١١. **خوێن بەربوونی لووت:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی پچڕانی پەردەی چڵکدار و خوێنبەربوونی لووت، جگە لەمەش، هەستی بۆنکردنیش لەدەست دەدات.

١٢. **لاوازی سێکسی:** هەرچەندە لە نێو مرۆڤەکاندا وا باوە کە پەیوەندیی نێوان مادده هۆشبەرەکان و سێکس پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، گوایە مادده هۆشبەرەکان توانای

سێکسی باشتر دەکەن، بەڵام ئەم باوەڕە بە تەواوی هەڵەیە، بەوپێیەی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆئەندامی زاوزێ و لاوازی توانای سێکسی، ئەمە جگە لە نەبوونی ئارەزووی سێکسی و شکست بۆ گەیشتن بە ئۆرگازم، لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی زێ لە خانمان دا.

**١٣. لەبارچوون لە کاتی دووگیانیدا:** ئەگەر خانمان لە کاتی دووگیانیدا مادده هۆشبەرەکان بەکاربهێنن، دەبێتە هۆی لەبارچوونی کۆرپەلەیان، جگە لەوەش، کۆرپەکە هەر لە زگماکەوە تووشی گرفت و کەمبوونەوەی گەشەکردن دەبێتەوە([٧٦]).

دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)یش، بەمجۆرە ئاماژە بە زیانە جەستەییەکانی مادده هۆشبەرەکان دەکات و بەمشێوەیە پۆلێنی دەکات:

**أ. نەخۆشییە جەستییە مەترسیدارەکان:**

**١. ئایدز:** بەپێی ئامارە جیهانییەکان، تووشبوون بە ماددەی هۆشبەر لە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە، لە ناسراوترین هۆکارەکانە بۆ تووشبوونی تاک بە نەخۆشی ئایدز(HIV) ، کە زیاتر لە (١٠٠) وڵاتی جیهان لە ڕێگەی دەرزییەوە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنرن و لە (٨٠) وڵاتیش ئالوودەبوون بە نەخۆشی ئایدز لە ڕێگەی دەرزی دووبارە بەکارهاتوو ڕاگەیەنراوە. توێژینەوەکانی ئەم دوایە لە "ئۆکرانیا" ئەوە دەردەخەن کە (٨٣%) تووشبووانی ڤایرۆسی ئایدز بە هۆی دووبارە بەکارهێنانی دەرزی لێدانی مادده هۆشبەرەکانەوە بووە لە ناو خووگرتووان دا. لە "هیند"یش (٧%) خەڵکی ( ٣,٧ملیۆن کەس) تووشی نەخۆشی ئایدز بوون، زۆربەی هەرە زۆریان ئەوانەن کە ئالوودەن بە مادده هۆشبەرەکان.

---

([٧٦]) موقع مستشفى التعافى للطب النفسى و علاج الادمان، https://altaafi.com، أضرار المخدرات الجسدية: د. محمد سامح.

له "ئێران" بەپێی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان تا کۆتایی مانگی حەوتی ساڵی (٢٠٠٠)، (٢٢٠٧) کەس تووشی ڤایرۆسی ئایدز بوون، کە (٦٥%) تووشبووانی مادده هۆشبەرەکان بوون.

**٢. هپاتیت یان زەرکی:** ناوەندی کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان ڕایگەیاندووە کە هەر سێ جۆری نەخۆشی زەرکی یان زەردوویی (A وB وC) لە ناو بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان زیاتر بڵاو دەبێتەوە و، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دەرزییە دووبارە بەکارهاتووەکان و لاوازی سیستمی تەندروستی. لە لێکۆڵینەوەکەماندا دەرکەوت کە ڕێژەی (١٣٬٣٣%)ی خووگرتووەکان شێوازی دەرزی لێدانیان لە دەماری دەست بەکار دەهێنا، کە ئەو دەرزییەش لەگەڵ برادەرەکانیان هاوبەش بووە، کە ئەوەش مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشیی ئایدز و زەرکی زیاد دەکات!

**٣. سەرەتان و وەستانی دڵ و مێشک:** نادیاربوونی زۆرێك لە نەخۆشییە مەترسیدارەکان بە هۆی کەمبوونەوەی هەستی ئێش و ئازار لەبەر بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە لە لای خووگرتووان شتێکی باوە. خووگرتووەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە چەندین ساڵە بە بەردەوامی یەکێک لە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، تووشی جۆرەها شێرپەنجە و وەستانی دڵ، یان مێشک دەبن؛ تەنانەت ئەوانەی کە جگەرە دەکێشن، بەپێی ڕاپۆرتی "ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی"، بیست ساڵ زووتر دەمرن.

**ب. نەخۆشییە جەستەییە ئاساییەکان:** بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان، دەتوانم هەموو نەخۆشییە ئاساییەکان کە لە ئاکامی خووپێوەگرتن بە مادده هۆشبەرەکان دروست دەبن، بەمشێوەی خوارەوە دەستەبەندی و خاڵبەندیی بکەم:

**١. نەخۆشییەکانی دەم و ددان:**

•زەرد بوون و ڕزینی ددانەکان

•هەوکردنی دەم و لێو

•کەمبوونەوەی دەردانی ئاوی لیکە ڕژێنەکانی ناو دەم

•نەمانی هەستی تامکردن

•هاتنی بۆنی ناخۆش لە دەم

**٢.نەخۆشییەکانی هەناو:**

•بە مۆمبوونی جەرگ (التشمع فی الکبد). واتە ناتوانێت ئەنزیمی پێویست بڕێژێنێت

•زەردوویی و کەمبوونەوەی ڕژێنەکانی ناو پەنکریاس

•هەوکردن و برینی گەدە و ڕیخۆڵە

•سکچوون و قەبزبوون

•ڕشانەوە و دڵ تێکهەڵاتن

•بێهێزی و لاوازیی لەش و کەمبوونەوەی کێشی جەستە

•سک ئێشان

•بێ ئیشتیهایی و بەدخۆراکی

•تێکچوونی هۆرمۆنەکان

**٣. نەخۆشییەکانی کۆئەندامی گورچیلە و میزەڕۆ:**

•نەزۆکی بۆ پیاو و ئافرەت و لە بارچوون لە ژنان

•کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی

•هەوکردن و ئاوسانی گورچیلەکان و کەموکورتی لە پاڵنانی میز

•سووتانەوەی کۆئەندامی دەرەوەی میز

**٤. نەخۆشییەکانی دڵ و خوێن:**

•تێکچوونی لێدانی دڵ

•گیرانی دەمارەکانی دڵ

•پەستانی خوێن

**٥. نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە:**

•هەوکردنی درێژخایەنی لووت و گەروو

•پژمین و ئاو هاتنە خوارە لە لووت بە بەردەوامی

•برۆنشێتی مزمن

•ئاسم و تەنگەنەفەس

•نەخۆشی سیل و هەوکردنی سییەکان

**٦. نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار:**

•سەرگێژە

•سەرئێشان

• پەرکەم (سەرع)

•فەرامۆشکاری و لە بیرکردن

**٧. نەخۆشییەکانی پێست و مۆ:**

•هەڵوەرینی موویەکانی سەر

•وشکی پێست

•پیربوونی پێست

•خورانی پێست

**٨. نەخۆشییەکانی ئێسک:**

•پووکبوونی ئێسکەکان

•هەوکردنی جومگەکان

•ئێش و ئازاری ئێسکەکان

**٩. نەخۆشییەکانی چاو:**

•هەوکردنی دەماری چاو

• کوێری

•فرمێسکی بەردەوام

•هەستیاری چاو

بە پێی ئامارەکانی پزیشکی یاسایی ئێران، ڕێژەی مردن و گیان لەدەستدان لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی (١٩٩٨) لە هەر مانگێکدا (١٠٠) کەس بووە[٧٧].

**دووەم: زیانە دەروونییەکانی مادده هۆشبەرەکان:** بە هۆی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە، کەسانی ئالوودەبوو بەرەوڕووی کۆمەڵێك کێشە و گرفت و نەخۆشی دەروونی دەبنەوە، کە لە خوارەوەدا ئاماژە بە بەشێکیان دەکەین:

١. **ئالوودەبوونی دەروونی:** کەسانی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان لە ئەنجامی زیادبوونی دەردانی هۆرمۆنە دەمارییەکانی وەک: دۆپامین و ئەدرنالین و سیرۆتۆنین تووشی ئالوودەیی دەروونی دەبن، بەمشێوەیە مێشک بەو ئاستە بەرزەی هۆرمۆنە دەمارییەکان ڕادێت و دەکەوێتە ناو ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە و ئارەزووی بەهێز دروست دەکات بۆ زیادکردنی ژەمەکانی مادده هۆشبەرەکان بۆ بەدەستهێنانی خۆشحاڵی زیاتر، لەگەڵ بێتوانایی لە دژ وەستان، واتە ناتوانێت وازی لێ بهێنێت و دەستبەرداری بێت.

٢. **خەمۆکی:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئالوودەبووەکە بچێتە ناو حاڵەتی خەمۆکی توندەوە، کە ڕەنگە لە ئەنجامی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی سیرۆتۆنین و دۆپامین لە مێشکیدا بیر لە خۆکوژی بکاتەوە،کە بەرپرسە لە خۆشی

---

( [٧٧]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل ٢٤٢.

و دڵشادی، کە بەهۆی مادده هۆشبەرەکانەوە بەرهەم دێت، بەمشێوەیە تووشی حاڵەتی دڵتەنگی دەبێت.

٣. **شیزۆفرینیا:** مادده هۆشبەرەکان بە تایبەت حەشیش لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی نەخۆشی شیزۆفرینیا.

٤. **تێکچوونی دەروونی:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی تێکچوونی دەروونی، وەکوو: خەونبینینی بیستن و بینین، وەهم، هەستکردن بە گۆشەگیری، پارانۆیا و هێرشی گومان لە ئەنجامی ناهاوسەنگی لە کیمیای دەمارەکانی مێشکدا.

٥. **تێکچوونی هەستکردن بە کات:** مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە خەمڵاندنی مەودا و کاتدا، بۆ نموونە: مرۆڤ ناتوانێت مەوداکان بە وردی دیاری بکات و مەیلی کورتکردنەوە یان زیادکردنی هەیە لە چاو ئاساییی، جگە لەو چوارچێوە کاتییە، ئالوودەبوو هەست دەکات هەفتەیەک تێدەپەڕێت، وەک ئەوەی ڕۆژێک بێت، یان بە پێچەوانەوە، هەست دەکات کات بە هێواشی تێدەپەڕێت.

٦. **ترس لە پەلەماردان:** تێبینی ئەوە دەکەیت کە ئالوودەبووەکە تووشی هێرشی ترس و بیم ببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر مادده هۆشبەرەکان لە جەستەیدا تەواو ببێت، بەهۆی ئارەزووی زۆری بۆ بەکارهێنانی.

٧. **لاوازبوونی یادگە و تەرکیز:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی تێکچوونی یادگە و بیرەوەری، کە ڕەنگە لە ئەنجامی نەگەیشتنی سیگناڵە کارەباییەکان بە ناوەندەکانی یادگە لە مێشکدا بە تەواوی تەرکیزی خۆی لەدەست بدات، هەروەها بە توندی تەرکیزەکەی و گرنگیدانی بە واقیعی دەوروبەر لاواز دەبێت.

٨. **ئاژاوە و توندوتیژی:** "هەستم دەکرد وەک گایەکی تووڕە، ئامادەم هەموو شتێک بکەم"، چۆن یەکێک لە ئالوودەبووەکان ئەو حاڵەتە ورووژاندنە دەردەبڕێت کە لە ماوەی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکاندا دەیگرێت، بەتایبەتی لە کاتی خواردنی ئەو ماددانە کە کۆئەندامی دەمار هاندەدەن، وەکوو کاپتاگۆن و شابۆ.

٩. **پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ واقیع:** مادده هۆشبەرەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئالوودەبوو لە واقیعدا غیاب بێت و وەک وەهمێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کە هیچ پەیوەندییەکی پێوە نییە(٧٨).

دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)یش، بەمجۆرە ئاماژە بە زیانە دەروونی- کەسێیەتییەکانی مادده هۆشبەرەکان دەکات و دەڵێت: "یەکێک لە هۆیەکانی خووپێوەگرتن بریتییە لە وابەستەیی و بەسترانەوەی دەروونی بە مادده هۆشبەرەکان( dependence Psychological )، نەخۆشییە دەروونییەکان یەکێک لە هۆیەکانی تووشبوونی مادده هۆشبەرەکانن؛ بە تایبەتی ئەوانەی کە ((کەسێیەتی))یان کامل نەبووە و گەشەیان نەکردووە، ئەوانە زیاتر لە ڕووی دەروونییەوە بە مادده هۆشبەرەکان پابەند و بەستراونەتەوە تا لە ڕووی جەستەیییەوە! ئەگەر تاکەکان بە شێوەیەکی دروست و ئەرێنی پەروەردە بکرێن، هیچ کاتێک بۆ باڵانس و هاوسەنگیی دەروونیی خۆیان پەنا نابەنە بەر مادده هۆشبەرەکان. تاکەکانی خووگرتوو لە دوای چەند ساڵێک تووشی جۆرەها نەخۆشی دەروونی دەبن، کە لێرە ئاماژە بە هەندێ لەو نەخۆشییانە دەکەین:

•نەخۆشی دەماری و دەروونی، وەکوو: نورۆتیک و سێیکۆپاتیک و خەمۆکی و شیزۆفرنیا و شێتبوون

•تێکچوونی یەکسانی و هاوسەنگیی دەروونی

•گرنگی نەدان بە بەها و بنەما ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان

•لاوازی لە ئیرادە و لەدەستدانی هێزی بڕیاردان و جێبەجێکردنی

•سەرکێشی و سەرپێچیکردن و لە دەستدانی هێزی کۆنترۆڵ و فەرماندان

•لە دەستدانی هێزی داهێنان، هزر، بیرکردنەوە، خودهۆشیاری و ڕامان و وردبوونەوە

•خۆبەکەمزانین و متمانە بەخۆنەبوون

•نەمانی هەستی بەرپرسیارێتی

•دروستبوونی هەستی دوژمنانە و شەڕەنگێزی

---

(٧٨) موقع مستشفى التعافى للطب النفسى و علاج الادمان، https://www.google.com ، أضرار المخدرات النفسية: د. محمد سامح.

•پەریشانی و شلەژان و نائارامی و دڵەڕاوکێی بەردەوام
•سەرکێشی و سەرپێچیکردن
•گۆشەگیری و تەنیایی، بێزاری لە خزم و کەس
•نەمانی سۆز و عاتیفە
•خەوزڕان
•فەرامۆشی و شپرزەیی لە فێربوون و کێشە لە کات ناسین
بە پێی دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەم بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی (٩٠%)ی تاکەکانی نموونە تووشی کێشە و ئازاری جەستەیی و عەسەبی و دەروونی بوونە، کاتێک کە ماددەی پێویست بەدەستیان نەکەوێت، یان بە خۆیان هەوڵیانداوە کە وازبهێنن، بەڵام ڕێژەی (١٠%) وەڵامیان بە "نازانم" بووە؛ چونکە تا ئێستا هەوڵیان نەداوە بۆ وازهێنان و لەو ماددانە دانەبڕاون کە بزانن! دواتر لە وەڵامی پرسیاری جۆری کێشەی جەستەیی و دەروونی، زۆربەی تاکەکانی نموونە زیاتر لە یەک کێشە و ئازاریان هەبووە، کە ڕێژەی (١٠,٦٧%) کێشەی نەحەوانەوەیان (لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە) هەبووە. ڕێژەی (٩,٣٣%) تووشی نەخەوتن و بێتاقەتی و هەستی ماندووبوونی زۆر بوونە. ڕێژەی (٨%)یش تووشی باوشکە، ئازاری ماسوولکە و ئێشانی ئێسک، ئاوهاتنە خوارەوە لە لووت و لەرزینی جەستە بوونە. ڕێژەی (٦,٦٧%)یش تووشی کێشەی لێدانی دڵ، پژمین و فرمێسک هاتنەخوارەوە لە چاوان، موچرکە و خورانی لەش بوونە. ڕێژەی (٤%)یش تووشی سکچوون، قەبزبوون و سک ئێشان بوونە[٧٩]

**سێیەم: زیانە خێزانییەکانی ماددە هۆشبەرەکان:** زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان هەر لە سنووری تاکەکەسیدا نامێنێتەوە، بەڵکوو خێزانیش دەگرێتەوە. گرنگترین ئەو زیانانەش ئەمانەن:

(٧٩) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل ٢٤٤.

١. **تێکچوونی شیرازەی خێزان:** هەڵبەت کاتێك کەسێك لە ناو خێزان دا تووشی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان دەبێت، دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و تەنانەت لەبەریەك هەڵوەشانەوەشی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە سەمیان و سەرپەرشتنیاری خێزانەکە بێت و ئەرکی بەخێوکردنی ئەو خێزانەی لە ئەستۆدا بێت، چونکە ناتوانێت بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان، هەروەها لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریشەوە، گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت و ئەو پەیوەندییە سۆزداری و خۆشەویستی و ڕێزگرتنەی کە هەبوو لە نێوانیاندا نامێنێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی سیستبوون و پچڕانی پەیوەندییەکان و لێکجیابوونەوە و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی خێزان و پەرتەوازەبوونی ئەندامانی خێزان.

(مامۆستا مەلا عەزیز جەبار مەنتك)، لەمبارەیەوە دەڵێت: "مادده هۆشبەرەکان بوونەتە یەکێك لە گەورەترین کێشەکان کە ڕووبەڕووی خێزان و کۆمەڵگە بووەتەوە و، یەکێکە لە نێو ئەو پرسێنەی کە هەڕەشە لە خێزان و کۆمەڵگە دەکات لە دارمانیدا. مادده هۆشبەرەکان هەرچەندە هەمەچەشن بن، لە مەترسیدارترین خراپەکارییەکانە کە بە هۆی کاریگەرییە نەرێنییە سەختەکانیان، خێزان و کۆمەڵگە تووشی نەهامەتی دەبن(٨٠)."

زۆربوونی مادده هۆشبەرەکان ئاماری هەڵوەشاندنی خێزانیان زیادکردووە و ڕۆژانەش لە زیادبووندایە، ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی ڕەها لەبەردەم هەموو کەسێکدایە بەبێ ئەوەی ئاستی هۆشیاری کەسەکان لە بەکارهێنانیان بەرزبکرێتەوە لە چۆنێتیی بەکارهێنانیان، هاوکات نەبوونی سنوورێك بۆ هێنانی مادده هۆشبەرەکان دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان(٨١).

خراپترینی ئەو دەرد و نەخۆشی و ئافاتانەش کە منداڵ و گەنج و لاوان دووچاری دەبن، پەنابردنە بۆ مادده هۆشبەرەکان و مەی و مادده کهوڵییەکان، هەڵبەت ئەویش پێشەکیی هەیە و سەرەتا لە جگەرەکێشان و دواتر نێرگەلەکێشانەوە دەست پێدەکات، کە ئێستا

---

(٨٠) ماڵپەڕی گوڵان میدیا،https://gulanmedia.com/so/story ، کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر خێزان و کۆمەڵگە، مامۆستا مەلا عەزیز جەبار مەنتك، بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، January ١٨, ٢٠٢٣.

( ٨١) ماڵپەڕی ٧ ڕۆژ، https://7roj.com/archives/٥٧٠٩، فاکتەرەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان، ٢٠٢١-٠٣-٣١.

بەداخەوە جگەرەکێشان و نێرگەلەکێشان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەناو مێردمنداڵ و لاواندا بە ئاشکرا تەشەنەی سەندووە، نەك حاڵەت بێت، بەڵکوو بووەتە دیاردەیەکی زەق و ناشیرین و بەرچاو و بەشێکی زۆر ڕوویان کردووەتە ئەم خووە ناشیرین و خراپ و کوشندەی جەستە و سلوك و فیکر و ئەخلاقە، بەداخەوە خەریکە ژمارەی نێرگەلەخانەکان و قاوەخانەکان تەنگ بە ژمارەی شوێنە ڕۆشنبیری و زانستی و فەرهەنگییەکان هەڵدەچنێت.

ئەم نەخۆشی و دەردە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە، کە بە دڵنیاییەوە دەبێتە مایەی تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و چەندین دەرد و گرفتی دیکە بە دواى خۆیدا دەهێنێت، چونکە ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و پێشینەکانی ماددەی هۆشبەر لە نموونەی جگەرە و نێرگەلە، چەندین کەتن و جەریمە و تاوانی وەك: (شەڕ و ئاژاوەنانەوە، دزیکردن، دەستدرێژی سێکسی، لادانی سێکسی، کوشتن و...هیتر.) بەدوای خۆی دا دەهێنێت و ئەو جۆرە کەسانە وا لێ دەکات کە ئەم جۆرە تاوانانەش ئەنجام بدەن(٨٢).

٢. **ئالوودەبوونی ئەندامانی خێزان بە ماددە هۆشبەرەکانەوە:** کاتێك یەکێك لە ئەندامانی خێزان ئالوودە دەبێت بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، خودی خۆی دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئەندامانی دیکەی خێزان، جا چ هاوسەر بێت یان منداڵەکانی، بەتایبەتی ئەگەر وشیار و بەئاگا نەبن و زانیارییان نەبووبێت کە ئەو کەسە ئالوودە بووە، چونکە زۆرجار کەسانی ئالوودەبوو لە ناو ماڵ و خێزان، ڕێگا خۆش و ئاسان دەکەن بۆ ئەندامانی دیکەش، کە ئەو ڕێگەیە چەوتە بگرنەبەر، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو کارەش بۆ ئەوەیە فشار لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە، هەروەها هاوڕێ و هۆگرە بۆ خۆیان پەیدا بکەن، تاکوو بەتەنیا نەبن و ئاسانتر مومارەسەی ئەو کارە بکەن.

جگە لەو کێشانەی کە لە سەرەوە خرانەڕوو، دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)، بوونی تاکێکی خووگرتوو لە ناو خێزانێک بە مەترسیی دەزانێت و لەمبارەیەوە دەڵێت: "دەبێتە هۆی ئاسەواری نێگەتیڤی جۆراوجۆر کە لێرە ئاماژە بە هەندێ لەوانە دەکەین:

---

(٨٢) ماڵپەڕی کوردیۆ،https://www.google.com/ ، شێرپەنجەی ئەخلاقی کۆمەڵگە لەبەردەم هەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتیدا، مودریك عەلی عارف، ٢٠١٨/١١/١٧.

•دەبێتە هۆی تووشبوونی ئەندامانی تری ناو خێزان
•تێکچوونی شیرازەی خێزان
•سستی و لاوازی و کەمبوونەوەی پەیوەندییەکان لە ناو خێزان و، سنووردرابوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ خزم و هاوکاران و دراوسێیەکان
•پەروەردە نەکردنی منداڵان بە شێوەیەکی دروست و ئەرێنی
•توندوتیژی و دروستکردنی کێشە لە ناو خێزان؛ وەکوو: ئازاری جەستەیی وسێکسیی هاوسەران و منداڵان
•پابەندنەبوون و گوێنەدان بە بنەماکان، دابونەریتی خێزانی و بەهاکانی
•پشتگوێخستنی پرس و ڕووداوە هەنووکەییەکانی ژیان
•نزمبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خێزان
•بێتوانایی و نەبوونی هەستی بەرپرسیاریەتی و لە ئەستۆ نەگرتنی بەرپرسیارەتی، چ لە ڕەهەندی ئابووری، چ لە ڕەهەندی منداڵان و هاوسەرداری
•خۆکوژی هاوسەر و منداڵان
•بەرزبوونەوی ڕێژەی جیابوونەوەی ژن و مێرد
•کەمبوونەوەی ڕێژەی زەواج
•دروستبوونی بێبەندوباری و نەمانی پابەندییە ئایینییە ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکان
لە ئێراندا بەپێی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان دەرکەوتووە کە (٣٤%) حاڵەتەکانی تەڵاق هۆکارەکەی خووگرتن بووە بە ماددە هۆشبەرەکان
لە ئەنجامی توێژینەوەی خۆشمدا سەبارەت بە کێشە و زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر خێزان، لە وەڵامی پرسیارێک بۆمان دەرکەوت کە: (ئایا پاش تووشبوونت بە ماددە هۆشبەرەکان، تووشی کێشەی خێزانی بوویت؟)، هەموویان وەڵامیان بە (بەڵێ) بووە؛ واتە (١٠٠%)ی خووگرتووەکان تووشی کێشەی خێزان هاتوون ،کە دوای ئەم پرسیارە، پرسیاری دووەم ئاراستەیان کرا، کە ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێیە، چ جۆرە کێشە و ئاسەوارێک؟ کە دەرکەوت ڕێژەی (٣٣,٣٤%) تووشی کێشەی "لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونە لەگەڵ خزم و کەسدا"، هەروەها  تووشی کێشەی "دەرکردنیان

لەسەر کارەکەیان" بوونە. ڕێژەی (٢٣,٣٣%) تووشی کێشەی "تەڵاق" بوونە، کە هاوسەرەکانیان داوای تەڵاقیان کردووە. ڕێژەی (٣,٣٣%)یش تووشی کێشەی "هەوڵی خۆکوژی" لە لایەن هاوسەرەوە، "دەرکران لە ماڵ" و، هەروەها "توندوتیژی لەگەڵ خێزان"بوونە .

ئەم ئەنجامەش کۆکن لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دیکە، کە پاش خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، تووشی پچڕان و نەمانی پەیوەندیی لەگەڵ خزم و کەس و خێزان و برادەران دەبن و، ئامادە نابن لە بۆنەکانی خێزانی، تەنانەت پێشوازی لە میوانەکانیش ناکەن، هەروەها زۆربەی حاڵەتی تەڵاق لە سەر داوای ژنەکانیان ڕوویداوە([٨٣]).

## چوارەم: زیانە کۆمەڵایەتییەکانی مادده هۆشبەرەکان:

زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان هەر لە سنووری تاکەکەسی و خێزانیدا نامێنێتەوە، بەڵکوو کۆمەڵگەش هەڵدەتەکێنێت و دادەڕزێنێت.

گرنگترین زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەمانەن:

١. **زیادبوونی ڕێژەی تاوان و کوشتن:** پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان مادده هۆشبەرەکان و تاوان هەیە، زۆرجار پەنابردن بۆ هەندێ تاوان دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان، پێچەوانەکەیشی ڕاستە، زۆرجار کەسی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماددانە پەنا بۆ تاوانی جۆراوجۆر دەبات و زۆرجار دەگاتە حاڵەتی کوشتن.

دکتۆر (فائیز ئیبراهیم)، بۆ سەلماندنی پەیوەندیی نێوان کەسی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان و تاوان، پشت بە چەندین لێکۆڵینەوەی جیهانی و ناوخۆیی دەبەستێت و ئامار و داتاکان لەمبارەیەوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "بە پشتبەستن بەم خاڵانەی خوارەوە تاکی خووگرتوو دەست بە تاوان و لادانی دیکە دەکات:

---

([٨٣]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل ٢٤٥.

لەبەر ئەوەی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی یاساییەوە لادان و تاوان دەژمێردرێت، تاکی خووگرتوو بەم باوەڕە کە دژی یاسا کار دەکات، ئەم پاڵنەرە لای دروست دەبێت کە دژی یاساکانی تریش کار بکات.

لە بەر ئەوەی تاکی خووگرتوو تاوانبار دەژمێردرێت و لە دوای دەستگیرکردنی دەخرێتە ناو زیندان، لەگەڵ تاوانبارانی تر لە زیندان دەمێنێتەوە و فێری تاوان و لادانەکانی تریش دەبێت و لە دوای هاتنەدەرەوە لە زیندان، ئەگەر کار و پیشەیەکی نەبێت، ئەو تاوانانەی کە فێری بووە ئەنجامی دەدات.

لە بەر ئەوەی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان پارە و خەرجیی زۆری دەوێت و داهاتی تاکی خووگرتوو وەڵامی ئەو خەرجییانە ناداتەوە، بۆیە وای لێ دەکات کە دەست بە دزی و تاوانەکانی تر بکات .

یەکێک لە گرنگترین ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، زیادبوونی ئەنجامدانی کارە نزم و لادانە کۆمەڵایەتی و تاوانەکانە؛ وەکوو: دزی، خۆکوژی، کوشتنی ژن یان مێرد و منداڵ، قاچاغیکردن، ڕووداوی سەیارە، شەڕ و پێکدادان و بریندارکردن و...هیتر؛ بۆیەش دەبینین بەشێکی زۆر، یان کەم لە بەندکراوەکان، تاکەکانی خووگرتوو یان ئەوانەی کڕین و فرۆشتنی پێ دەکەن، دەگرێتەوە! دەکرێت ئەوەش پەیوەند بکەینەوە بە لێکترازانی خێزانی و تەڵاق، کە لە ئاستی ناوەندیدا باسمان کرد، کە تەڵاقیش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی سەرگەردانی و بەڕەڵایی تاکەکان لە ناو کۆمەڵگە و دەستکردن بە لادانە کۆمەڵایەتییەکان.

لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکانی "چایکن/١٩٨٢، تونری و ویلسۆن/١٩٩٠، زاویتس/١٩٩٢، بری و مارسدن/١٩٩٩، ویلدو/١٩٩٧" دەسەلمێنن کە زۆربەی ئەوانەی مادده هۆشبەرەکان بەکار دەهێنن، تووشی لادانەکانی دیکەش بوونە. لێکۆڵینەوەی "هارل/٢٠٠١" نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو بەندکراوانەی کە مادده ئەفیۆنییەکانی وەکوو: (تریاک و هیرۆیین و...هیتر) بەکاردەهێنن، ٤ تا ٦ ئەوەندە زیاتر تووشی لادان دەبن، ئەوەش بۆ ئەو کەسانەی کە پێشینەی مادده هۆشبەرەکان و بەندبوونیان هەبووە، دوو ئەوەندە دەکات. ئامارەکان

نیشان دەدات کە نزیکەی (٧٠%)ی بەندکراوەکان لە سەرتاسەری ئەوروپا خووگرتووان دەگرێتەخۆ .
ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە ساڵانە ڕێژەی تاوانەکان لە"ئەمریکا" لە (٥٠) ملیۆن تاوان زیاترە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە مادده هۆشبەرەکانەوە هەبووە. هەروەها لە "بریتانیا" بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کە سەرەڕای دابینکردنی مادده هۆشبەرەکان لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ خووگرتووەکان، بەڵام ڕێژەی کارە لادانەکانیان کەم نەبووەوە!
توێژینەوەکانی دیکە لە وڵاتانی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە نێوان خووگرتن و تاوانکاری، پەیوەندییەکی بەهێز و دوولایەنە هەیە کە نکۆڵی لێی ناکرێت. توێژنەوەکانی "بن هام دای" لە  ساڵی (١٩٧٣) لە سەر (١٠٠٠) خووگرتوو پیشان دەدات کە (٨٠%)ی ئەوان بەر لە خووگرتنیان تووشی هیچ تاوان ولادانێک نەببوون، کەچی (٦٧%) لە دوای خووگرتن، تووشی لادان بوونە. توێژینەوەکانی "جانسۆن" و هاوکارانی لە  ساڵی (١٩٨٧) کە لە ماوەی (٨) ساڵ لە سەر قوتابیانی دواناوەندی لە چەند قوتابخانەی ئەمریکی ئەنجامدرا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ڕێژەی لادانکاری پەیوەستە بە ڕێژەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانەوە؛ چەند بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زیاد بکرێت، ئەوەندە ڕێژەی تاوان ولادانەکانیش زیاد دەبێت.
لە لێکۆڵینەوەی ئێمەشدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٥٠%)ی تاکەکانی نموونە کە بە هۆی مادده هۆشبەرەکانەوە لە زینداندا بەندکراون، پێناسەی خۆیان دەکەن وەک: "تاکێکی تاوانبار" خۆیان دەبینن، بەڵام ڕێژەی (٥٠%)یش وەک "تاکێکی نەخۆش" خۆیان دەبینن. ئەوەی کە هەست دەکەن تاوانبارن، زیندانیان بە جێگای هەق دەزانن و ئەوانەی خۆیان بە نەخۆش دەزانن، نەخۆشخانەکان بە جێگای خۆیان دەزانن. هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی تر کە (ئایا جگە لەمجارە، پێشتریش بەند کراوی؟)، دەرکەوت کە ڕێژەی (٣٠%) وەڵامیان داوە کە یەکەم جار نییە کە بەند دەکرێن، بەڵکوو (٢)جاری دیکەش بەند کراون.
ئەگەر بێتو ئەم دەرەنجامەی لەگەڵ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی "سعودی" بەراورد بکەین، یەك دەگرێتەوە، کە ڕێژەی (٣٧%) لە خووگرتووەکانی سعودیش کە بەندکراون،

له (٢- ٣) جار زیاتر بەندکراون؛ کەواتە نیشان دەدات پەیوەندیی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و تاوانەکانی دیکە.
بە پێی توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی "ریچ" و هاوکارانی لە شاری سەندیاگۆ (٧٠%) خۆکوشتنەکان لە ژێر تەمەنی (٣٠) ساڵیدا هاوکات بووە لەگەڵ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. با سەیری ئەو هەواڵانەی خوارەوە بکەین کە باس لە کوشتنی ئەندامانی خێزان لە ژێر کاریگەری مادده هۆشبەرەکان دەکات:
-گەنجێک هەموو ئەندامانی خێزانی خۆی دەکوژێت لەژێر کاریگەریی مادده هۆشبەرەکاندا: سەرچاوەی پۆلیس لە "قەزای الصویرة" لە باکووری بەغدا ڕادەگەیێنێت کە ڕۆژی هەینی (٢٠١٠/٥/٧) گەنجێکی (١٨) ساڵی لە دوای بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بە هۆی گوللەوە شەش کەس واتە دایک و باوک و چوار منداڵیان (واتە: خوشك و برای خۆی، کە هەموویان تەمەنیان کەمتر لە دە ساڵان بووە)، دەکوژێت!
-خووگرتوویەکی عێراقی هەموو ئەندامانی خێزانی برایەکەی دەکوژێت: وەکالەی "فرانس پرێس" دەگێڕێتەوە لە سەرچاوەکانی ئاسایشی عێراقی، کە خووگرتوویەک لە گەڕەکی "الصلیخ" لە باشووری بەغدا پێنج کەس لە خێزانی برای خۆی (برا و هاوسەر و سێ منداڵیان) بە چەقۆ لە کاتی نووستندا دەکوژێت!
-بەپێی ڕاپۆرتی ڕەسمی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماری کۆی کوژراوەکان بە هۆی مادده هۆشبەرەکان لە وڵاتی بەرازیل، دەگاتە (٣٠،٠٠٠) کەس کە زۆربەیان منداڵن([٨٤]).

**٢. زیادبوونی لادانە سێکسییەکان:** بە هۆی ئالوودە بوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە، کەسی خووگرتوو پەنا بۆ لادانە سێکسییەکان دەبات و توێژینەوەکانیش ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەسەلمێنن.
"بەپێی توێژینەوەکانی "بادونێل" هەروەها "مارشە" لە فەڕەنسا زیاتر لە (٦٥%)ی ئەو کەسانەی کە تووشی هەتکی ناموس بوونە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی مادده

([٨٤]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، ل ٢٥٣.

هۆشبەرەکان بوونە. "کین بێرگ" و هاوکارانیشی گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە زۆربەی ئەوانەی کە تووشی لادانی جنسی بوونە، لەژێر کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان بوونە؛ بەتایبەتی ئەوانەی کە تووشی زینای مەحارم ( لادانی جنسی لەگەڵ دایک و خوشك و براژن و...هیتر) بوونە، بەشێوەیەکی گشتی لە حاڵەتی سەرخۆشی بوونە و ئاگایان لەخۆ نەبووە!

جگە لەوە بە هۆی سەرخۆشی و کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان، تاک لە کاتی لادانی جنسی ئاگای لە خۆی نییە کە لەوانەیە ئەو کەسەی کە جنسی لەگەڵ دەکات، نەخۆشی ئایدز یان هپاتیت یان سیفیلیس و نەخۆشییە سێکسییەکانی تری هەبێت و خۆیشی تووشی هەمان نەخۆشی ببێت؛ هەروەک پرۆفیسۆر "پول پێرن" لە کتێبی خۆی بە ناوی "ئەلکولیزم و کێشە پزیشکییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان"دا دەڵێت: لە شاری پراك، کاتێ کە لە (٩٧٢) نەخۆشی تووشبوو لە ئەنجامی لادانی جنسی پرسیار کرا، کە ئایا لە کاتی جنسکردن دا سەرخۆش بوویت؟ (٤٣٨) کەس لە وان وەڵامیان بە بەڵێ بوو([٨٥])!

٣. **زیادبوونی ڕووداوە نەخوازراوەکان:** کەسانی خووگرتوو بە ماددە هۆشبەرەکان، دووچاری زۆرێك لە ڕووداوە نەخوازراوەکان دەبن، وەك: ڕووداوی هاتوچۆ و سووتان و ئاگر بەربوون و...هیتر.

" بە پێی توێژینەوە جۆراوجۆرەکان دەبینین کە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ماددە هۆشبەرەکان و ڕووداوە ناخوازراوەکانی وەک: سووتان و ئاگربەربوون، خۆپێکدادانی سەیارەکان.

هەروەک توێژینەوەکانی "بادونێل" و "مارشە" پیشان دەدەن کە زیاتر لە (٤٥%)ی ئاگربەربوون و ڕووداوی سووتان، هۆیەکانیان دەگەڕاوە بۆ ئەوانەی کە سەرخۆش بوونە. هەروەها لێکۆڵینەوەکانی "درۆبر" پیشان دەدات کە نزیکەی (٥٤,٢%)ی ئەوانەی کە بە هۆی خۆلێکدانی سەیارە گیانیان لە دەست داوە، بە هۆی سەرخۆشی بووە، کە نزیکەی (٤٠,٦%) بە هۆی خواردنەوەی مەشەروباتی ئەلکهۆلی بوونە. دکتۆر "لۆبرتۆن"یش لە

( ٨٥) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣.

توێژینەوەی خۆیدا دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە (٦٠%)ی ڕووداوی سەیارە بە هۆی سەرخۆشی بووە. زۆر لە شۆفێرەکانی سەیارە گەورەکان، کە زۆر لە جادەکاندا دەمێننەوە، بۆ ئەوەی خەویان لێنەکەوێت، پەنا دەبەنە بەر ماددەی هۆشبەر، کەچی بە پێچەوانەوە تووشی ڕووداوی کوشندە دەبن .

توێژینەوەی "ورنە وسانیە" لە فەرەنسا پیشان دەدات کە لە نموونەی (١٢٣٠) کەس وەرگیراو لە تاوانبارەکانی بەندکراو، دەرکەوت کە (٥٦٧) کەس (واتە ٤٧%) لەوانە لە دوای خواردنەوەی ئەلکهۆل تووشی تاوان بوونە و دەستگیر کراون([٨٦]).

٤. **زیادبوونی ڕێژەی بێکاری:** هەر وڵاتێك مادده هۆشبەرەکان بە ڕێژەیەکی زۆر تیایدا بڵاوبووبێتەوە، ڕێژەی بێکاری تیایدا بەرز بۆتەوە، هەروەها جگە لەوە، هۆکارێکیشە بۆ زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، چونکە ئەو گەنجانەی کە ئالوودە دەبن، لە بەرپرسیارەتی هەڵدێن و شان نادەنە بەر کار و کەسابەت. عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە هۆی دۆخی خراپی ئابووری و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، بەتایبەتی لە ناو گەڕەکە هەژارنشینەکان، ڕێژەی ئالوودەبوونی گەنجان بە مادده هۆشبەرەکان زیادی کردووە. بەپێی ئامارەکان: "ڕێژەی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجانی عێراق دا دەگاتە ٥٠% و هۆکاری ئەو بابەتە بۆ "دۆخی خراپی ئابووری" وڵات دەگەڕێنێتەوە. لە بەیاننامەیەکدا بۆ ئەنجومەنەکە لە زاری (نەبیل الطائي) ، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی ئەلموسەیب لە بابل نووسیویەتی: "ڕەنگە ڕێژەی ئالوودەبوون بگاتە ٥٠% لە نێو گەنجاندا." ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو کەسانەی کار بە مادده هۆشبەرەکان دەکەن و پەرەی پێ دەدەن، لە هەموو ناوچەکاندا ئامادەن نەک لە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆرترین ڕێژەیان کە نزیکەی لە سەدا ٧٠% لە گەڕەکە هەژارەکان و ئەو ناوچانەن کە بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی تێدایە و کێشەکان بەربڵاون." ئاماژەی بەوەشکرد،"تاوانەکانی مادده هۆشبەرەکان چیتر تەنیا لە پیاواندا سنووردار نین. بەڵکوو دەستمانکردووە بە تێبینیکردنی تێوەگلانی ژنان تێیدا. ڕەنگە گرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەیان،

---

( ٨٦) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٤.

زیادبوونی بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان بێت لە جیهاندا، هەروەها پەرەسەندنی پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای گواستنەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاسانکاری بڵاوبوونەوەیان."

الطائی گوتی: "دۆسیەکانی مادده هۆشبەرەکان (لە دادگاکان) زۆر گەورەن، و گرافەکە بەردەوام بەرز دەبێتەوە". بۆ دەیان  ساڵ عێراق وەک ڕێڕەوێکی ترانزێت بۆ مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان و ئێرانەوە بۆ ئەوروپا و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی سەیر دەکرێت([٨٧]).

"دەرکەوتووە کە ماددەی هۆشبەر زیاتر لە ناوچە هەژارنیشینەکان بەربڵاوە، کە ڕێژەی بێکاری تیایدا لە ئاستێکی بەرزدایە، بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژەی بەکارهێنەرانی گەنجان لە ناوچە زۆر هەژارەکاندا گەشتووەتە ٧٠%.

مەترسییەکە زیاتر ئەوەیە کە زۆرترین بەکارهێنەران، تەمەنیان لەنێوان (١٥-٣٠)  ساڵیدایە، ئەمەش دەرئەنجامی خراپی دەبێت لەسەر داهاتوی سەرمایەی مرۆیی لە عێراقدا([٨٨])."

**٥.پەنابردن بۆ لادان و تاوانە جۆراوجۆرەکان:** بە هۆی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە، کەسانی ئالوودەبوو زۆرجار بە هۆی گیرفان بەتاڵی و نەبوونی پارە و لە بێتوانایی و دەسنەکەوتنی ئەو ماددانە، پەنا بۆ هەندێ کاری ناڕەوا و لادان و تاوان دەبەن، وەك: دزی و ڕێگری و پەرتیلوەرگرتن و ساختەکاری و سوالکردن و...هیتر، بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك بێت پارەیەکیان دەستکەوێت و ئەو ماددانە بەدەستبهێنن.

بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەر تەنیا زەرەر وزیانی تەندروستی بەکەسی بەکارهێنەر ناگەیەنێت، بەڵکوو زیانی ئابووری ودارایی گەورە لە تاک و خێزان و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی دەدات، بەتایبەت سەرمایەی مرۆیی، چونکە کەسی ئالوودەبوو، توانای کاری نامێنێت و ناچار دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ماددەی هۆشبەر پەنا بۆ کاری

---

( [٨٧]) موقع https://www.aa.com.tr/ar ، العراق.. نسبة إدمان الشباب على المخدرات قد تصل إلى ٥٠ بالمئة، ٠٤,٠٥,٢٠٢١ .

([٨٨]) ماڵپەڕی دبلۆماتیك مەگەزین ،https://diplomaticmagazine.net/birwra/١١٢٧٨، ماددەی هۆشبەر، مەترسییە گەورەکە، سەرکۆ یونس، ٢٠٢٣-٠٨-٢٧.

ناپەسەندی وەک دزی و بەدرەوشتی و ئەگەر بەکارهێنەر لە ڕەگەزی مێ بێت، بەدڵنیاییەوە لەوپێناوەدا کاری لەشفرۆشیش دەکات(٨٩).

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەندکراوانی بەکارهێنەرانی ماددەهۆشبەرەکان، تێچوونێکی گەورە لەسەر دارایی حکوومەت دروست دەکەن، سەرەڕای تێچوونی چارەسەرکردنی ئالوودەبووان لە ستافی پزیشکی و داودەرمانی پێویست وگونجاو.

"بە پێی ڕاپۆرتێک لە لایەن گرووپی پزیشکی "هاپکینز" سەبارەت بە خووگرتووەکانی شاری "بالتیمور"ی ئەمریکی ئەنجامدراوە، پیشان دەدات کە (١٢٠٠٠) خووگرتوو لەو شارە بە هۆی دزینی کەلوپەلەکان، زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار ساڵانە لە فرۆشگا جۆراوجۆرەکانی ئەمر شارەیان دزیوە و بە فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە بە نرخێکی زۆر کەمتر و هەرزانتر، پارەی بەدەستهێنراویان بە کڕینی ماددە هۆشبەرەکانداوە. هەروەها بەپێی توێژینەوە ئەنجامدراوەکانی "ئێران"، (٢٥%)ی خووگرتوان لە ڕێگەی ناپاسایی، وەکوو: (دزی، شەرواڵپیسی و... هیتر)، پارەی پێویست بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان بەدەست دێنن. لە ساڵی (٢٠٠٠)دا نزیکەی (٦٠%)ی زیندانیان کەسانی خووگرتوو بە ماددە هۆشبەرەکان پێک دەهێنا و (١٥% ـ ٢٠%) ئەوانی تریش تاوانەکانیان بە جۆرێک پەیوەندیی بەو ماددانەوە هەبووە. بەشێوەیەکی ڕوونتر (٢٥%) تاوانەکانی دارایی، (٣٠%) تاوانی کۆمەڵایەتی، (٢٤%) کوشتنی نامەبەستدار، (٧٧%) لە زیانە ماددییەکان و (٢٧%) قاچاغی کەلوپەلەکان، پەیوەندییان بە ماددە هۆشبەرەکانەوە هەبووە.

هەروەها بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی "وەزارەتی دادی ئەمریکا" لە ساڵی (١٩٩٩)، ڕێژەی ئەو تاوانبارە بەندکراوانەی کە بە هۆی کاریگەریی ئەلکهۆل تووشی لادان و تاوان بوونە، بریتی بووە لە: (٥٢%) کوشتنی نەخوازراو، (٤٥%) کوشتنی خوازراو، (٤٥%) شەڕ و بریندار کردن، (٤٠%) لادانی جنسی، (٤٢%) تاوانی توندوتیژی .

---

(٨٩)ماڵپەڕی دبلۆماتيك مەگەزين ، https://diplomaticmagazine.net/birwra/١١٢٧٨ ، ماددەی هۆشبەر، مەترسییە گەورەکە، سەرکۆ یونس، ٢٠٢٣-٠٨-٢٧.

هەروەها بە ڕاپۆرتی "نەتەوە یەکگرتووەکان" لە  ساڵی (٢٠٠٤)، نزیکەی (٧٥%)ی تاوانە جۆراوجۆرەکان لە بریتانیا پەیوەندییان بە مادده هۆشبەرەکانەوە هەیە[٩٠]."

٦. **زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە:** یەکێکی دیکە لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە بەرەوڕووی تاك و خێزان و کۆمەڵگە دەبێتەوە، بریتییە لە زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، چونکە زۆربەی جار کەسی ئالوودەبوو، بە هۆی ئەو دۆخە سەختەی کە تێی کەوتووە ناتوانێت بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت و کار بکات، تەنانەت زۆرجار پەنا بۆ فرۆشتنی خانوو یان کەلوپەلەکانی ماڵەوە دەبات، تەنیا لەپێناو دەستکەوتنی ئەو ماددانە، ئەمەش وا دەکات کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان و ئەندامانی دیکەی خێزان تێکبچێت و بپچڕێت تا ئاستی جیابوونەوە.

هەڵبەت زۆربەی سەرچاوە جیهانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی مادده هۆشبەرەکان بە ڕێژەیەکی زۆر تیایدا بڵاوبووەتەوە.

بەکارهێنان و بازرگانییکردن بە ماددەی هۆشبەر کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و کەسی گیرۆدەبوو بە تایبەتی هەیە. "بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ڕێژەی تاوانە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا بەرزدەکاتەوە. توندوتیژی، لەشفرۆشی، زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، کەمبوونەوەی ڕێژەی (زەواج) چەند نموونەیەکن لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ماددەی هۆشبەرەوە سەرچاوە دەگرن. لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی خراپی لەسەر خێزان و پەروەردەی منداڵ هەیە، کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی پەروەردەیی لە لایەن ئەو خێزانانەی کە باوکەکە گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بووە، دەبێتە هۆیە ئەوە منداڵەکانیشیان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر ببن و سەرەنجام پەنا بۆ دزی و جۆرەکانی دیکەی تاوان ببەن. هەژاری، پەنابردن بۆ دزی، کەوتنە زیندان لە کاریگەرییە خراپەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانن و، ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر ئەندامانی

(٩٠) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٦.

خێزان و کۆمەڵگە دەبێت. لە ناو کۆمەڵێکدا کە ماددەی هۆشبەر بەکاردێت، هیچ کام لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەک: سۆز، خۆشەویستی، نامووس و ئەخلاق و...هیتر نامێنن. هەروەها بەو هۆیەوە ڕێژەی کوشتن و نەخۆشی خەمۆکیی و نەخۆشییە دەروونییەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا بەرزدەبنەوە. بێمتمانەیی، بێهیوایی و کاڵبوونەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی دیکەی ئەنجامی پەرەسەندنی گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکانن.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە هەبێت، بە داخەوە زۆرجار دەبینین و دەبیستین کە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەنجانی کوردی ئەو بەشەی وڵات گیرۆدەی ماددە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بوون و، بەمەش زۆر کێشەی تەندروستیی و کۆمەڵایەتیی و لێکترازانی شیرازەکانی خێزانیان بە دوای خۆیاندا هێناوە. ئەوەی زیاتر جێی داخە ئەوەیە کە لەو نێوەدا ئافرەتان قوربانیی سەرەکین و باجی هەڵەی گیرۆدەبوونی باوک و برا و مێردەکانیان دەدەن و بەو هۆیەوە بەرەوڕووی توندوتیژیی جەستەیی و ڕۆحی، وەك: لێدان و تەلاقدران و خەم و ئازار و خەفەت دەبنەوە. بۆ نموونە: کاتێک مێردی ژنێک گیرۆدەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبێت، ئەو ژنە دەبینێت مێردەکەی لە ئەرکەکانی خۆیدا بەرانبەر خێزانەکەی وەک: سەرپەرشتیکردن و دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەدا کەمتەرخەمیی دەکات و بگرە لەوانەیە هەر هیچ شتێک لەوپێناوەدا نەکات و تەنانەت ئەوەی هەشیانە بۆ وەدەستخستنی ماددەی هۆشبەر خەرجی بکات، لە حاڵەتێکی وادا کێشە دەکەوێتە نێوان ئەو ژن و مێردە و سەرەنجام تەلاق وەک دوایین ڕێگە دەگیرێتەبەر. بێگومان ئەوەش تێکچوونی خیزانەکە و سەرگەردانیی منداڵەکان و خراپتربوونی بارودۆخی ئەو کەسەی گیرۆدەبووە لە لایەك و ژیانی گران و پڕ ئازاری دوای لێکجیابوونەوەیان بۆ ژنەکە بەدواوە دەبێت(٩١).

---

(٩١) ماڵپەڕی گیاڕەنگ،https://giareng.com/?p=١٠٣٣١ ، پێناسەیەکی کورتی ماددەی هۆشبەر. پەریزاد محەممەدیی، ١٩ ٠٥ ٢٠١٤.

"دوای ئەم لێکۆڵینەوە بەرفراوانە دەردەکەوێت کاتێک یەکێک لە هاوسەرەکان ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت، زۆرجار هۆکاری جیابوونەوە، ناپاکی هاوسەرگیری، یان جیابوونەوەی خێزانن، بۆ نموونە: دادگاکانی خێزانی میسر ٣٧ هەزار و ٥٠٠ حاڵەتی جیابوونەوە و نافەرمانی بەهۆی ئالوودەبوونەوە تۆمارکردووە، هەروەها خواردنەوەی مەی، و بەردەوام دانیشتن لە کافێکان.

لە شانشینی سعودی ساڵانە ٨٢ هەزار حاڵەتی تەڵاق هەیە، شارەزایەکیش باسی لەوە کرد کە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم جیابوونەوە و ماددەی هۆشبەر هۆکاری جیابوونەوە و ناپاکی هاوسەرگیرییە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، کە هەندێکیان هۆکارێکی ڕاستەوخۆن، هەندێکیشیان هۆکاری جیابوونەوە و ناپاکی هاوسەرگیرین، ڕەنگە یەکێک بێت لە هۆکارەکان، بەڵام دیارترین هۆکارە(٩٢).

٧. **لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**: زیانێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ئەوەیە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە نێوان کەسانی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان لەگەڵ کەسوکاریان، چونکە دووچاری دوورەپەرێزی و گۆشەگیری دەبن و حاز ناکەن بچنە شوێنە قەڵەباڵغەکان، تەنانەت لە خێزان و کەسوکاریشیان دووردەکەونەوە، بەمەش زیان بە منداڵەکانیشیان دەکەوێت و لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە لە پەروەردەش بێبەش دەکرێت و بەلاڕێدا دەچن. "بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر تەنیا کاریگەریی خراپی لەسەر ئەو کەسە نییە کە بەکاری دەهێنێت، بەڵکوو کاریگەریی لەسەر خێزان و پەیوەندییەکانی بنەماڵەش دادەنێت. زۆرجار کچان بەبێ حەز و مەیلی خۆیان بەمێرد دەدرێن، ئەوەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوکیان یا برایەکیان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بووە و ئەوانیش لەپێناو پارە و پووڵدا کچ و خوشکەکانیان ناچار دەکەن مێرد بکەن، کە بە داخەوە دواتر زۆربەی ئەو ئافرەتانە خۆشیان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر دەبن. گیرۆدەبوونی پیاو لە ماڵدا

(٩٢)موقع https://www.hopeeg.com/blog/show/drugs-increase-divorce-rates، علاقة المخدرات بزيادة معدلات الطلاق والانفصال.

قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر شانی ژن، چونکە ئەو ژنە دەبێت هەم خەمی پەیداکردنی بژێوی منداڵەکانی بخوات، هەمیش پەروەردەکردنیان. هەر بەو هۆیەشەوە منداڵەکانیش بە جۆرێکی دیکە دەبنە قوربانی و سەرەنجام بە هۆی هەڵە و کەمتەرخەمییەکانی باوکێکی نابەرپرس، زیان بە منداڵەکانیشی دەگات و وای لێ دێت ئەو منداڵانە لە خوێندن دووردەکەونەوە و لە ڕێی ڕاستەقینەی ژیان لادەدەن و تووشی دزی و کوشتن و تاوانی دیکەی دەبن.

لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، بە تایبەتیی کە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان زۆر پێشکەوتووە و خەڵک لە ڕێگەی تەلەفون و ئینتەرنێتەوە پەیوەندیی دەگرن و کەمتر یەکتر دەبینن، هۆیەکی دیکەی چوونەسەری ڕادەی بەکارهێنان و گیرۆدەبوون بە ماددەیە هۆشبەرەکانە. هەروەها بێکاری و هەژاری و پەراوێزخستنی توێژێک یا چینێک لە کۆمەڵگە، دەستهەڵگرتن لە خوێندن و بە گشتیی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، هەموویان دەوریان لە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و گیرۆدەبوون پێیانەوە هەیە([٩٣])."

**پێنجەم: زیانە ئابوورییەکانی ماددە هۆشبەرەکان:** زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان هەر تەنیا لە سنووری کەسۆکی و خێزانی و کۆمەڵایەتی چڕ نابێتەوە، بەڵکوو ئابووریش ئیفلیج دەکات و دەبێتە هۆی هەژاری و بێکاری و نەمانی ئاسایشی ئابووریی لەسەر ئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگە.

"زۆرجار لە ڕووی ئابوورییەوە کەسی قوربانی تووشی داڕمانی کەسێتی و ئابووری دەبێتەوە، چونکە پێویستی بە نەختێنە(دەرامەت) دەبێت لە نەبوونی دەرامەت(پارە)، بەکارهێنەر ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕێک لە نەختێنەی بۆ بەدەستهێانی ماددە زیانبەخشەکان، زۆرجار ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی و توندوتیژی و بارگرانی دەروونی دەبێتەوە، بۆیە ناتوانێت وەک تاکێکی ئاسایی

( ٩٣) ماڵپەڕی گیارەنگ، https://giareng.com/?p=١٠٣٣١، پێناسەیەکی کورتی ماددەی هۆشبەر. پەریزاد محەممەدیی، ١٩ ٠٥ ٢٠١٤.

هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات، تەنانەت زۆرجار کاریگەرییە نەرێنییەکانی ماددە هۆشبەرەکان، تووشبووانی تووشی خۆکوژی و لەدەستدانی ژیری کردووە، زۆرجاریش کەسانێک بۆ مەرامی خۆیان ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە، بۆیە هەندێك لە تاوانەکان بەسوود وەرگرتن لە کەسانی ئالوودەبوو ئەنجام دەدرێن([٩٤])."

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بۆ ئەو سوودە زۆرە دەگەڕێتەوە کە باندەکانی مافیا و ئەو باند و دەوڵەتانەی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن بەدەستی دەهێنن.

" بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە داهاتەکەی یەکسانە بە ٤٠٠ ملیار دۆلار لە جیهاندا. بە واتایەکی تر لە دوای پیشەسازیی چەک، دووەم چالاکیی ئابووری قازانجبەخشە. داهاتی مادده هۆشبەرەکان هاوشێوەی داهاتی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل یان پیشەسازیی دەرمان یان پیشەسازیی بانکە([٩٥])."

" ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە نزیکەی (٩٠٠) ملیار دۆلار لە مادده هۆشبەرەکان خەرج دەکرێت و ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و قەدەغەکردنی تاوان ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی ئەوانەی ئەو ماددانە بەکاردەهێنن نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن کەس دەبن لە جیهاندا([٩٦])."

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە: "مادده هۆشبەرەکان سێیەمین بازرگانییە، لە دوای چەک و نەوت دێت([٩٧])."

"ئالوودەبوون بە شێوەی یەکێک لە زیانە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەتا دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی وڵاتەکان و داینەمۆی ئابووریی وڵات لە کار دەخات و پاشانیش

---

([٩٤]) ماڵپەڕی وێستگە ستایل، https://www.westganews.net/style/dreja.aspx?=hewal&jmara=٢١٥١٢&Jor=٤، کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر دەروون و جەستەی کەسی بەکارهێنەر،میران شۆڕش، ٢٠١٩/١٢/١٦.

([٩٥]) سایت https://www.google.com، آسیب اقتصادی موادمخدر در جهان.

([٩٦]) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٧٥٤٦٦ ، مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی، د.نەژدەت ئاکرەیی، January ١٦, ٢٠٢٢.

([٩٧]) ماڵپەڕی چاوی کورد،https://chawykurd.com/٢٠٢٣/٠٧/١٠ مادده هۆشبەرەکان مەترسییە گەورەکەی کۆمەڵگا، لوقمان موستەفا صالح تەمموز ١٠, ٢٠٢٣.

دەبێتە هۆی پەرەپێدانی تاوانکاری و کێشەگەلی تر لە کۆمەڵگەدا، بەم شێوەیە بە توندی و خێرایی دەبێتە هۆی لەدەستدانی سامانی مرۆیی. هەروەها ئەم بابەتە لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییە نەرێنییەوە کە بەسەر کۆمەڵگەوە بەجێی دەهێڵێت، دەبێتە هۆی لاوازبوونی سامانی کۆمەڵایەتی. بەشێک لە لێکەوتە نەرێنییەکانی ئالوودەبوون بریتین لە: داڕووخانی بنەمای خێزانەکان، کەمبوونەوەی  ئاسایشی کۆمەڵایەتی، گواستنەوەی نەخۆشییەکان، زیادبوونی دزی لە کۆمەڵگەدا و لە هەموویشی گرنگتر خەرجیی هەلی لەدەستچووی هێزی کارە. بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئالوودەبوون لە کۆمەڵگەدا، وەک تێچووی مانەوەی ئالوودەبووان لە بەندیخانە یاخود کەمپەکان، یاخود پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەوان لە ڕێگەی ڕێکخراوە تەندروستییەکانەوە، بەڕوونی تێچوونێکی زۆری پێوە دیارە بۆ دەوڵەت، بەڵام لەگەڵ ئەم خەرجییە ڕوون و قابیلی ژماردنانەدا، کۆمەڵێك تێچوونی تر بوونی هەیە، کە تێچووی بەهای دراوییەکەی دیار نییە و لە هەمان کاتدا بەهایەکی زۆر زیاتری هەیە، کە بریتین لە لەنێوبردنی متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکیدا، بە هۆی زیادبوونی دزییەکان، ئەگەری تووشبوون بە تاوانی ئەندامانی تری خێزان بە هۆی لاوازی و لە نێوچوونی شیرازەی خێزان، هەروەها بریندارکردنی هەستی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ هەستی یارمەتی و بەزەیی ئەوان لە کاتی بینینی ئالوودەبووندا[٩٨]".

 سالانە ئەو وڵاتانەی کە بە ڕێژەیەکی زۆر ماددە هۆشبەرەکان تیایدا بڵاو بووەتەوە، پارە و سامانێکی زۆر خەرج دەکەن، بۆ بنبڕکردن و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و چارەسەرکردنی کەسانی خووگرتوو بە ماددە هۆشبەرەکان.

بۆ نموونە: " بڕی تێچووی بنبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان لە "بریتانیا" نزیکەی (١٩) ملیۆن پاوند بووە. لە "ئەمریکا" نزیکەی (١٤) ملیۆن کەس خووگرتوو هەن کە بە بەردەوام یەکێک لە ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن و زیاتر لە (٥٠) ملیارد دۆلار سالانە بۆ ئەم ماددانە خەرج دەکەن.  هەر لە ئەمریکا سالانە (١١٠) ملیارد دۆلار لەپێناو بنبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان و چارەسەریی خووگرتووەکان سەرف دەکرێت کە بەم بڕە پارەیە دەتوانرێت

(٩٨) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، https://www.centerfs.org/addiction-to-drugs-and-social-security/ ، شەهلا ڕەعنایی.

هەر لە ئەمریکادا (١٦٩٢) نەخۆشخانە و (٦٣٢) زانکۆی نوێ و (٣٦٦٧) باخچە و پارکی گشتی دروست بکرێن و (٢٩٥٧٩٥٦) مامۆستای پێ دابمەزرێنرێت و (٧٥٨٦٢٠) بارهەڵگری پێ بکڕدرێت!

بەپێی ئاماری ڕەسمی "ئاژانسی دژ بە مادده هۆشبەرەکانی ئێران" لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٣) ئەو زیانە ماددی و ئابوورییەی کە لە مادده هۆشبەرەکانەوە هاتووەتە کایەوە، بریتییە لە (٧٢٥) ملیۆن دۆلار.

بە پێی لێکۆڵینەوەکەمانیش سەبارەت بە زیانی ئابووری، دەرکەوت کە ڕێژەی (٤٠%)ی تاکەکانی نموونە لە نێوان (١٥٠٠٠٠-١٩٩٠٠٠) دینار مانگانە خەرج کردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ماددانە و، ڕێژەی (٢٠%) لە نێوان (١٠٠٠٠٠-١٤٩٠٠٠) و (٥٠٠٠٠-٩٩٠٠٠) دینار و، ڕێژەی (١٠%) لە نێوان (٢٥٠٠٠٠-٢٩٩٠٠٠) و (٢٠٠٠٠٠- ٢٤٩٠٠٠) دینار. سەرەڕای ئەوە کە زۆربەیان کاری نافەرمییان هەیە و زۆرجار تووشی بێکاریش دەبن، هەروەها (٥٠%) کرێچین و داهاتیان نزمە و لە چینی هەژار دەژمێردرێن، ئەوەندە پارە بۆ مادده هۆشبەرەکان خەرج دەکەن، کە دەبێتە هۆی خەرجنەکردن بۆ خێزانەکانیان و دواتر دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان، بە تایبەتی تەڵاق و دەستلێکبەردان؛ هەروەک لە ئەنجامەکانی هەندێک لێکۆڵینەوەتریشدا هاتووە.

ئەگەر بە پێی ئامارەکان، ئەگەر لە کوردستان (٤٠٠٠) خووگرتوو و بەکارهێنەری مادده هۆشبەر هەبێت وەکوو ڕێژەی ناوەندی، زیانە ئابوورییەکانیشی لە یەک ساڵ دا، بە پشتبەستن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەم، کە ناوەندی خەرجیی هەر خووگرتووەک لە یەک مانگدا بۆ کڕینی ماددەی هۆشبەری پێویست، بریتییە لە (١٧٤,٥٠٠) دینار، واتە (١٤٧,٥)$ ، ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١٤٧,٢٠٠×٤٠٠٠=٦٩٨,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ هەر مانگێک

دینار بۆ یەک ساڵ ٦٩٨,٠٠٠,٠٠٠=٨,٣٧٦,٠٠٠,٠٠٠ ×١٢

واتە: بڕی حەوت ملیۆن و سەد هەزار دۆلار $ (٧,١٠٠,٠٠٠)([٩٩])."

---

([٩٩]) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣.

"بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان بە پلەی سێیەم دێت لە دوای بازرگانیی نەوت و چەک، بەهای ئەو ماددانە و سوودی زۆری بۆ بازرگانان وایکردووە سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمیشیان بەردەوام بن، هەندێک لەو ماددانە وەک ئێڵ ئێس دی (LSD)،کە ماددەیەکی سڕکەرە و نرخی (١)گرامی نزیکەی (٣) هەزار دۆلارە، ماددەی کۆکاین(cocaine)یش یەکێکە لە مادده مەترسیدارە هۆشبەرەکان و نرخی (١) گرامی نزیکەی (٢٥٠) دۆلارە. تووشبووانیش سەرەڕای بەفیڕۆدانی پارەیەکی زۆر لە کڕینی ئەو ماددانەدا، بۆ چارەسەرکردنیشیان دەبێت پارەیەکی زۆر خەرج بکرێت، کارناسێنی خەسێرە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێن: دەوڵەت بۆ دەرمانی هەر یەک لە تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان (٣٠)هەزار تمەن بوجەی لە ماوەی ساڵێک تەرخانکردووە، ئەمەش لە حاڵێکدایە نێونجی سەرانەی جیهانی بۆ هەر یەک تووشبوو (٢٧) دۆلارە لە ڕۆژێکدا. بەپێی ڕۆژنامەی ( الاهـرام)ی ڕۆژانەی میسری، ئافرەتێکی دانیشتووی ئەو وڵاتە هەستاوە بە فرۆشتنی منداڵە تەمەن (٢) دوو مانگانەکەی بە ئافرەتێکی دەوڵەمەند، بە بڕی (١٥٠٠)جونەیهی میسری، بۆ ئەوەی بە پارەکەی ماددەی هۆشبەر بۆ مێردەکەی بکڕێت. کەسانی تووشبوو لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە کەسانێکی بێ کەڵک دەبن و توانای بەرهەمهێنانیان نابێت، بەڵکوو دەبێت بۆ چارەسەریان پارەیەکی زۆر خەرج بکرێت، جگە لەو زیانە گیانییەی کە بەر تاکەکانی کۆمەڵ دەکەوێت، زیانە کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ماددیەکانی تەشەنەکردنی مادده هۆشبەرەکان کارەساتێکی بەرفراوان بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دێنێت، بەتایبەتی لە ناو چین و توێژی ئالوودەبوواندا([١٠٠])."

بەپێی زانیارییەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، خەرجی چارەسەرکردنی هەر تاکێکی خووگرتوو بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە (٤٠٠٠$) چوار هەزار دۆلاری ئەمریکی، واتە بۆ چارەسەرکردنی هەر تاکێکی خووگرتوو بە مادده

([١٠٠]) ماڵپەڕی خوێندنگە، http://www.xwendga.com/٢٠١٧/٠٤/blog-post_٤٩٤.html، ڕاپۆرت لەسەر ماددەی هۆشبەر،

هۆشبەرەکان بڕی (٤٠٠٠$) چوار هەزار دۆلاری ئەمریکی لەسەر حکوومەتی هەرێم دەکەوێت.([١٠١]).

**شەشەم: زیانە تەندروستییەکانی مادده هۆشبەرەکان:** مادده هۆشبەرەکان هەر تەنیا زیانی کەسۆکی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان نییە، بەڵکوو لە ڕووی تەندروستیشەوە، زیانێکی زۆر بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنن و بەرەوڕووی چەندین نەخۆشی کوشندە و جۆراوجۆر دەکەنەوە. ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو نەخۆشییانەی کە بە هۆی مادده هۆشبەرەکانەوە تووشی مرۆڤ دەبن:

١. **مەترسی تووشبوون به نەخۆشییەکانی دڵ زیاد دەکات:** مادده هۆشبەرەکانی وەک کۆکایین و کریستاڵ کە ناوە زانستییەکەی بریتییە لە مێسێمفێتامین (methamphetamine)، دەتوانن دڵ و دەمارەکانی خوێن تێکبشکێنن و بەکارهێنانی ئەم ماددانە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ، ناڕێکی لێدانی دڵ و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی دڵ زیاد دەکات.
٢. **کێشە لە کۆئەندامی هەناسەداندا دروست دەکات:** ئەو ماددانەی کە دەکێشرێن یاخود هەڵدەمژرێن دەتوانن ببنە هۆکاری تووشبوون بە نەخۆشی درێژخایەن و ژەهراویبوونی کۆئەندامی هەناسەدان، بۆ نموونە: دەرمانی ئۆوپیۆید (Opioids) کە هێرۆیینی تێدایە، دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی هەناسەدان بە لکانی بە هەستە ئەندامە تایبەتییەکان لە ناوەندە کۆئەندامی دەمار، کە بەرپرسە لە ڕێکی هەناسەدان، کەسی وەرگر لەوانەیە بە تەواوی لە هەناسەدان بوەستێت ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر ژەمی ئەم دەرمانە وەربگرێت یاخود ماددەکانی تری وەک خەولێخەرەکان و مادده کهۆلییەکان وەربگرێت.

---

([١٠١]) ڕاسپاردەکانی مادده هۆشبرەکان، کۆنفرانسی خووگرتن بە مادده هۆشبرەکان، ڕێکخراوی ژێدەر، هەولێر ٦/٥/٢٠٢٣ .

٣. **زیانگەیاندن بە گورچیلەکان:** کاری گورچیلە پاڵاوتنی کانزاکان و ماددە نەخوازراوەکانە لە ناو خوێن، هێرۆیین و کیتامین و ماریجوانا دەتوانن ببن بە هۆکاری زیانگەیاندن و لە کارکەوتنی گورچیلەکان.

٤. **نەخۆشی جگەر:** ماددە هۆشبەرەکان و ماددە کهۆلییەکان دەتوانن زیان بە خانەکانی جگەر بگەیەنن، ببن بە هۆکاری هەوکردنی جگەر و لەکارکەوتنی(١٠٢).

" توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن، کە کەسانی ئالوودەبوو بە ماددە هۆشبەرەکان زۆر جیاوازن لە کەسانی ئاسایی، ئالوودەبووەکان بەردەوام هەست بە ماندووبوون دەکەن و دەمارەخانەکانی مێشکیان هەمیشە لە وریابووندان و چالاکن، بەڵام لە هەر حاڵەتێکی نائاسایی و گرتنەوەی ئەو ماددانەدا لە کەسی ئالوودەبوو، ئەگەری زۆری هەیە دەستبەجێ گیان لەدەست بدات.

هەروەها کەسانی ئالوودەبوو ناتوانن تەنیا بۆ چرکەیەکیش واز لە دەرمان بهێنن و کاریگەی لەسەر هەڵسوکەت و قسەکردنیان دەبێت لەکاتی قسەکردندا، کەسی بەرانبەر ناتوانێت بەتەواوی لێیان تێبگاتو قسە ئەبزرکێنن.

لەگەڵ ئەوەش هەمیشە بەکەسی لاواز و بێدەسەڵات دێنە پێش چاو، بەردەوام هەست بەگێژبوون دەکات و تووشی سەرئێشە و ڕشانەوە دەبێت و تووشی زەردوویی دەبێت و پێستی کەسی ئالوودەبوو تووشی پەڵە و لەکەی نامۆ دەبێت، بەشێوەیەك کەسی ئالوودەبوو لە کۆمەڵگە دادەبڕێت.

ماددەی هۆشبەر جگە لە زیانی تەندروستی، زیانی ئابووریشی لێدەکەوێتەوە، بەشێوەیەك کەسی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر وردە وردە لە مردن نزیك دەبێتەوە و گیان لەدەست دەدات(١٠٣)."

د . خاڵس، بەمجۆرە باس لە کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان دەکات لەسەر تەندروستیی بەکارهێنەر و دەڵێت: "ماددەی هۆشبەر زیانی تەندروستی زۆرە لەسەر تەواوی

---

(١٠٢) ماڵپەڕی زانیاری، https://zaniary.com/blog ، ماددەی هۆشبەر، سروشت ناجی - بەروار: ٢٠٢١-٠٩-٠٣.

(١٠٣) ماڵپەڕی شار، https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=٩٢٥٥١، کاریگەرییەکانی ماددەی هۆشبەر بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، ٢٠١٧/٠٨/٠٣.

ئۆرگانەکانی جەستە، بەکارهێنەر بەپێی جۆری ئەو ماددانەی بەکاری دەهێنێت، تووشی پەککەوتن، نەخۆشی، ئازار، شێوان...هتد، دەکات، لەگەڵ ئەوەش لایەنی دەروونی کەسەکە تێك دەچێت و تووشی شێتبوونی دەکات، دوا خاڵیش حاڵەتی خۆکوشتنە(١٠٤).”

**حەوتەم: زیانە ڕەوشتی و ئاینییەکانی مادده هۆشبەرەکان:** کەسی ئالوودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان لە بەها ڕەوشتی و ئاینییەکان دوور دەکەوێتەوە و ئەو پابەندبوونە دینی و ڕەوشتییەی کە هەیبوو، لەدەستی دەدات، چونکە کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان وای لێ دەکات هەموو ئەو بەها و پێوەرە دینی و ڕەوشتییانەی کە لە ناو کۆمەڵگەدا باون تێکبشکێنێت لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو ماددانە و تێرکردنی حەزەکانی، بۆیە زۆرجار دژی ئەو یاسا و ڕێسا و بەها ئەخلاقی و ئاینییانە دەوەستێتەوە کە لەناو کۆمەڵگە باون و پەیڕەو دەکرێن.

توێژەری کۆمەڵایەتی دکتۆر فائیز ئیبراهیم لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر جەستەیەک بە هۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە ئالوودە ببێت، چۆن دەتوانێت بە دروستی بڕیار بدات و باش و خراپ، سوود و زیان، حەڵاڵ و حەرام لە یەکتر جیا بکاتەوە؟ کاتێ کە عەقڵی تەندروست و ساغ نەبێت، هەم کات و هەمیش پارە لە ڕێگایەک سەرف دەبێت کە هیچ سوود و قازانجێکی نییە. بۆ تاکی خووگرتوو هیچ شتێک لەوانە گرنگ نییە؛ بۆیە زۆر بە ئاسانی بیر و باوەڕی ئاینی و بەڵێنە ئەخلاقییەکانی لەژێر پێ دەنێت لەپێناو گەیشتن بەو ماددانە. دەبینین کە تاکی خووگرتوو زۆر بە ئاسانی درۆ دەکات، دزی دەکات، منداڵی خۆی دەفرۆشێت و تەنانەت زۆرجار بووە کە هاوسەری خۆی ناچار بکات بۆ لەشفرۆشی و داوێنپیسی، تاکوو پارە و مەسرەفی کڕینی ماددەی هۆشبەری پێویست دابین بکات. لە حاڵێکدا ئاینی ئیسلام مادده هۆشبەرەکان و جگەرە و مەشروباتی ئەلکهۆلیی حەرامکردووە، بە ئاسانی سنووری خوای دەبەزێنێت و گوێ لە هەوا و ئارەزوو دەروونییەکانی دەگرێت؛ بۆیەش کە دەبینین زۆربەی خووگرتووەکان هیچ پابەندییەکیان

---

(١٠٤) ماڵپەڕی زاری کرمانجی، https://www.zarikrmanji.net/Home/Details/١٨٨٠٩ ، مادده هۆشبەرەکان تیرۆرێکی تری دژ بە مرۆڤایەتی، مەهدی محەمەد.

نییە، نوێژ ناکەن، ڕۆژوو ناگرن، زەکات و سەدەقە نادەن و هتد! واتە گوناهێک دەکەن، کە گوناهەکانی دیکە ــ یەک لە دوا یەک ــ دێنێتە کایەوە!

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بە دەرەنجامی توێژینەوەکەمر کرد، (١٠٠%)ی خووگرتووە بەندکراوەکان نەیاندەزانی کە ئاینی ئیسلام ئەمر ماددانە تەنانەت جگەرەش بە حەڕام دەزانرێت و بە سەختی ڕێگایان لێدەگرێت. هەروەها گوتمان کە پابەندیی ئاینی لە لای خووگرتووان، یان زۆر کەمر بووە (٦٠%)، یانیش هەر هیچ بووە (٤٠%) [١٠٥]."

"مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی دارمانی ڕەوشت لە کۆمەڵگەدا بەگشتی، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕەفتارە تاوانکارییەکان و نەبوونی کۆنترۆڵی ناوخۆیی و ڕەفتاری مرۆڤ بە سەر کردەوەی تاکەکەسیدا[١٠٦].

مافناس(هانا عومەر ئیبراهیم) لەمبارەیەوە دەڵێت: " دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستان خەریکە هێڵی سوور تێدەپەڕێنێت و لە هەر ناوچە و شارێکی کوردستاندا، چەندین کەسی ئالوودە بە مادده هۆشبەرەکان هەن، ئەمەش سەرەنجام کاریگەریی خراپ لەسەر کۆمەڵگە و خێزان دروست دەکات.

یەکێک لە گرفتەکان ئەوەیە کە لەکاتی بەکارهێنانی ئەو ماددانەدا، مرۆڤ لە دۆخی ئاسایی خۆی دەردەچێت و وەک بوونەوەرێکی ترسناک و دڕەندەی لێدێت و دەبێتە کەسێکی شڵەژاو و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نائاسایی دەبێت و هەندێکجار دەیگەیەنێتە ئەوەی ببێتە کەسێکی بکوژ یان خۆکوژ[١٠٧]."

---

(١٠٥) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

(١٠٦) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٩٥٥٧٦ ، کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر خێزان و کۆمەڵگە، مامۆستا مەلا عەزیز جەبار مەنتك، بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان،January ١٨, ٢٠٢٣ .

(١٠٧) ماڵپەڕی کوردستانی نوێ، https://knwe.org/KU/ArticleDetails/٢٠٥٦ ، مادده هۆشبەرەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە، مافناس ( هانا عومەر ئیبراهیم)، ٢٠٢٣-٠٢-٠٧.

# تەوەری پێنجەم:

# قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆیان دەگێڕنەوە

## قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆیان دەگێڕنەوە

بە هەزاران کەسی ئالوودەبوو لە کوردستان هەن، هەرکامیان چیرۆکێکی تراژیدیی هەیە، کە جێی تێڕامان و پەندوەرگرتنن، بۆیە لەم تەوەرەشدا بە پێویستم زانی تیشك بخەمە سەر بەسەرهات و چیرۆکی چەند کەسێکی ئالوودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان، کە لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە چیرۆکی گیرۆدەبوون و ئالوودەبوونی خۆیان دەگێڕنەوە، بۆ ئەوەی هەمووومان پەند و عیبرەتی لێ وەربگرین و خۆمان لە مادده هۆشبەرەکان بپارێزین و نەکەوینە ئەو هەڵە و تەڵەیەوە!

لە خوارەوە چیرۆکی ڕاستەقینەی چەند کەسێکی ئالوودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان دەخەمەڕوو:

١. گەنجێك لە ناو زیندان بەشداری لە بەرنامەی "لەگەڵ ڕەنج" دەکات و بەمجۆرە بە پرسیار و وەڵام چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆی دەگەڕێتەوە:

پرسیار: گەنجی جوان تا پۆلی چەند خوێندۆتە؟

وەڵام: تا پۆلی یەکی سەرەتایی!

پرسیار: کەی تووشی ماددەی هۆشبەر بوویت؟

وەڵام: لە تەمەنی ١٤ ساڵی، لە ساڵی ٢٠٠٩ !

پرسیار: لە ڕەفیقەوە فێربوویت؟

وەڵام: لە براکانمەوە فێربووم !

پرسیار: ئێوە چەند برا دەیکێشن؟

وەڵام: ئێمە چوار براین، هەرچوارمان دەکێشین!

پرسیار: چوار برا لە یەك خانەوادە؟

وەڵام:بەڵێ!

پرسیار: لە تۆ گەورەتر بوون؟

وەڵام: بەڵێ!

پرسیار: خۆیان هانی تۆیان دا، یان بە خۆت تاقیت کردەوە؟

وەڵام: وەك تاقی کردنەوە، تاقیم کردەوە، بەڵام هەر هێندە سەختە تا تاقی دەکەیتەوە، کە تاقیکردەوە تووشی دەبیت؟ کە تاقیم کردەوە نەمدەتوانی تەرکی کەم، نە دایکیشم هەیە نە باوك، کە دەبینم ئەوان دەکێشن، بەرگەی ناگرم، دەبێت بکێشم !

پرسیار: هیچ جارێك تۆیان دەنارد بۆیان بیهێنیت؟

وەڵام : هیچ کاتێك منیان نەنارد، بەڵام کە کێشام، دواتر بە خۆم دەچووم بۆیان بهێنم، بۆ ئەوەی ئەوان نەچن !

پرسیار: هیچ جارێك هەرچوارتان پێکەوە زیندانیکراون؟

وەڵام: هەرچوارمان نا، بەڵام دووانمان پێکەوە زیندانیکراوین!

پرسیار: ئێستا خۆت و براکەت پێکەوە زیندانین؟

وەڵام: بەڵێ!

پرسیار: هەمووتان لە یەکترییەوە فێربوون؟

وەڵام: بەڵێ، برا گەورەکەم پێش هەمووان تووش بوو، ئەویش برایەکی لە خۆی بچووکتری تووش کرد، ئەویش برای سێیەمی تووشکرد، سێیەمەکەش منی تووشکرد!

پرسیار: ماددەی هۆشبەر ئاسان دەستتان دەکەوت؟

وەڵام:  جاران نا، بەڵام ئێستا ئاسان دەست دەکەوێت!

پرسیار: هەموو جۆرەکانی ئاسان دەست دەکەوێت؟

وەڵام:  بەڵی هەموو جۆرەکانی ئاسان دەست دەکەوێت، چونکە ئێستا خەڵکێکی زۆر دەکێشێت!

پرسیار: یەکەمجار چ جۆرێکت کێشا؟

وەڵام : لە حەبەوە دەستم پێکرد!

پرسیار:  حەب ئاسان دەستت دەکەوت؟

وەڵام: بەڵێ، لە دەرمانخانەکانیش دەست دەکەوت!

پرسیار: بۆ ئەو گرووپەی کە یەکتری دەناسن پەیداکردنی مادده هۆشبەرەکان ئاسانە؟

وەڵام:  بەڵێ ئاسانە!

پرسیار: جیاوازیی ئەوکاتەی کە مادده هۆشبەرەکانت بەکارنەدەهێنا لەگەڵ ئێستا چییە کە بەکاری دەهێنیت؟

وەڵام: جیاوازییەکە زۆرە، هەرچەند ئەوسا زۆر بەنەهامەتی ژیاوم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستا باشتر بوو، نەك وەك ئێستا هەموو ڕۆژێك لە زینداندا بیت، کە گیرام، خوار ١٨ ساڵ بووم، ئەوە ئێستا بەرەو تەمەنی ٢٦ ساڵی دەچم!

پرسیار:  لەگەل براکەت لە زیندان باسی چی دەکەن؟

وەڵام:  باسی ئەو بابەتە ناکەین، من بەش بە حاڵی خۆم باسی ئەو بابەتە ناکەم، بۆ ئەوەی دووبارە نەکەومەوە سەر ئەو ڕێگایە! تەواو، ئەگەر ئەمجارە لە زیندان دەرچووم، وازی لێ دێنم!

پرسیار: بڕیاری کۆتاییت داوە وازی لێ بێنیت؟

وەڵام: ان شاء الله بڕیاری کۆتاییم داوە وازی لێ بێنم؟

پرسیار: تۆ لەگەڵ ئەو برایەت زیندانی کراویت کە پێش تۆ تووش بووە؟ هەمووتان قوربانین؟

وەڵام: بەڵێ هەموومان قوربانین؟

پرسیار: براگەورەکەتان چۆن تووش بوو؟

وەڵام: براگەورەکەمان کاتی خۆی لە ئێران تووش بوو؟

پرسیار: ئێستا پلانت چییە کە لە زیندان ئازاد کرایت چی دەکەیت؟

وەڵام:  وەڵڵا بە تەمامە ژیانێك بۆ خۆم پێك بهێنم و جارێکی دیکە نەگەڕێمەوە سەر بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان!

پرسیار: چەند ساڵ زیندانی کراویت؟

وەڵام: پێنج جار زیندانیکراوم و هەشت ساڵم لە ناو زیندان دا تەواوکردووە!

پرسیار: کۆتا جار کە لە زیندان ئازاد کرایت، چۆن دەستت پێکردەوە؟

وەڵام: کۆتا جار کە لە زیندان چوومە دەرەوە، برایەکم تەلەفۆنی کرد، چووم بۆ ماڵەوەیان، کە دیتم دەیکێشا، منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و دانیشتم لەگەڵیدا کێشام!

پرسیار: چەند ماوە لە زینداندا بوویت، دواتر دەستت بە کێشانی کردووە؟

وەڵام: چڵ و حەوت مانگ لە زیندان دا بووم، چوومە دەرەوە و دووبارە دەستم بە کێشانی کردوەوە .

پرسیار: هەریەك جاری زەحمەتە، کە دەستت پێکرد تەواو؟

وەڵام: تەواو!

پرسیار: تۆ چی بە گەنجانی ئەم وڵاتە دەڵێیت؟

وەڵام: هیوادارم نەکێشن، ئێمە ژیانمان ئاوا فەوتا، با ژیانی ئەوانیش نەفەوتێت! من لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵی تووش بووم، با ئەوانی دیکە چاو لە ئێمە نەکەن، چونکە کارێکی خراپە!

پرسیار: ئاسایش قسەی خێرتان بۆ دەکات ؟

وەڵام:  بەڵێ، ئێرە زۆر لە مەعەسکەر سەلام باشترە، چونکە لێرە ناتوانین بخۆین، لەبەر ئەوەی هیچ هەڵێکمان بۆ نارەخسێت!بەڵام لەولا وانییە ئاسانترە!

پرسیار: تۆ کە لەوێ بوویت، چەند ساڵت لەوێ بەسەر برد؟

وەڵام: چوار ساڵم لەوێ تەواوکرد؟

پرسیار: کۆتا جار کە لەوێ هاتییەدەر کەی بوو؟

وەڵام:  ١١ مانگ پێش ئێستا بوو، کە هاتمە دەرەوە، دوای چوار مانگ گیرام!

پرسیار:  تا ١١ مانگ پێش ئێستا لە ناو زیندان دەستت دەکەوت؟

وەڵام:  بەڵێ تا ١١ مانگ پێش ئێستا لە ناو زیندان دەستم دەکەوت! ئێستا بەو هەواڵانەی کە لامانە لەوێ دەست دەکەوێت!

پرسیار: هەموو جۆرەکانی؟

وەڵام: هەموو جۆرەکانی!

پرسیار: بەڵام وەزارەت زۆر هەوڵدەدات بنبڕی بکات، ئایا تا ئێستا نەیتوانیوە؟

وەڵام: ناتوانێت، چونکە زۆربەی ئەوانەی لێرە لەسەر ماددە هۆشبەرەکان دەگیرێن دەگوازرێنەوە بۆ ئەوێ، لەوێش بە هەر جۆرێك بێت ماددەی هۆشبەر دەهێننە ژوورەوە!

پرسیار: بە ڕای تۆ ئەو زیندانییانەی کە لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەگیرێن، ئەگەر لای ئاسایش بن باشترە لەوەی لای حکوومەت بن؟

وەڵام: بەڵێ، زۆر زۆر باشترە، چونکە لێرە لە ئاسایش بە زەحمەت ماجەیەکیشمان پێ دەدرێت، من ١١ مانگە لێرەم، لە دوای نۆ مانگ، ئینجا ماجەیەکمان پێدا!

پرسیار: ئێستا ئاسەوارەکانی لەسەر تۆ کاڵبووتەوە، وەك جاران حەزت لێی نییە، خەریکە خوێنت پاك دەبێتەوە؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: ئەی سەرەتا چۆن بوویت؟

وەڵام: سەرەتا وەزعم زۆر خراپ بوو!

پرسیار: خراپی چۆن؟

وەڵام: ئازاری جەستەیی، هەموو جەستەم ئازاری هەبوو، کە لێم بڕا، هەموو جەستەم ئازاری هەبوو، بەڵام ئێستا لە خوا بەزیاد بێت باشترم!

پرسیار: لە ناو زینداندا شەڕناکەن لە تاوا؟

وەڵام: لە هەفتەی یەکەمدا کە دەگیرێین لێکجیا دەکرێینەوە، دوای هەفتەیەك، کە لە شوێنێك کۆدەکرێنەوە بەرمان دەدات!

پرسیار: دوو قسە بۆ گەنجان و دایکان باوکان بکە، چیان پێ دەڵێیت؟

وەڵام: وەڵڵا هیوام وایە ئەو گەنجانەی ئێستا لە گازینۆ و کافیتریاکانن، نەچن بەلای ئەو کەسانەدا کە مادده هۆشبەرەکان دەخۆن، هەروەها ئەوانەش کە ڕەفاقەتی ئەوان دەکەن، چونکە بە ڕەفاقەتیشیان تووش دەبن، چونکە مەوزوعت بۆ دەکەنەوە

بۆ ئەوەی ڕاتکێشن، چونکە ئەو دەرمانە وات لێ دەکات کە پارەت پێ نەمێنێت، کە پارەشت پێ نەما، ناچاریت دوو ڕەفیقی خۆت بێنیت هەڵیان خەڵەتێنیت!

پرسیار: ئەوانەی ئەم کارە دەکەن لەسەر حیسابی یەکتر دەکێشن؟

وەڵام: بەڵێ، ئەگەر نموونە لەسەر خۆم بهێنمەوە، ئەگەر من پارەم پێ نەمێنێت، دەچم کەسێکی دیکە فێر دەکەم! چونکە ئەو پارەیەی لای ئەو هەیە لای من نییە، من دەسەڵاتم نەماوە! چونکە چەند ساڵێکە خەریکی کێشانم، خەڵکانێکی زۆریش هەیە لەم جۆرەیە!

پرسیار: هەموو ڕێگایەك دەگریتەبەر بۆ ئەوەی ئەو پارەیە پەیداکەیت؟

وەڵام: بەڵێ، زەلاممان هەیە، ماڵی لەدەستداوە، خێزانی لەدەستداوە، منداڵی لەدەستداوە!

پرسیار: تەنانەت تا دزی و کوشتنی خەڵکیش؟

وەڵام: بەڵێ لەوانە زۆر زۆرمان هەیە!

پرسیار: لە ناو زیندان کاتەکانتان بەچی بەسەر دەبەن؟

وەڵام: کاتەکانمان زیاتر بە یاریکردن و تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بەسەر دەبەین!

پرسیار: چ جۆرە یارییەك دەکەن؟

وەڵام: یاری تاولە و دۆمینە و دامەمان لایە!

پرسیار: کوڕێکی قۆز دیاریت، پێشتر عاشقیش نەبوویت؟

وەڵام: بەڵێ عاشق بووم، خۆشەویستەکەشم لەسەر ماددە هۆشبەرەکان لەگەڵمدا گیراوە !

پرسیار: خۆشەویستەکەشت لەگەڵت لە زینداندایە؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: کامتان زووتر دەیکێشا؟

وەڵام: من زۆر زووتر لە پێش ئەو دەمکێشا، کە لە زیندان چوومە دەرەوە، یەکتریمان ناسی و بەیەکەوە کێشامان؟

پرسیار: خۆشەویستەکەت چەند ساڵە؟

وەڵام: ٢١ ساڵە؟

پرسیار: خۆشەویستەکەت خوێندەواریی هەیە؟

وەڵام: بەڵێ تا یەکی ناوەندی خوێندوویەتی!

پرسیار: چۆن یەکتریتان ناسی؟

وەڵام: لە ڕێگەی دەرمانخواردنەوەوە یەکتریمان ناسی!

پرسیار: کوڕان زیاتر دەکێشن یان کچان؟

وەڵام: کوڕان زیاتر دەکێشن، بەڵام کچانیش زۆر دەکێشان، چونکە وەك جاران نەماوە ئێستا ڕێژەکەی زیاتر بووە!

پرسیار: کچەکان لە ڕێی کوڕەکانەوە فێر دەبن؟

وەڵام: بەڵێ کوڕەکان، کچەکان فێر دەکەن!

پرسیار: ئەوانەی دەکێشن لە شوێنێك کۆدەبنەوە و جەوی بۆ دروست دەکەن؟

وەڵام: بەڵێ چەند کەسێك پێکەوە لە شوێنێك کۆدەبنەوە و دەیکێشن، بۆ نموونە: من و خۆشەویستەکەم لە شوێنێك پێکەوە دەمانکێشا!

پرسیار: خۆشەویستەکەت لە زیندانە لە بەشی ژنان، توانیوتە پەیامێکی بۆ بنێریت کە پێکەوە تەرکی بکەن؟

وەڵام: نەخێر نەمتوانیوە پەیامیشی بۆ بنێرم!

پرسیار: پێت وایە ئەگەر بتوانیت تەرکی کەیت، بەویشی تەریکی کەیت؟

وەڵام: ان شاءالله پڕۆژەم هەیە ئەگەر بتوانم بە خۆم تەرکی کەم و بەویشی تەرکی کەم!

پرسیار: هەر ماددە هۆشبەرەکە تەرك دەکەیت یان خۆشەویستەکەشت؟

وەڵام: ئەگەر بزانم خۆشەویستەکەم وازی نەهێناوە، واز لەویش دێنم!

پرسیار: بەڵام نابێت لە نیوەی ڕێگە بەجێی بێڵیت؟

وەڵام: ئەگەر نەمتوانی قەناعەتی پێ بکەم، وازی لێ دێنم، چونکە خۆمم خۆشتر دەوێت لەو!

پرسیار: ئومێدەوارم ئەو زەردەخەنەی کە من دەیبینم و بینەران نابینن، ببێتە زەردەخەنەی هەمیشەیی و خۆت و خوای خۆت ڕەحمت پێ بکات!

وەڵام: ان شاء الله، زۆر سوپاست دەکەم(١٠٨)!

٢.لە بەرنامەی (بە کورتی) کەناڵی (گاڤ)دا، پێشکەشکار (لوقمان ئاسهی)، چاوپێکەوتی لەگەڵ ژنێکی ئالوودەبوونی ماددە هۆشبەرەکان کردووە، ئەمە دەقی چاوپێکەوتنەکەیانە بەشێوەی پرسیار و وەڵام:

---

(١٠٨) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، لەگەڵ ڕەنج، https://www.facebook.com/watch/?mibextid=oFDknk&v=٥٢٥٢٩٤٩٤٠٤٨١٨٣٥٦.

پرسیار: چەند بۆ تۆ ئاساییە لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی دەرکەویت، دوای ئەوەی کە لەسەر ماددە هۆشبەرەکان کەوتیتە زیندانەوە؟

وەڵام: حەزمکرد ئەم چاوپێکەوتنە بکەم، بۆ ئەوەی کەسی تر نەبێتە قوربانی و ئامۆژگارییەکانم بەهەند وەربگیرێن.

پرسیار: هەست بەوە دەکەیت کە هەڵەت کردووە؟

وەڵام: بەڵێ بێگومان.

پرسیار: هەڵەکەت بچووکە یان گەورەیە؟

وەڵام: گەورەیە.

پرسیار: دووبارە دەڵێم کەسانی ئالوودەبوو ئامادە نین بێنە سەر شاشە، تۆ بۆچی ئامادەبوویت؟

وەڵام: بۆ بەرژەوەندیی کەسی بەرانبەر، من هەڵەیەکم کرد، حەز ناکەم کەسێکی دیکە هەمان هەڵەی من دووبارە بکاتەوە، چونکە من زۆر شتم لەدەستدا و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر من بەجێ هێشت.

پرسیار: چیت لەدەستدا؟

وەڵام: من: براکانم، خێزان و جگەرگۆشەکانم لەدەستدا، بۆ شتێکی کەم.

پرسیار: ئایا کەس بە زۆرەملێ ئەو کارەی پێ کردی؟

وەڵام: نەخێر زۆریم لێ نەکرا، بەڵام گوێڕایەڵیم بۆ کەسی بەرانبەر بوو، وای کرد کە تووشی ئەو هەڵەیە بم.

پرسیار: لە ڕێی ئەم دیدارەوە دەتەوێت چ پەیامێك بە خەڵەك بگەیەنیت؟

وەڵام: ئومێدەرام ئەوەی بەسەرم هاتووە، بەسەری هیچ کەسێکی دیکە نەیەت، چونکە مرۆڤ ژیانی خۆی قوربانی خێزان و منداڵەکانی دەکات، بەڵام من ژیانی خۆم بە قوربانی شتێکی بێ نرخ کرد، کە هیچ بەهایەکی نەبوو.

پرسیار: ژیانی خۆت بە قوربانی چ شتێك کرد؟

وەڵام: قوربانی مادده هۆشبەرەکانم کرد، کە شایستەی ئەوە نەبوو براکانم و منداڵەکانم و تەندروستییەکەم بە قوربانی بکەم.

پرسیار: کەواتە تۆ پەشیمانیت؟

وەڵام: بێگومان من پەشیمانم.

پرسیار: ئەی مادام تۆ پەشیمانیت بۆچی حەز ناکەیت ڕوخسارت لە شاشە دەرکەوێت؟

وەڵام: ئاوا بۆ من باشترە، هەروەها ڕەنگە ئەمە ببێتە هاندەرێکیش بۆ ئەوەی ئالوودەبووانی دیکەش بێنە سەر ستەیج و چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە.

پرسیار: لە کەسوکارەکانت دەترسیت؟

وەڵام: بێگومان، بەڵام زیاتر شەرمیان لێ دەکەم.

پرسیار: زیاتر شەرم لە کێ دەکەیت؟

وەڵام: کەسوکار و براکانم، چونکە (دایك و باوك)م نەماون، هەروەها پیاوەکم و منداڵەکانیشم.

پرسیار: ئەی شەرم لە دراوسێکانیشت ناکەیت؟

وەڵام: بێگومان، بەڵام زیاتر شەرم لە کەسوکارەکانم دەکەم، چونکە ئەوەی شەرم لە کەسوکاری نەکات لە خەڵکیش ناکات.

پرسیار: چەند منداڵت هەیە؟

وەڵام: پێنج کوڕ و کچێکم هەیە؟

پرسیار: ئەکید لای تۆ نین؟

وەڵام: بێگومان لای من نین.

پرسیار: منداڵەکانت، وەك دایك سەیرت دەکەن؟

وەڵام: نەخێر، هەرچەند منداڵەکانم بەشێکن لە جەرگم و دایك و منداڵیش لێکجیاناکرێنەوە، بەڵام ئەوان ئێستا حەز ناکەن من دایکیان بم و خۆیان بێبەری کردووە لێم، بۆیە من پەشیمانم، خۆزگە بمردبامایە بەس ئەوەم بەسەر نەهاتبایە .

پرسیار: منداڵەکانت نایانەوێت تۆ دایکیان بیت؟

وەڵام: ئەکید نایانەوێت و خۆیان بێبەری کردووە لێم.

پرسیار: منداڵەکانت هەست بە شەرم دەکەن بتبینن؟

وەڵام: بەڵێ، بە خۆم بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردن و پێم گوتن دەمەوێت بتانبینم، گوتیان نامانەوێت بتبینین!

پرسیار: تۆ بۆچی نەچوویت بۆ لای ئەوان ڕووبەڕوو پێیان بڵێت من وازم هێناوە و پەشیمانم لەو کارەی کە کردوومە؟

وەڵام: من تا ئێستاش شەرم دەکەم ڕووبەڕوو بیانبینم.

پرسیار: ئایا دوای ئەم دابڕانە، دووبارە بیر لەوە ناکەیتەوە دەست بۆ ئەو ماددەیە بەریت کە پێشتر بەکارت هێناوە؟

وەڵام: ئەکید داڵغەی ئەوەم بۆ دێت، بەڵام تا ئێستا دانم بەخۆمداگرتووە و نەگەڕاومەتەوە لەبەر منداڵەکانم

پرسیار: لە کوێ بۆ یەکەم جار ماددەکەت بەکارهێناوە؟

وەڵام: لە ماڵی خۆم.

پرسیار:  کام ماددەت دەکێشا؟

وەڵام: ماددەی کریستاڵ.

پرسیار: لە کوێ بەدەستت دەهێنا؟

وەڵام: دەمکڕی لە دەوروبەرەکەم.

پرسیار: دەروبەرەکەت کێ بوون؟

وەڵام: دۆست و هاوڕێکانم بوون.

پرسیار: ئەوان لە کوێ بەدەستیان دەهێنا؟

وەڵام: ئەوانیش هەرکامیان سەر بە ناوچەیەك بوون، من زۆر نەمدەتوانی بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەم، چونکە  ئەگەر زۆر بەدواداچوونم بکردایە نەمدەتوانی ماددەکە بەدەست بهێنم.

پرسیار: بۆ یەکەمجار چۆن ئەو ماددەیەت دەستکەوت؟

وەڵام: یەکەمجار خەمێکی مەزنم هەبوو، چونکە کوڕێکی جگەرگۆشەم لەدەستدابوو، کەسێك، کە من لێی عاجز و دڵگرانم و هۆکارەی ئەم هەموو کارەساتانەیە کە بەسەرم هاتوون، پێی گوتم: "ئەو ماددەیە بەکاربهێنە، خەمەکەت نامێنێت."، بەڵام دوای بەکارهێنانیشی، فرمێسکەکانم هەر وشك نەبوون!

پرسیار: ئەو کەسە ژن بوو یان پیاو بوو؟

وەڵام: پیاو بوو؟

پرسیار: باشە ئەو کەسە، ماددەکەی لە کوێ هێنابوو؟

وەڵام: من نازانم، چونکە ئەوە نهێنییەکە، ئەگەر ئەو کەسە بیدرکێنێت ناتوانێت ماددەکەی بەدەستبهێنێت.

پرسیار: ئایا زانیاریت هەبوو کە بازرگانانی ژنیش هەن، بازرگانیی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە دەکەن؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: بە خۆت بینیوتن؟

وەڵام: من نەمبینیون، بەڵام گوێم لێ بووە، لە ناو گرووپەکەیاندا ژنی بازرگانیش هەن.

پرسیار: ئەو کەسەی کە بۆ یەکەم جار ماددەی هۆشبەری پێدایت، چەند ماددەی پێ بوو، یەك کیلۆ دوو کیلۆ؟ یاخود چەند حەبی پێ بوو؟

وەڵام: من نەمزانی، بەڵام بەپێی داواکاری(طلب) بوو، هەرچەند داوات کردبایە بۆت دەهێنایت.

پرسیار: وا پێدەچێت بازرگانێکی گەورە بووبێت؟

وەڵام: بەڵێ، چونکە چەندت ویستبایە، بۆت دەهێنایت.

پرسیار: هەستت بەوە کردبوو کە ئەو کەسە ماددەکە بە کەسانی دیکەش دەدات؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیار: ئایا جگە لە خۆت، ژنی دیکەش هەبوو، کە داوایان لەو بازرگانە کردبێت کە ماددەی هۆشبەری بۆ بهێنێت؟

وەڵام: بەڵێ زۆر ژنی دیکەش هەبوون، ئەوسا زۆربوون، ئێستا زۆر زیاترن، چونکە ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بڵاو بووەتەوە و تەنانەت خەریکە دەگاتە قوتابخانەکان و منداڵەکانیش.

پرسیار: ئایا ئەو کەسە بەبێ بەرانبەر ماددەکەی پێ دەدایت؟

وەڵام: نەخێر بە پارە بوو.

پرسیار: پارەکەیت لە کوێ دەهێنا؟

وەڵام: من کارم دەکرد.

پرسیار: ئەو کەسە بە بەلاش ماددەکەی پێ نەدەدایت؟

وەڵام: نەخێر، بەڵام جاری یەکەم میوانت دەکات، جاری دووەم بە هەرزان پێت دەفرۆشێت، دواتر پارەی تەواوت لێ وەردەگرێت، تەنانەت جاری وا هەبوو نیو کەوچکم بە (١٠٠)$ کڕیوە!

پرسیار: چارەنووسی ئەو کابرایە بە کوێ گەیشت کە بۆ یەکمجار ماددەکەی پێدایت؟

وەڵام: ئەکید ئێستا لە زیندانە و گیراوە.

پرسیار: تۆ بەس بەکاربەر بوویت، یاخود بازرگانیش بوویت؟

وەڵام: نەخێر، من تەنیا بەکاربەر بووم.

پرسیار: بۆچی بەرەو ئەو ماددەیە چوویت؟ ئایا نەتدەزانی کە زیانی هەیە؟

وەڵام: نەخێر سەرەتا نەمدەزانی، بەڵام دواتر زیانەکانی بەدەرکەوتن! بەڵام ئەگەر بمزانیایە هێندە کارگەریی لەسەر جەستەم بەجێ دێڵێت، قەت بەکارم نەدەهێنا.

پرسیار: لە دەڤەرەکە، ژمارەی ئەو ژن و کچانە زۆرە کە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن؟

وەڵام :ئەکید ژمارەیان زۆرە و زۆریان ئالوودەبووینە!

پرسیار: ئایا بە چ ڕێگایەك تەڵە بۆ ژنان و کچان دەنێنەوە؟

وەڵام: زیاتر ئەو ژن و کچانە تووش دەبن کە ئازادییان لە ماڵەوە هەبوو و بە ئازادیی دەچوونە دەرەوە .

پرسیار: بۆچی پەنا بۆ ئەو کارە دەبەن؟

وەڵام: بۆ چێژ و خۆشی؟

پرسیار: کام خۆشی؟

وەڵام: دەڵێت تام و چێژی هەیە، بەڵام من هەستم پێ نەکرد!

پرسیار: باشە ئەو ژنەی کە ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان بێت و ماددەی دەستنەکەوێت،چ کاردانەوەیەکی دەبێت؟

وەڵام: کاریگەرییەکەی زۆرە، ژن هەبووە منداڵەکەی لە شوقەکەی فڕێداوەتە خوارەوە و ئێستا لە زینداندایە!

پرسیار: ئایا ژنی وا هەیە بۆ پەیداکردنی ماددەکە ئامادەبێت جەستەی خۆی بفرۆشێت؟

وەڵام: ئەکید، ئەگەر جەستەی خۆی نەفرۆشێت ناتوانێت ماددەکەی پەیدا بکات!

پرسیار: ئایا تۆ بە هۆی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە ناچاربووی بەرەو داوێنپیسی و لەشفرۆشییەوە بچیت؟

وەڵام: من نەمهێشت، دەنا بەرەو ئەوە دەچووم! درکم بەوە کرد کە بەرەو ئەوە دەچم، بۆیە خۆم بەدەستەوە نەدات و ئیتر زیاتر نەچووم و وەستام!

پرسیار: داوای لەشفرۆشییان لێکردی؟

وەڵام: ئەکید داویان لێکردم، بەڵام ڕەتم کردەوە!

پرسیار:ئایا پیاوێك چۆن دەزانێت هاوسەرەکەی ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان بووە، یاخود باوکێك چۆن دەزانێت کچەکەی ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان بووە؟

وەڵام: نیشانەکانی ئەمانەن: کەمخەوی، کێش (وەزن)، خەوی هەرنامێنێت، ئەگەر دە شەو خەوی لێ نەکەوێت شتێکی ئاساییە! وەك پەرسیوێکیش لای ئەو کەسە پەیدا دەبێت، ئەوانەی لە ڕێی لووتەوە ماددەکە دەکێشن، وا بە ڕوخسارياندا دەردەکەوێت کە هەمیشە پەرسیويان لێیە!

پرسیار: لە کوێ گیرایت؟

وەڵام: لەماڵەوە.

پرسیار: چەند جار زیندانی کراویت؟

وەڵام: دوو جار

پرسیار: ئەگەر نەگیرابایت، هەر بەردەوام دەبوویت لەسەر بەکارهێنانی ئەو ماددانە؟

وەڵام: ئەکید بەردەوام دەبووم، بەڵام لای کەسوکارەکانم دەبووم و کەس پێی نەدەزانی!

پرسیار: جاری یەکەم ماوەی چەند لە زینداندا مایەوە؟

وەڵام: ساڵێك.

پرسیار: دوای ساڵێك، کە ئازادکرایت، دووبارە گەڕایتەوە سەر بەکارهێنانی ئەو ماددانە؟

وەڵام: بەڵێ، دووبارە بەکارم هێنایەوە!

پرسیار: جاری دووەم چەند ماوە لە زینداندا مایەوە؟

وەڵام: چوار مانگ!

پرسیار: چ وانەیەك لە هەردوو جارەکە فێربوویت؟

وەڵام: ئەکید وانەم وەرگرت و خێری منی تێدا بوو! هیچ کاتێك بیرم لەوە نەدەکردەوە لەگەڵ خێزانێکی (٩) کەسیدا بژیم و ڕۆژێك بێت بە تەنیا بمێنمەوە و لە ڕووناکی ئۆتۆمبێلێك یان دەنگێك بترسم!

پرسیار: حاڵی حازر بە چییەوە سەرقاڵیت؟

وەڵام: لە ماڵەوەم و خەریکی کاری دەستیم!

پرسیار: بە تەنیا دەژیت؟

وەڵام: بەڵێ بە تەنیا دەژیم.

پرسیار: ناترسیت؟

وەڵام: ئەکید دەترسم!

پرسیار: دیسان دەپرسم ئایا کە بە تەنیا بیت هزرت بۆ لای ئەوە ناچێت کە دووبارە بگەڕێتەوە سەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان؟

وەڵام: ئەکید بیر لەوە دەکەوە، بەڵام نامەوێت زیاتر ژیانی خۆم بفەوتێنم، چونکە تەنیا خۆم و تەندروستییەکەم ماوم وهیچی ترم نەماوە لەدەستی بدەم!

پرسیار: ئێستا زیاتر غەریبی کێ دەکەیت؟ کەسێکی دیارکراوت هەیە؟

وەڵام: منداڵە دە ساڵییەکەم، چونکە هیچ تاوانێکی نەکردبوو! من ئارەزوو دەکەم بێتە خەونم، بەڵام لە خەونیشدا نابینم!

پرسیار: تۆ حەز دەکەیت وەك جاران هەموو ئەندامانی خێزانەکەت لەسەر سفرەیەك کۆببنەوە؟

وەڵام: من حەز دەکەم، بەڵام وەك خەونێکە، هەر چەند بێئومێد نیم و دەڵێم بەڵکوو ڕۆژێك لە ڕۆژان خەونەکەم ببێتە ڕاستی! هەموو هیوا و ئاواتم ئەوەیە بە تەنیا نەمرم!

پرسیار: تۆ تەنیا دەژیت، ئایا لەوە ناترسیت ڕۆژێك لەماڵەوە بمریت و تەرمەکەت لە ماڵەوە بدۆزنەوە؟ ئایا ئەوە گوناهەکەت نییە کە ئەمەت بەسەر خۆت هێناوە؟

وەڵام: ئەکید گوناهی خۆم و خۆم لێی بەرپرسیارم! بەردەوام پێش نووستن لە خوا دەپاڕێمەوە بە تەنیا نەمرم! زۆرجار کاتێك هاوڕێکانم سەردانم دەکەن، پێیان دەڵێم: ئەگەر جارێك مردم و چاوەکانم کراوەبوون، ئەوا بزانم دوو منداڵی بچووکم هەیە، هەر چاوێکم چاوەڕێی بینینی یەکێکیانە!

پرسیار: کۆتا پەیامت بۆ ئەو کچ و ژنانە چییە کە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن؟

وەڵام: تکایان لێ دەکەم تکا، کە واز لەو کارە بهێنن، من بەش بە حاڵی خۆم، پیاوەکەشم کە ٢٤ ساڵ لەگەڵیدا ژیاوم، لەسەر شتێکی هیچ و پووچ لەدەستم دا، جگەرگۆشەکانیشم لەدەستدا، بۆیە هەمیشە دوعا دەکەم و دەڵێم پەروەردگارا دڵی هیچ دایکێك وەك دڵی من نەسووتێت([١٠٩])!

٣. دیداری ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەنووس (ڕزگار کۆچەر) لەگەڵ کچێکی خووگرتووی مادده هۆشبەرەکان، کە تەمەنی (١٨) ساڵە و بە هۆی هاوڕێی خراپەوە ئالوودە بووە

---

([١٠٩]) کەناڵی میدیایی گاف، https://www.facebook.com/watch/live/?ref=watch_permalink&v=١٠٥٩٣٤٨٠٠٨٤٢٩٤٨٣ ، بەرنامەی ب کورتی، پێشکەشکار لوقمان ئاسهی، ١٨ی نوفمبری ٢٠٢٣.

به مادده هۆشبەرەکان و تا ئێستا چەندین جار گیراوە، دەقی چاوپێکەوتنەکە، بە شێوەی پرسیار و وەڵام:

پرسیار: تەمەنت چەندە؟

وەڵام: ١٨ ساڵ

پرسیار: پێشتر چۆن گیرایت؟

وەڵام: لەگەڵ هاوڕێکانم گیرام، منیان فێرکرد.

پرسیار: کە فێری خواردنی مادده هۆشبەرەکان بوویت تەمەنت چەند بوو؟

وەڵام: تەمەنم ١٥ ساڵ بوو!

پرسیار: پێش ئەوەی ماددەی هۆشبەر بەکاربێنیت ژیانت چۆن بوو؟

وەڵام: زۆر خۆشتر بوو.

پرسیار: دەچوویت بۆ قوتابخانە؟

وەڵام: کە دەستم بە خواردنی مادده هۆشبەرەکان کرد، وازم لە قوتابخانە هێنا و لەماڵەوە زۆر لەگەڵ دایبابەکانم بەشەڕ دەهاتم!

پرسیار: پێم بڵێ بۆ یەکەمجار چۆن ئەو ماددەیەت بەدەستکەوت و بەکارت هێنا؟

وەڵام: لە ڕێی برادەرێك، منی فێرکرد!

پرسیار: چۆن فێری کردی؟

وەڵام: گوتی وەرە لەگەڵم، منیش بچووك بووم، نەمدەزانی چییە، بەدەستی خۆی ماددەکەی پێدام، ڕەنگی سپی بوو!

پرسیار: دوای ئەوەی کە فێربوویت، ئەو ماددەیەت لە کوێ دەکڕی؟

وەڵام: لە برادەرێك دەمكڕی، برادەری برادەرم بوو!

پرسیار: بووی دەهێنایت، یان بە خۆت دەچوویت دەتهێنا؟

وەڵام: بە خۆم دەچووم دەمكڕی!

پرسیار: كە بوویتە بەكارهێنەر، ژیانت چۆن بوو؟

وەڵام: تووشی كێشە بووم، دووبارە گیرامەوە!

پرسیار: جاری یەكەم لەسەر چی گیرایت؟

وەڵام: جاری یەكەمیش لەسەر مادده هۆشبەرەكان گیرام؟

پرسیار: پێشترهەڵسوكەوت لەگەڵماڵەوە چۆن بوو؟

وەڵام: پێشترهەڵسوكەوتم لەگەڵ ماڵەوە باش بوو، بەڵام ئێستا خراپە و بە هۆی مادده هۆشبەرەكانەوە قسەیان لەگەڵ ناكەم!

پرسیار: تۆ تەمەنت زۆر بچووكە، چی وایكرد ببیتە بەكاربەری مادده هۆشبەرەكان؟

وەڵام: برادەری پیس و خراپ!

پرسیار: هەندێ ماددەی هۆشبەر لە ماڵەكەتان گیرا، ئەوە چۆن بوو و هی كێ بوو؟

وەڵام: هی برادەرێكم بوو، لە ماڵی ئێمە گیرا!

پرسیار: ئەو مادده هۆشبەرەی لە ماڵەكەتان گیرا، دەتفرۆشتەوە، یان بەكاریشت دەهێنا؟

وەڵام: بەكارم دەهێنا!

پرسیار: كە ماددەكەت بەكاردەهێنا تووشی چی دەبوویت؟

وەڵام: تووشی نەفسی بوو، قاڵم ئازاری هەبوو، نەدەنووستم و نانم نەدەخوارد!

پرسیار: ئێستا كە لە بەندیخانەیت، ژیانت چۆنە؟

وەڵام: باشترە!

پرسیار: پێشتر گیرایت، دوای ئازادكردنت، دیسان دەستت بە كێشانی ماددەكە كردەوە، ئەگەر ئەمجارە ئازاد بكرێیت چی دەكەیت؟

وەڵام: تەواو، واز دەهێنم و خۆم دەگۆڕم!

پرسیار: ژیانت چۆن دەست پێدەكەویتەوە؟

وەڵام: ژیانم لەگەڵ دایبابەكانم دەست پێدەكەمەوە و هامۆشۆی هاوڕێكانم ناكەمەوە!

پرسیار: پەشیمانی لەوەی ڕوویدا؟

وەڵام: بەڵێ، پێشتر بچووك بووم، بەڵام ئێستا گەورەم و دەزانم زیندان چییە، قسەی خەڵك چییە([١١٠])!

٤. دیسان دیداری ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەنووس (ڕزگار كۆچەر) لەگەڵ قوربانییەكی دیكە، كە كچێكی خووگرتووی ماددە هۆشبەرەكانە، تەمەنی (١٩) ساڵە و بە هۆی هاوڕێی خراپەوە ئالوودە بووە بە ماددە هۆشبەرەكان، دەقی چاوپێكەوتنەكەی، بە شێوەی پرسیار و وەڵام:

پرسیار: باسی چیرۆكی خۆت بكە بزانە چۆن تووشی ماددە هۆشبەرەكان بوویت؟

وەڵام:  من لە ماڵی برادەرم بووم، كچێك برادەرمە، گوتی وەرە ئەو شتەی بخۆ، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی وەكوو نێرگەلە وایە!

---

([١١٠]) كەناڵی میدیایی AVA Media، https://www.facebook.com/avamedia.info/videos/١١٨١٥٥٦٦٠٦١٥٠٩٣١?locale=ar_AR، ڕزگار كۆچەر چیرۆكی مەترسیداری ماددەی هۆشبەر ئاشكرا دەكات.

پرسیار: شتەکە چی بوو؟

وەڵام:کریستاڵ بوو!

پرسیار: کەی بوو؟

وەڵام: پێش شەش مانگ بوو!

پرسیار: چۆن ئەو برادەرەت ناسی؟

وەڵام: هاوڕێی منداڵیم بوو، نەمدەزانی ئەو کارە دەکات، پێم وابوو کچێکی زۆر باشە!

پرسیار: ئەگەر هاوڕێیەکی باش بووایە چۆن فێری کاری وای دەکردیت؟

وەڵام: پێشتر باش بوو، بەڵام بەم دوایە گوتی وەرە بخۆ! کە خواردم، هەموو شتێکم لەبیر دەچوو!

پرسیار: چۆن خواردت؟

وەڵام: لە ڕێی نێرگەلەوە!

پرسیار: لە ڕێی کێیەوە ئەو ماددەیەت کێشا؟

وەڵام: لە ڕێی برادەرمەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە کێشام، گریام، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی ئەوە کریستاڵە، گوتم کریستاڵ چییە؟ گوتی کریستاڵ واتە ماددە هۆشبەرەکان، ئەو کچە زۆر ئەزیەتی دام و فێری کردم!

پرسیار: چۆن ماددەکەت دەست دەکەوت؟

وەڵام: بەس بە پارە!

پرسیار: چەند جار بەکارت هێنا؟

وەڵام: شەش حەوت جار!

پرسیار: چۆن گیرایت؟ ئەوەی من بزانم بڕێکی زۆر ماددەی هۆشبەرت لەدەست گیرا، کیلۆیەك بوو؟ چەند بوو؟

وەڵام: من لە ماڵی کچێکی برادەرم بووم، کوڕێك لەوێ بوو، ماددەکە لە دەستیدا بوو!

پرسیار: کوڕەکە چی لەو ماددەیەی دەکرد؟ دابەشی دەکرد؟

وەڵام: بەڵێ دابەشی دەکرد!

پرسیار: جاری یەکەم بە بەڵاشە یان بە پارەیە؟

وەڵام: جاری یەکەم بە بەلاش دەتداتێ، دواتر بە پارە، کێ پارەی زیاتری هەبێت دەدات بەو!

پرسیار: تۆ پەشیمانی لەم کارە؟

وەڵام: بەڵێ، ئامۆژگاریی هەموو خەڵك دەکەم کە لە هاوڕێی خراپ دوورکەونەوە!

پرسیار: ئێستا ژیانت چۆنە؟

وەڵام: ئێستا لە زیندانم!

پرسیار: هەست بە غەریبی دەکەیت؟

وەڵام: زۆر غەریبی منداڵەکانم دەکەم، دوو منداڵم هەیە!

پرسیار: منداڵەکانت سەردانت دەکەن؟

وەڵام: نەخێر سەردانم ناکەن!

پرسیار: بۆچی خێزانەکەت لێت تووڕەیە؟

وەڵام: بەڵێ لێم توورەیە!

پرسیار: پەشیمانی لە کارەکەت؟

وەڵام: بەڵێ زۆر پەشیمانم([١١١])!

٥.قوربانییەکی دیکە، کە پیاوێکی دەوڵەمەندە، لە ڕێی هاوڕێیەکی خراپەوە تووشی ئالوودەبوون بووە، بەمجۆرە چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" من پێش ئەوەی تووشی مادده هۆشبەرەکان بم، سێ چوار سەیارەم هەبوو، شەریك بووم لە مەعرەز، دەوڵەمەند بووم، وەزعم خۆش بوو، هیچ کێشەیەکم نەبوو، پێش ئەوەی ئالوودە بم، لەگەڵ خێزان و کەسوکار و براکانم وەك هاوڕێ بووین، زۆر ڕێزیان لێ دەگرتم و زۆرجار پرسیان پێ دەکردم، برادەرێکم لێم نزیك بووە، بە هۆی ئەوەوە تووشی مادده هۆشبەرەکان بووم، دەیگوت بیکێشە، هەرکاتێك ویستت یەك دوو ڕۆژە، ئیعتیادییە دەتوانیت وازی لێ بهێنیت، بەڵام شتێکی خراپتری بەسەرهێنام، جاری یەکەم تریاکم دەکێشا، ئینجا هێرۆیینی بۆ هێنام و گوتی بکێشە ئەوە خۆشترە، کە کێشام، ژیانم کەوتە ناو دۆزەخەوە، هەڵبەت دەبێت ئەو کەسانە فێری مادده هۆشبەرەکان بن کە هیچ شتێکیان نەبێت، نە پارە، نە هاوسەر، بەڵام من هەموو شتێکم هەبوو، پارەم هەبوو، خێزانم هەبوو، دەوڵەمەندبووم، لە خۆشیدا بووم !

کریستاڵ کە پێی دەڵێن شیشە، هێرۆیین، حەشیش و گەراز و ماددەی دیکەش هەیە، کە ئەو ماددانە دەکێشیت، بێهۆشت دەکەن، بیر لە هیچ ناکەیتەوە، چی بیکەیت پێت عەیبە نییە، کە لێشت دەبڕێن، ئامادەیت بچیت گوارەی گوێی کچە بچووکەکەت لێکەیتەوە و بیفرۆشیت! ئەوەی ئەو ماددانە دەکێشێت نە بەزەیی بە خێزان و

---

([١١١]) کەناڵی میدیایی AVA Media،
https://www.facebook.com/avamedia.info/videos/١١٨١٥٥٦٦٠٦١٥٠٩٣١?locale=ar_AR،
ڕزگار کۆچەر چیرۆکی مەترسیداری ماددەی هۆشبەر ئاشکرا دەکات.

منداڵەکانیدا دێتەوە، نە سکی پێیان دەسووتێت، بێ جلوبەرگ بن، بێ نان بن، هیچ کێشە نییە، بەس ئەتۆ لە دوو شتەکەی خۆتی، ڕاتدەکێشێت، ناعیلاجی، دەبێت بیکڕیت!

شەوێك لە فەرعی ئەو ماڵەی، تا کاتژمێر دوو هەر تەلەفۆنم بۆ کابرای دەکرد، هەڵی نەدەگرت، چونکە دەیزانی پارەم پێ نییە، بەڵام کە هەڵیگرت، مۆبایلەکەی لێ سەندم و سیمکارەتەکەی دایە دەستم، ئا بەوەی زۆر تێکچووم.

کە کەوتییە ناو ئەو ئیشە، نە پارەت دەمێنێت، نە متمانەت دەمێنێت، نەکەس باوەڕت پێ دەکات، نە کەس فەرمووشت لێ دەکات! لە هەر ماڵێکیش بیت، هیچ کەسێك ئامادە نییە ڕاتگرێت! ئێستا وەرە لەگەڵم، لەو شارەی من لێی دەژیم، چەند کەس شەوێ لەسەر کارتۆن دەخەون، چونکە کەس متمانەیان پێ ناکات، بۆیە نایبەنە ماڵەوە! ئەو شوێنەی من لێی دەژیم، جاران هەر پێنج شەش کەسم دەناسی کە ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان بوون، بەڵام ئێستا ژمارەیان دوو سێ هەزار کەس دەبێت!خانەوادە هەیە، هەموویان بە ژن و کچیشەوە دەیکێشن!

من بەش بە حاڵی خۆم، نە قوربانیم، نە تاوانبارم، من نەخۆشم، پێویستە چارەسەر بکرێم! ئەم کێشەیە بە توندوتیژی چارەسەر نابێت، تەنیا بە قسەی خۆش و دەرمان نەبێت، چونکە ئەگەر ناچاریش بکرێم، دووبارە دەست پێدەکەمەوە!

ماددەکە لە ئێرانەوە دێت و لە کافیتریاکانیش خەڵك کۆدەبێتەوە و لەوێ دەستدەکەوێت، بەتایبەتی حەب.

چاکسازی چارەسەر نییە، چونکە کە دەتبەنە زیندانی ئاسایش هەر ژوورێك ٦٠ کەسی تێدایە، پێشتر لەو ٦٠ کەسە تەنیا دوو سێیەکت دەناسی، بەڵام ئەمجارە کە حوکمەکەت تەواو کرد و بەردرایت، لانیکەم ١٠٠ کەسی دەناسیت، بە ژووری خۆت و

هی تەنیشتیشەوە! کە دەتبەن بۆ محەتە، هەرچی مادده هۆشبەرێکت دەوێت هەیە، لە ئاسایش نەبوو، بەڵام لە محەتە هەیە!

پێویستە لەجیاتی زیندان، کەمپێك هەبێت وەك نەخۆشخایەك بێت، قسەی خۆشت بۆ بکەن و چارەسەرت بکەن، هەروەها مامۆستات هەبێت قسەت بۆ بکەن و بتگەڕێننەوە ناو کۆمەڵگە، نەك لەناو زینداندا بیت، چونکە زیندان چارەسەر نییە، لە دەرەوەی زیندان ١٠ کەس دەناسیت، بەڵام کە چوویە زیندان، ئەو ١٠ کەسە دەبێتە ١٠٠ کەس، ئەو ١٠٠ کەسەش ژمارە تەلەفۆنی خۆتت دەدەنێ و پێت دەڵێن کە بەربوویت، تەلەفۆنمان بۆ بکە، ئێمە ماددەی هۆشبەرمان هەیە دەتدەینێ!

دواکاریشم لە حکوومەت ئەوەیە ئەو کەسەی لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەگیرێت، با لە کارەکەی فەسل نەکرێت، چونکە ماڵ و منداڵەکەی زیانیان بەردەکەوێت، هەروەها کابراش پێشتر بەکاربەر بووە، کە لە کار فەسلکرا دەبێتە فرۆشیار، بۆیە ئەوە چارەسەر نییە!

داواکاریشم لە خەڵك ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە زیندان بەر دەبێت، وەك تیرۆریست سەیری نەکات، چونکە تیرۆریست نیی، بەڵکوو لەگەڵی باش بێت و ئامۆژگاریی بکات!

کە سەرەتا دەستم بە کێشانی کرد، هاوسەرم نەیدەزانی چییە دەیکشێم، بەڵام کە گیرام، ئیجا زانی ئەوە چییە، بۆیە ئەو سۆزەی جارانی نەماوە، منداڵەکانیشم، ڕەحمیان نامێنێت، دوای گیرانم، لە قوتابخانە بە کچەکانم گوتبوو، باوکتان لەسەر مادده هۆشبەرەکان گیراوە! بەس ماڵ و منداڵت زەرەر دەکەن و دەبنە قوربانی، بۆیە داواکارم لە هەموو خانەوادەکان، کە کوڕیان هەیە ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت و شەوان نەچن بۆ کافیتریاکان، یاخود تا درەنگانی شەو لە دەرەوە نەمێننەوە! ئەگەر ماڵ و منداڵیشیان هەیە، با ئاگایان لێ بێت و بزانن بۆ کوێ دەچن و هامۆشۆی کێ

دەکەن، هەروەها شەوانە نەهێڵن تا یەکی شەو بچنە کافیتریاکان، دیسان دەبێت بزانن هاوڕێیەتی کێ دەکەن! یاخود کێ تەلەفۆنیان بۆ دەکات، ئا لەوانە زۆر وریابن! چونکە کە تووش بوون تەواو، پێش ئەوەی تووش بن دەبێت ڕێگرییان لێ بکرێت! یا ڕەبی خوایە کەس تووش نەبێت!

من هیچ چارەم نییە، تەنیا دوو ڕێگەم لە پێشە، یان لەبەر خاتری ماڵ و منداڵەکانم، دەبێت واز لە مادده هۆشبەرەکان بێنم، یاخود دەبێت واز لە ماڵ و منداڵم بێنم و بچم لە کافیتریایەك بژیم! هەر ئەو دوو ڕێگەیە هەیە، بۆیە هەر دەبێت وازی لێ بهێنم[١١٢]."

٦. کوڕە گەنجێکی دیکە، کە یەکێکە لە قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان، بەمشێوەیە چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ساڵێکە من ئالوودە بووم، دوو مانگ بە لووت بەکارم هێناوە، شەش مانگیش بە دەرزی! خەڵکێکی زۆر زۆریش ئالوودە بووە بەڕاستی، ئەوانەی کە ئالوودە بوون لە ٦٠% پیاوان، ٤٠% ژنن، حیساب کە، ئافرەتەکە بەرانبەر بە پیاوەکەیە ئێستا، هەفتەی یەکەم دەیخۆیت، بەس بۆ ئەوەی جەوت باتێ، دوای ئەوە بەس ئالوودەیت، بەس ڕا دەکەیت، بەس قەرز دەکەیت، بڕوام پێ بکە تا ئێستا من (٣) دەفتەر دۆلارم داناوە، تێدەگەیت، بەس بۆچی؟ بەس بۆ ئەوەی وەکوو تۆم لێ بێت! ئەم شارە پڕ پڕە لە مادده هۆشبەرەکان، خەڵك زیاتر لە ڕانیە و قەڵادزەوە دێنێت، خەڵك هەیە لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە، تەرەفی هەیە لە ڕانیە و هەولێر.

کاتێك کە دەمان خوارد، دەچووین بەلای ئیشی خۆماندا، کاتێ لێمان دەبڕا، چەقۆمان دەخستە سەر ملی دایکمان، بۆ ئەوەی پارەمان بداتێ! یان سوالمان دەکرد،

---

(١١٢) یۆتیۆپ، https://www.youtube.com/watch?v=٦wV١B_Js-C٤ ، تراژیدیا و مەرگەسات ژیانی تووشبوویەکی مادده هۆشبەرەکان، بەڕاستی ناخهەژێنە.

یان دزیمان دەکرد، هەزار جار ماتۆڕمان دزیوە! یان سەیارەمان دەدزی، هەموو شتێك دەدزی، بۆ ئەوەی پارەی ئەو ماددەیە پەیدا بکەیت! چونکە چارە نییە، وا هەست دەکەیت دەمریت ئەگەر نەخۆیت!

من تا ئێستا کریستاڵم بەکارنەهێناوە، هەر هێرۆیینم بەکارهێناوە، دەڵێن کریستاڵ زۆر خەتەرە! هەموو ڕۆژێك ١٢٥٠٠ دینارم داوە بە ماددەکە بە ساڵێك سێ دەفتەر دۆلار زیاتر ناکات!

لە ٤٠% ئەو ئالوودەبووانە کچن، کچەکانیش زیاتر لە لایەن کوڕەکانەوە تووش دەبن، کوڕەکان تووشی دەکەن، دواجار ڕەهایان دەکەن( [١١٣])!

٧. ژنێکی دیکەی قوربانی، لە بەرنامەی (چ باسە)، لە کەناڵی(k٢٤) ، بەمجۆرە بەسەرهات و چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆی بە ماددە هۆشبەرەکان بۆ ڕۆژنامەنووس (کامەران حاجی عومەر) دەگێڕێتەوە وبەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە:

پرسیار: تۆ ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەریت؟ دۆخت چۆنە؟

وەڵام: من ٢٨ ساڵم، ماوەیەکە هاوسەرگیریم کردووە، باری داراییم زۆر تێکچووە بە هۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە، لە لایەن دایك و خوشك و برا و مێردەکەمەوە حاشام لێکراوە!

پرسیار: لە کەیەوە دەستت پێ کردووە؟

وەڵام: چوار ساڵ پێش دەستم بە کێشانی ماددە هۆشبەرەکان کردبوو!

پرسیار: چوار ساڵە ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنیت؟ پێشتر ژیانت دروستکردبوو؟

---

( [١١٣]) یۆتیۆپ، https://www.youtube.com/watch?v=CgWal٩zV١jw، ئالودەبوانی مادەی هۆشبەر نیوەی کچیش تێکەوتون.

وەڵام: بەڵێ ژیانم زۆر ئاسایی بوو، پێشتر خاوەن ماڵ و سەیارە و منداڵ و دایکی خۆم بووم و باری داراییشم زۆر باش بوو، بەڵام بە هۆی هاوڕێیەکەوە، کە هاوڕێی خۆم و مێردەکەم بوو، تووشی ماددەی هۆشبەر بووم !

پرسیار: ئەو هاتە ماڵتان؟

وەڵام: بەڵێ، ئەو هاتە ماڵمان و گوتی من شوێنم نییە، بێکەس و بێ جێمە، منیش دەستی هاوکاریم بۆ درێژکرد! بەڵام لەوحاڵەتەدا، ئێمەشی تووشی ماددە هۆشبەرەکان کرد!

پرسیار: ئەو کەسە پیر بوو، یان گەنج بوو؟

وەڵام: گەنج بوو!

پرسیار: برادەری پیاوەکەت بوو، یان هی خۆت بوو؟

وەڵام: بەڕاستی برادەری خۆم بوو! بەڵام بە هۆی مێردەکەمەوە ناسیمەوە! ئەو بە مێردەکەمی گۆتبوو دەمەوێت خێزانەکەت بناسمەوە، گوتم من دەیناسم، کوردیش بوو! کە هات بۆ ماڵی ئێمە، ماددەی هۆشبەریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو!

پرسیار: ماددەی هۆشبەری هێنایە ماڵەوە؟

وەڵام: بەڵێ هێنایە مالەوە!

پرسیار: هەر تۆ خواردت یان پیاوەکەشت؟

وەڵام: هەردووکمان خواردمان!

پرسیار: هەردووکاتان بەکارتان دەهێنا؟

وەڵام: هەردووکمان بەکارمان دەهێنا!

پرسیار: ئێستا پیاوەکەت وازی لە تۆی هێناوە؟

وەڵام: وازی لە من نەهێناوە، بەڵام دەستی لە من بەرداوە و لێم دوورکەوتووەتەوە، بۆیە نازانم دەچمەوە بۆ لای یان نا!

پرسیار: ئێستا دۆخت چۆنە، ماددەی هۆشبەرت دەست دەکەوێت؟

وەڵام: بە هۆی ماددەی هۆشبەر، دەستم بۆ زۆر شتی دیکە برد! کە من پێشتر ئەو ئافرەتە نەبووم، بەڵام کە بەکاری نەهێم دەکەوم، منیش دوو منداڵی بچووکم هەیە، دەڵێم ها یەکێك دێت تەعدایان لێ دەکات، ئێ منیش خۆم تووش بوویمە، هەیە جەستەی منداڵ دەفرۆشێت بۆ کلیە! منیش ترسم لە منداڵەکانم هەیە!

پرسیار: واتە بە شتێکی سادە دەستت پێکرد، بەڵام ئێستا گەیشتیتە لووتکە؟

وەڵام: من سەرەتا بە شتێکی سادە دەستم پێکرد، بەڵام ئێستا گەیشتووەمە لووتکە، پێشتر مێردم سەیارەی هەبوو، من ٢٠٠ مسقاڵ ئاڵتوونم هەبوو، ناوداربووین و منداڵەکانیشم باش بوون!

پرسیار: ئەوەی من تێبینی دەکەم، ددانەکانی پێشەوەت نەماون؟

وەڵام: بەڵێ بە هۆی ماددەی هۆشبەر نەماون! هەر هەمووان کلۆر بوون! لەبەر چارەسەر و دەرمان، چونکە بەردەوام ئازاریان هەیە، دکتۆریش دەڵێت دەریان بهێنە، کە ماددەی هۆشبەر ددانەکانت کلۆر دەکات، لە ڕەگەوە کلۆریان دەکات!

پرسیار: ئازارەکانی ماددە هۆشبەرەکان چییە؟

وەڵام: یەکێك لە ئازارەکان ئەوەیە لەبەر ماسوولکەکانت ناتوانیت بڕۆیت، ئێسکەکانت سڕ دەبن، هەست بە هیچ ناکەیت، بەس ئەوەندە ماوە بڵێم خۆم بژیم، هەرچی دەبێت با ببێت! واتە هەندێ ئافرەت هەیە، یەکیك لەوانە خۆم، هزرم نەدەکرد بگەمە ئەو حاڵەتە، چونکە نەفسییەتت تێك دەدات! کاتێ یەکەم نەفەس دەیکێشی، نەفەسی دووەم دەڵێی تۆ بڵێی بۆ بەیانی دەستم کەوێت، بۆ

سێیەم نەفس دەڵێت تۆ بڵێت هاوڕێیەکەم بۆم پەیدا بکات، چوارەم نەفەس دەڵێیت ئای بەیانی چی بکەم؟ دووبەیانی چی بکەم؟ چۆن پەیدای کەم، چۆن کۆیکەمەوە، لە کوێ بێنم؟

پرسیار: بابەتەکە مەترسیدارە، حەز ناکەم بچمە ناو تەفاسیلەکەی، بەس هەر حەزمکرد هەندێ لە چیرۆکی خۆتم بۆ ئێمە باس بکەیت، بۆ ئەوەی خەڵك وانە وەربگرێت و وشیار بێت، ئێستا تۆ دەتەوێت چیت بۆ بکەین؟ بانگەوازت بۆ ڕای گشتیی چییە؟ ئەوەی من بزانم کەسی وەك تۆ دەبێت بچێتە زیندان بۆ ئەوەی جەستەی لەو ماددەیە پاك بکرێتەوە، تۆ منداڵت هەیە، ئایا تۆ ئامادەیت بچیتە زیاندان، یان شوێنێك کە جەستەت پاك بکرێتەوە؟

وەڵام: بەڵێ، دەڵێن زیندان شوێنی چاکسازی ئافرەتان و منداڵانە، من لە خۆڕا دەبنم، بەڵام من گوێم لێ بووە دەڵێن منداڵ هەبووە بە هۆی هاوڕێکەیەوە تووشی ماددەی هۆشبەر بووە، بۆیە دەکرێت لە ماڵەوەش بێت، بەڵام بەومەرجەی ماددەی هۆشبەری لێ نەبێت، چونکە کە ماددەکەت پێ نەما وەکوو شێتت لێ دێت!

پرسیار: ئێستا تۆ ئامادەیت لەپێناو مندڵەکەت، جەستەت پاك بێتەوە لە ماددەی هۆشبەر؟ هەرچۆنیش بێت حکوومەت یارمەتیت بدات؟

پرسیار: بەڵێ من ئامادەم(١١٤)!

٨. کوڕە گەنجێکی دیکەی قوربانی، لە بەرنامەی (چ باسە)، لە کەناڵی(k٢٤) ، بەمجۆرە بەسەرهات و چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆی بە ماددە هۆشبەرەکان بۆ ڕۆژنامەنووس (کامەران حاجی عومەر) دەگێڕێتەوە وبەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە:

(١١٤) یوتیۆپ، کەناڵی تەلەڤزیۆنی k٢٤، https://www.youtube.com/watch?v=x٧zXPTI٤١٥٨، بەرنامەی چ باسە، چیرۆکی چەند تووشبوویەکی ماددەی هۆشبەر، پێشکەشکار کامەران حاجی عومەر.

پرسیار: کوڕە گەنجێك بەرانبەرم ڕاوەستاوە، تەمەنێکی لاوی هەیە، ئێستا ژیانی دەست پێدەکات، بەڵام ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بووە، دەمەوێت لێی بپرسم: تۆ ئالوودەی ماددەی هۆشبەریت؟

وەڵام: بەڵێ!

پرسیار: بەکارت هێناوە؟

وەڵام: بەلێ.

پرسیار: لە کەیەوە دەستت پێکردووە؟

وەڵام: نزیکەی چوار مانگە بەکاری دەهێنم!

پرسیار: کەواتە لەمێژ نییە دەستت پێکردووە، تەمەنت چەندە؟

وەڵام: لەدایکبووی (٢٠٠٥)م.

پرسیار: چۆن تووش بوویت، بە خۆت حەزتکرد، ئایا برادەر فریوی دایت؟

وەڵام: نەوەڵڵا برادەر فریوی دام!

پرسیار: چۆن؟

وەڵام: من پێشتر پایسکیلم هەبوو، پاش مەغریبێك کاتژمێر هەشت بوو، چوومە دەرەوە، لە لای هاوڕێیەکم پێکەوە دانیشتین، گۆتی وەرە بچینە شوێنێك دەعوەتین، شتێك دەخۆین؟ گوتم وەکوو چی، گوتی شتێکی خۆشە، جەوێك وەردەگرین! منیش وامزانی مەبەستی شەرابە، پێکەوە چووینە ئیسکان، برادەرێکی هات، چووینە شوێنێك وەك کەلاوەیەك وابوو، پێکەوە دانیشتین، شووشەیەکی دەرهێنا، گوتی وەرە بخۆ، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی چەشنی نێرەگەلەیە، تازە پەیدابووە!

پرسیار: ئەو کەسە هاوتەمەنت بوو؟

وەڵام: نەخێر لە خۆم گەورەتر بوو، تۆزێ لە من گەورەتر بوو!

پرسیار: باشە، دواتر چی ڕوویدا؟

وەڵام: گوتی وەرە بخۆ، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی وەکوو نێرەگەلەیە، تازە پەیدابووە! نێرگەلەی ڤایپە، چەرخی ل بن دەدا، دۆکەڵ لەو شەمعەی دەهات !

پرسیار: نەتدەزانی چییە؟

وەڵام: نەخێر! فێربووم، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی دەرمانە، پاش دوو هەفتە، نە بەشەو نە بەڕۆژ خەوم لێ نەدەکەوێت، فیکری خراپم بۆ دێت، کە گوتی دەرمانە، گوتم هەندێکم بدێ با بخۆم، گوتی ناتدمێ، بە پارە پێت دەدەم!

پرسیار: واتە یەکەمجار بە بەلاش بوو؟

وەڵام: بەڵێ یەکەمجار بە بەلاش بوو!

پرسیار: کە یەکەمجار خواردت هەستت بە چی کرد؟

وەڵام: سەرم دەسووڕا!

پرسیار: ئەو کەسە نییەتی بەرانبەر بە تۆ خراپ بوو؟

وەڵام: ئەو نە، بەڵام کەسێکی دیکە، بەڵێ نییەتی خراپ بوو!

پرسیار: بۆچی؟ ئەویش بەکاری دەهێنا؟

وەڵام: بەڵێ!

پرسیار: پاش دوو هەفتە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوویت و جەستەت داوای دەکرد؟

وەڵام:بەڵێ، چەند هەوڵم دەدات بکشێمەوە، بەڵام جەستەم هەر داوای دەکرد!

پرسیار: ئازارەکەی چی بوو؟

وەڵام: ئازارەکەی ئەوەبوو، خەوم لێ نەدەکەوت، لە ڕووی دەروونیشەوە ئاسوودە نەبووم !

پرسیار: جەستەت دەیگوت با بێت؟

وەڵام: بەڵێ دەیگوت با بێت!

پرسیار: ئەی دواتر، گوتی بە پارە دەتدەمێ؟

وەڵام: بەڵێ گوتی بە پارە دەتدەمێ!

پرسیار: ئەی پارەت هەبوو؟

وەڵام: دوو سێ جار پارەم هەبوو، دواتر گوتم چی بکەم؟ لەگەڵ دووسێ برادەر کەوتم و فێرە دزیی بووم!

پرسیار: دواتر چیتکرد؟

وەڵام: لەگەڵ وان کەوتم، دواتر کەسانی گەورەترم ناسی و چوومە ناو وەزعەکەی!

پرسیار: تۆیان فێرە مادده هۆشبەرەکان و دزیشی کرد؟

وەڵام: بەڵێ!

پرسیار: ئێستا وەزعت چۆنە و دەتەوێت چی بکەیت؟

وەڵام: ئێستا زۆر لە جاران خراپترم!

پرسیار: ئێستا تۆ چ پەیامێکت هەیە و مەبەستت لەو چاوپێکەوتنە چییە؟

وەڵام: وەڵڵای ئەگەر شوێنێك هەبێت بۆ چارەسەری ئەو گەنجانەی کە ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان دەبن ئەگەر ئیشێکی وامان بۆ بکەن، سوپاسیان دەکەین!

پرسیار: واتە تۆ ئامادەی خۆت ڕادەست بکەیت، ئەگەر شوێنێکی وا هەبێت ئەو ماددەیە لە جەستەتدا نەمێنێت؟

وەڵام: بەڵێ ئامادەم!

پرسیار: ئەگەر ئەو شوێنە زیندانیش بێت تۆ هەر ئامادەیت لە ناو ئەو گرووپە نەمێنیت و لە هاوڕێی خراپ دوورکەویتەوە؟

وەڵام: بەڵێ زیندانیش بێت من ئامادەم!

پرسیار: زۆر کەس ئالوودە بووە؟

وەڵام: زۆر شتی دیکە هەیە!

پرسیار: چیتر؟

وەڵام: کابرا هەیە دەرمانفرۆشە، کابرای لەگەڵ خۆی دەدات و فێری ماددەی هۆشبەری دەکات!

پرسیار: بەزۆرەملێ؟

وەڵام: بەڵێ، پێی دەڵێت یان وەرە بۆم بفرۆشە، یان بە گوللە لە ئەژنۆت دەدەم!

پرسیار: هەڕەشەی لێ دەکات؟

وەڵام: بەڵێ!

پرسیار: بە گوللە، هەر ئەو تاوانەیە یان تاوانی دیکەش هەیە؟

وەڵام: بەڵێ هەزار تاوانی دیکە هەیە!

پرسیار: بەس کوڕ یان کچیش هەیە؟

وەڵام: کوڕ هەیە، کچ هەیە!

پرسیار: واتە کچیش لەو بابەتە تێوەگلاوە؟

وەڵام: کچ لە کوڕ خراپترە، پێشتر کە وەرم دەگرت، ژنەکان دەیاندایێ؟

پرسیار: کچ و ژنەکان تیجارەت دەکەن؟

وەڵام: بەڵێ !

پرسیار: تۆ پێویستیت بە شوێنێکی ئارام هەیە، بۆ ئەوەی جەستەت لەو ماددەیە ڕزگارت بێت؟

وەڵام: بەڵێ( [١١٥])".

٩. چیرۆکی کوڕە گەنجێکی دیکە لە شاری هەڵەبجە، کە تەمەنی ٢٨ ساڵە و لە ٢٠ ساڵییەوە ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان بووە، لەو ماوەیەدا حەوت جار لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوە، بەڵام نەیتوانیوە دەستبەرداری ماددە هۆشبەرەکان بێت، بۆیە نۆ مانگە لە ناو زینداندایە.

ناوبراو، چیرۆکی خۆی بەمشێوەیە بۆ ڕووداو دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "من ماوەی هەشت ساڵە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بووم، لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا حەوت جار دەستبەسەر کراوم. لە ڕێگەی گۆرانی و دانیشتنی شەوانەوە برادەرم ناسی، گوتیان بۆ تۆ باشە و بۆ گۆرانی گوتن هاوکاریت دەکات. سەرەتا لەتێک حەبم بەکارهێنا، دواتر ئالوودەی بووم. سەرەتا بەبێ بەرانبەر پێیان دەدام، دواتر گوتیان بە پارەیە. برادەرێکم هات و گوتی شتێکی دیکە هاتووە، وەرە ئەوەیان بخۆین، دەستم بە کریستاڵ کرد و ئەوەم خوارد. ئێستا من هەموو شتێکم لەدەستداوە،

([١١٥]) یوتیۆپ، کەناڵی تەلەڤزیۆنی k٢٤، https://www.youtube.com/watch?v=x٧zXPTI٤١٥٨، بەرنامەی چ باسە، چیرۆکی چەند تووشبوویەکی ماددەی هۆشبەر، پێشکەشکار کامەران حاجی عومەر.

گوتم، خۆم بەتەنیا دەیخۆم گیرام، گوتم بەشی کەس نادەم، دیسان گیرام، هەرچۆنێک خواردم و بەکارمهێنا، ئاشکرا بووم".

لە درێژەی چیرۆکەکەیدا، ئەو ئالوودەبووە دەڵێت: "ژیانم هیچ کێشەی نەبوو، دەوامم هەبوو، ئۆتۆمبێلم هەبوو و لە هیچم کەم نەبوو. دواتر وام لێهات، ئۆتۆمبێلم نەما، لە دەوام دەرکرام. لە ژیان و تەمەن و عەقڵیەت و هەمووڕوویەکەوە دواکەوتم([١١٦])".

١٠. ژنێکی تەمەن (٣٤) ساڵ، هاوسەرەکەی لە ماوەکانی ڕابردوودا ناچاریکردووە کە ماددە هۆشبەرەکان بەکاربهێنێت، هەرچەندە ئێستا وازی لە کێشانی هێناوە، بەڵام چونکە هاوسەرەکەی هێشتا بەکارهێنەرە، بۆیە توندوتیژیی بەرانبەر ئەو ئەنجامدەدات و بەهۆیەوە دەیەوێت لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە.

ئەو ژنە، چیرۆکی ئالوودەبوونی خۆی و هاوسەرەکەی بەمشێوەیە بۆ نەوژین گێڕایەوە: "بۆ ماوەی چەند مانگێک هاوسەرەکەم ماددەی هۆشبەری بەکاردەهێنا، بەڵام من ئاگاداری ئەوە نەبووم، کاتێک بۆ یەکەمجار هاوسەرەکەمم بینی ماددەی هۆشبەری بەکاردەهێنا زۆر سەرم سوڕما و نەمزانی چیە و دەبێت چی بکەم .

زیاتر وتی: بەڵام کاتێک کە ئەو زانی من ئاگادارم، ترسا و لە ترسی ئەوەی پۆلیس ئاگادار کەمەوە، هەڕەشەی لێکردم و ئەشکەنجەی دام، گوتی: دەبێت تۆش بەکاری بهێنیت، منیش لە ترسا بەکارم هێنا و ئالوودە بووم.

لە دوای ئەوە پۆلیس ئەو ژنە و هاوسەرەکەی دەستگیردەکات و دواتر دەنێردرێنە لای پزیشک و لەژێر چاودێری پزیشک دا واز لە ماددەی هۆشبەر دەهێنن و

---

( [١١٦]) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ڕووداو،https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/٠٧٠٣٢٠٢٤٦، ئالوودەبوویەکی مادەی هۆشبەر لە هەڵەبجە: هەموو شتێکم لەدەستدا و لە ژیان دواکەوتووم، سازگار سەڵاح، ٠٧-٠٣-٢٠٢٤.

دەگەڕێنەوە ماڵەوە، بەڵام، وەک ناوبراو ئاماژەی پێکرد: دوای ماوەیەک دووبارە هاوسەرەکەمر دەستی بە کێشانی مادده کردەوە.

هاوسەريی ناوبراو هێشتا بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکانە و لە کاتی بەکارهێنانی دا توندوتیژیی بەرانبەر ئەنجامدەدات، بۆیە ئێستا داوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی کردووە، کەیسیان لە دادگایە و چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی دادگا دەکەن، تاکوو لێکجیاببنەوە[١١٧]."

١١. ئالوودەبووەکی دیکە، کە ماوەی دوو ساڵ کریستاڵی کێشاوە، هەشت مانگە کەوتووەتە دەست ئاسایش. تەمەنی ٣٩ ساڵە و خەڵکی هەولێرە. مادده هۆشبەرەکانی بە دلیڤەری بۆ هاتووەتە بەر دەرگای ماڵ.ئەو ئالوودەبووە دەڵێت: "من کە مەشروبخۆرم، زەحمەتتر لە ماددەی هۆشبەر مەشروبم دەست دەکەوت، تەلەفۆن بکە و بۆت دێتە بەر دەرگای ماڵ[١١٨]!"

**١٢.** کوڕە گەنجێکی دیکە، کە خەڵکی دهۆکە و تەمەنی ٣٥ ساڵە و ماوەی ١٥ ساڵ ماددەی هۆشبەری بەکارهێناوە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "زۆر کەس پێم دەڵێن تۆ ناچار نیت چیرۆکی خۆت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکەیتەوە، بەڵام من دەڵێم ئەمە گەورەترین کارە کە بتوانی دان بە هەڵەکانی خۆتدا بنێیت، ناوبراو بەپێی پرۆگرامێکی ئەمریکی بەناوی (ئێن ئەی)، وازی لە ماددەی هۆشبەر هێناوە و، دەڵێت "دەستگیرکردن و زیندانیکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر

(١١٧) ماڵپەڕی نەوژین،https://newjin.net/details.aspx?kodtech=٣١١٨١، ژنە بەکارهێنەرێکی ماددەی هۆشبەر چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، ١٤/٠٧/٢٠٢٣.

(١١٨)کەناڵی تەلەڤزیۆنی ڕووداو،https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/١٨١١٢٠٢٣٣، ئاڵوودەبوویەک: بە دلیڤەری مادەی هۆشبەر دەهاتە بەردەم ماڵەکەم، ١٨-١١-٢٠٢٣.

چارەسەریان ناکات، چونکە (%٥)ی نەخۆشییەکە جەستەییەوە و (%٩٥)ەکەی دیکەی دەروونییە[١١٩]."

(١١٩) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/berpirsiyar_٠٢٠٦٢٠١٨، تووشبوویێکی ماددەی هۆشبەر چیرۆکی خۆی بۆ ڕووداو دەگێڕێتەوە.

# تەوەری شەشەم:

# ڕێکارەکانی چارەسەرەکردنی کێشەی ماددە هۆشبەرەکان

# ڕێکارەکانی چارەسەرەکردنی کێشەی مادده هۆشبەرەکان

چارەسەرکردنی کێشەی مادده هۆشبەرەکان کارێکی ئاسان نییە، چونکە بووەتە پرسێکی جیهانی، واتە کەم تا زۆر سەرتاپای جیهانی گرتووەتەوە، هەر کێشەیەکیش کە سەرتاپای جیهانی گرتەوە، چارەسەرکردنیشی کارێکی ئاسان نابێت، چونکە پرسێکی فرە ڕەهەندە و دەبێت لە ڕەهەندی جیاجیاوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

بەڵام نابێت بێئومێد بین و دەستەوەستان بوەستین، چونکە بۆ هەر دەردێك دەرمانێك و بۆ هەر کێشەیەك چارەسەرێك هەیە، لەم سۆنگەیەوە دەبێت زۆر بە وردی و جددی لەسەر چارەسەرەکان بوەستین، بۆ ئەوەی بەر بەم دەردە کوشندەیە بگرین و نەهێڵین زیاتر تەشەنە بکات و تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت.

**گرنگترین ڕێکارەکانی چارەسەرەکردنی ڕێکارەکانی چارەسەرەکردنی کێشەی مادده هۆشبەرەکان ئەمانەن:**

١. **چارەسەرە ڕۆشنبیری و فێرکارییەکان:** گرنگترین و کاریگەرترین ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لە مادده هۆشبەرەکان و زاڵ بوون بەسەر ئەو ئاستەنگەدا، بریتییە لە ڕۆشنبیرکردنی تاك و کۆمەڵگە و وشیارکردنەوەیان لەم تیرۆرە ترسناکە، چونکە بەشی هەرە زۆری قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان ئەوانەن کە بەبێ ئاگایی و بە ناوشیاری دەکەونە ناو ئەو تەڵەوە و دەبنە قۆچی قوربانی! بۆیە ئەرکی ئۆرگانەکانی دەوڵەت و ناوەندەکانی خوێندن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیا و سۆشیال میدیا و زانایان و مامۆستایانی ئایینی و پەروەرشیاران و ڕاهێنەرانە کە ئەو ئەرکە قورسە بگرنە ئەستۆ و بە بەردەوامی و بەپێی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە کار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

- گەڵاڵەکردن و داڕشتنی بەرنامەیەکی ئامانجدارو تۆکمە، بۆ ڕۆشنبیرکردن و وشیارکردنەوەی هاووڵاتیان، لەپێناو دوورکەوتنەوە لە مادده هۆشبەرەکان

- بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و وشیاری دایابەکان و ئەندامانی خێزان، سەبارەت بە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان و بازرگانە چاوچنۆکەکان و چۆنێتیی خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لێیان
- کارکردن بۆ پتەوکردنی بناغەی خێزان و دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئەندامانی خێزان و ڕێگریکردن لە تێکچوونی شیرازەی خێزان و هەڵوەشانەوە و پەرتەوازەیی
- سوود وەرگرتن لە کەناڵە فرە جۆرەکانی ڕاگەیاندن، وەك: تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و سۆشیال میدیا و گۆڤار و ڕۆژنامە کاغەزی و ئەلیکترۆنییەکان و ...هیتر، بۆ تیشك خستنە سەر زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئاکامەکانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان
- گرنگیدان بە هونەری نواندن و بەرهەمهێنانی فیلم و دراما لەسەر زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان و پەخشکردنیان لە کەناڵە جیاجیاکان، بۆ بەئاگاهێنانەوەی خەڵك
- ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی نیشتمانی لە ڕێگەی سازدانی کۆڕ و سیمینار و ورۆکشۆپ و کۆنفرانس و بڵاوکردنەوەی پۆستەرات لەسەر زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان لە شار و شارۆچکە و گوند و دێهاتەکانی کوردستان
- ڕاهێنانی چەندین تیم لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، بۆ ئەوەی ئەرکی پێگەیاندن و تێگەیاندنی نەوەکانی ئێستا و ئایندە لە ئەستۆ بگرن و بەردەوام خولی ڕاهێنان و پێگەیاندن بکەنەوە، بەتایبەتی بۆ گەنجان
- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان، بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕۆشن بێت و بتوانن ئەرکی ڕێنماییکردنی نەوەکانی ئێستا و ئایندە لە ئەستۆ بگرن

٢. **چارەسەرە یاساییەکان:** هەڵبەت تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی و لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستانیش چەندین یاسا بۆ قەدەغەکردن و نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان دەرچوێنراون، بەڵام دەرکردنی یاسا

بەتەنیا چارەسەر نییە، بەڵکوو عیبرەت لە جێبەجێکردنیدایە و بەبێ جێبەجێکردنی یاسا، تا دێت ئەم دیاردەیە تەشەنە دەکات.

دکتۆر (نەژدەت ئاکرەیی)، پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی لەمبارەیەوە دەڵێت: "چەندین ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها یاسای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، گرنگترین ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیش، ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٦١ی نێودەوڵەتییە،کە پەیوەستە بە مادده هۆشبەرەکانەوە، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە شێوەیەکی فراوان باس لە مادده هۆشبەرەکان و جۆرەکانیان و دروستکردن و چاندنیان دەکات، هەروەها ئاماژە بە چۆنێتی و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکات لە لایەن دەوڵەتەکان و خودی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەرکی سکرتێری ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە، بەپێی ماددەی(٤)ی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە هەموو جۆرە بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و چاندن و بازرگانی پێ کردن و هەنارده و هاوردەکردنێکی ئەم ماددانە قەدەغە کراون، جگە لەو ماددانەی کە بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن، لە مادده (٢٢)ی ئەم ڕێککەوتننامەدا باس لە جۆرەکانیان کراوە، بەپێی ماددەی ژمارە(٣٦)ی ڕێککەوتننامەکە مادده هۆشبەرەکان بە تاوانی ئەنقەست هەژمار دەکرێن و توندترین سزاشیان بۆ دانراوە، سزاکان جیاوازن لە نێوان بەکارهێنەران و ئەوانەی بازرگانییان پێوە دەکەن، بێ گومان بازرگانان سزاکانیان توندترە، تەنانەت لە ماددەی (٣٨)ی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەدا باس لە چۆنێتیی چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ئەم ماددانە دەکات، لەگەڵ ئەرکی دەوڵەتان و هاوکاریی نێوانیان بۆ بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەی ساڵی ١٩٦١ ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو، هەروەها بازرگانانی ئەم ماددانە زۆر زیادی کردبوو، بۆیە بە پێویست زانرا کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧١، ڕێککەوتننامەی دیکەی نێودەوڵەتی پەسند بکات، ئەویش ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی (مادده کارتێکەرە عەقڵییەکان)، واتا

ئەو ماددانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆسەر عەقڵ و دەروونی مرۆڤ، ئەمەش تەواوکەری ڕێککەوتننامەی مادده هۆشبەرەکانە، کە بەکارهێنانی ئەو ماددانەی کار لە عەقڵ دەکەن، بە هەموو شێوەیەك قەدەغەن، جگە لەوانەی بۆ مەبەستی زانستی و پزیشکی بەکاردەهێنرێن، هاوکات سزاشی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە.

بەپێی ئەم ڕێککەوتنامانە دەزگایەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ چاودێریکردن و پشکنینی مادده هۆشبەرەکان کە سەر بە ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، کە هاوکارە لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، (١٣) دەوڵەتیش لەم دەزگا نێودەوڵەتییەدا ئەندامن، ئەمەش ڕاستەوخۆ سەر بە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە و هەر ئەویش چاودێریی جموجوڵی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان دەکات. هەروەها ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر لە ساڵی ١٩٤٦ـەوە لیژنەی مادده هۆشبەرکانی هەیە کە (٣٠) دەوڵەت تێیدا ئەندام بوون، ئەمە لیژنەیەکی تەکنیکییە کە زۆر گرنگیی بە مادده هۆشبەرەکان دەدات و ڕاستەوخۆش سەر بە ئەمینداری گشتییە.

لەسەر ئەم بنەمایە لە  ساڵی ١٩٨٨ ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی دەرچوو، لەم ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بە تاوانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو هەژمار دەکرێت، کاریگەریی زۆرە لەسەر گەندەڵی و حوکمڕانی لە دەوڵەتەکان، بۆیە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتییە. ئەم تاوانە بازرگانییە تاوانی دیکەیشی بەدوادا دێت، وەك تاوانی شووشتنەوەی پارە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە مەترسیی ئەم دیاردەیە کرد.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کاریگەریی مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی گشتییە و ئەمەش وڵاتانی جیهانی هان دا کە بۆ بەدواداچوون و چارەسەری ئەم دیاردەیە پشت بە یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ببەستن، بۆیە لە ڕووی

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، دەبێت گرنگی بە میکانیزمەکانی بەدواداچوون و ئامێرەکانی هاتوچۆ بدرێت، چونکە تا ڕاددەیەك ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەیە.

بە گرنگی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و سوودوەرگرتن لە یاساکانی عێراق دارێژراوە، کە خۆی لە (٥٠) ماددەدا دەبینێتەوە، لەوانە: پێناسەی مادده هۆشبەرەکان، بازرگانی پێ کردنیان، لایەنە تەکنییەکان، چۆنێتیی بەکارهێنان و مامەڵە پێ کردنیان، هەر بەپێی ئەم یاسایە لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە وەزارەتی تەندروستی ولایەنی پەیوەندیدار پێکهێنراوە، یاساکە ئەو ماددانەی جیا کردووەتەوە کە هەندێکیان بۆ کاروباری زانستی و پزیشکی بەکاردەهێندرێن، دەرفەتی هەنارده و هاوردەکردنیشی داوە، بە مەرجی یاسایی بێت، کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ کراوە، جگە لەمە لە ماددەکانی کارتێکەرە عەقڵییەکاندا جەخت لەسەر پزیشك و دەرمانساز و ئەو لایەنانە کراوەتەوە لە ڕووی دروستکردن و بەکارهێنانیان، لە ماددەی(٢١)ی یاساکە چاندنی ماددەی هۆشبەری بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کردووە، هەروەها لە ماددەکانی(٢٥) و دواتر ئاماژەی بە توندترین سزا داوە، چ لە پێ بژاردن، یان زیندانی کردن، تەنانەت سزای قورستریش، بۆیە ئەوانەی دەگیرێن، بە هیچ شێوەیەك بەرنادرێن و یاسای لێبوردنی گشتیش نایانگرێتەوە، ئەوەی گرنگە لەم یاسایەدا باس لە چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو کەسانە کراوە کە ئەو ماددانە بەکاردەهێنن، ئەم ئەرکەشی خستووەتە سەر شانی دامەزراوەکانی هەرێم، بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن، لە ئەنجومەنی وەزیراندا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك و نوێنەری لایەنی پەیوەندیدار پێکهاتووە، بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ماددانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیردرێت.

ئەوەی هاوپێچە بەم یاسایە جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکانە، کە بەکاردەهێندرێن، ئەمانە بریتین لە نزیکەی(١٢٣) جۆر، لەگەڵ (١٩) پێکهاتە، ئەو

هاوپێچانەی یاساکە بەپێی ڕێککەوتنامەکانی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٦١ و ١٩٧١ ئاماژەیان پێ کراوە، جێی دەستخۆشییە کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، ئەوەی پەیوەستە بە مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەوەیە کە مامەڵەکردن و بازرگانیکردن بەم ماددانە بە تاوانێکی ئاسایشی نێوخۆ و دەرەوە هەژمار دەکرێت، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١و یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١١ی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بە ڕێکخستنێکی تایبەت دەکات بۆ ئەم مەسەلەیە و ئەرکی سەرەکیی ئەم دوو دەزگایەیە کە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە، بۆیە وا پێویست دەکات هۆشیارییەك لەهەمبەر ئاکامە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیەدا هەبێت، ئەمە نەك بە تەنیا ئەرکی دەزگا ئەمنییەکانە، بەڵکوو ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی و میدیاکانە کە ڕۆڵی خۆیان ببینن، چونکە دیاردەیەکی مەترسیدارە و پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی، وەك هەموو مەسەلە و دیاردەکانی دیکە ،کە بە تاوانی ڕێکخراو ناوی دەهێنین، وەك تاوانەکانی باندەکانی لەشفرۆشی و شووشتنەوەی پارە، گەندەڵیی ئابووری و دارایی، کە کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەکان هەیە، بۆیە ئەمانە پێویستییان بە هۆشیارییەکی تەواو و هەمە لایەنە هەیە([١٢٠])."

هەروەها پێویستە سزای توند بەسەر ئەو بازرگانانەدا بسەپێندرێت کە کڕین و فرۆشتن بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن، چونکە هەروەك عەلی عیزەت بیگوڤیچ دەڵێت: "واز لە مێش و مەگەزەکان بێنن، زەڵکاوەکان وشك کەن، خۆ بە خۆ مێش و مەگەزەکان دەمرن."، بۆیە تا ڕێ لە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان نەگیرێت و بە توندترین شێوە سزا نەدرێن تا حەددی لە سێدارەدان، کێشەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان نەك هەر چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو زیاتر پەرە دەسەنێت، چونکە ئەو بازرگانییە سوود و قازانجێکی

---

([١٢٠]) ماڵپەڕی گوڵان میدیا، https://gulanmedia.com/so/story/٢٧٥٤٦٦ ، مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی نەتەوەیی، د.نەژدەت ئاکرەیی د.نەژدەت ئاکرەیی، January ١٦، ٢٠٢٢.

زۆری هەیە و بازرگانەکان لە ڕێی ئەو بازرگانییەوە پارەیەکی زۆر و زەوەندیان دەست دەکەوێت.

**چارەسەرە ئابوورییەکان:** پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوە گرنگانە بهاوێژێت:

- ڕەخسێندنی هەلی کار بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی بۆ ئەو گەنجانەی کە زانکۆ و پەیمانگایان تەواوکردووە و تا ئێستا بێکارن و کاریان دەستنەکەوتووە
- کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و زیادکردنی سەرچاوەی داهات بۆ تاك و کۆمەڵگە
- بەرقەرارکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی نادادی و چینایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا
- زیادکردنی داهاتی تاکەکەسی لە ڕێگەی وەبەرهێنان و پرۆژە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانەوە
- نەهێشتن و بنبڕکردنی هەژاری ونەداری
- یارمەتیدانی ئەو گەنجانەی کە به هۆی نەبوونی کار یان بە هۆی هەژارییەوە ژیانی هاوسەرگیرییان پێکنەهێناوە
- دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو خێزانە کرێچی و هەژارنشینانەی کە خاوەن خانووی خۆیان نین و بە دەست هەژاری و نەدارییەوە دەناڵێنن
- دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت بە نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، هەروەها تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بەو پرسە و دانانی کەسانی پسپۆڕ بە بوارە لە لایەن حکوومەتەوە، بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیان.

**چارەسەرە تەندروستییەکان:** پێویستە حکوومەتی هەرێمی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم هەنگاوانە بهاوێژێت:

- دامەزراندنی چەند سەنتەرێکی چارەسەرکردنی هەمیشەیی بۆ ئالوودەبووان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان
- قەدەغەکردنی ئەو دەرمانانەی کە ماددەی هۆشبەرەیان تێدایە و ڕێپێدراو نین و لە دەرمانخانەکان کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت
- هێنانی دەرمان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی بێت و ئەو کارە تەنیا بەو کۆمپانیایانە بسپێردرێت کە مۆڵەتی فەرمییان هەیە، هەروەها بەدەر لە لایەنە ڕێگەپێدراوەکان، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە بۆی نەبێت دەرمان بفرۆشێت!
- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی تەندروستی بۆ تیمە تەندروستییەکان و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، لە ڕێگەی تیمەکانی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستییەوە، بۆ ئەوەی ئاشنابن بە چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ماددە هۆشبەرەکان و ئەو دەرمانانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان بە ماددە هۆشبەرەکانەوە هەیە

**چارەسەرە دەروونییەکان:** پێویستە حکوومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستییەوە ئەم ڕێکارە دەروونییانە بگرێتەبەر، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر دەروونی تاکەکان:

- کەسانی ئالوودەبوو بە ماددە هۆشبەرەکان لە لایەن پسپۆرانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە سەرپەرشتی بکرێن و ڕێنمایی بکرێن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان
- کەسانی ئالوودەبوو بە ماددە هۆشبەرەکان لە زیندانیانی دیکە جیا بکرێنەوە و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبێت
- کەسانی ئالوودەبوو بە ماددە هۆشبەرەکان سەرقاڵ بکرێن بە کۆمەڵێك کار و چالاکییەوە، وەك وەرزش و کاری هونەری و شێوەکاری و کتێب خوێندنەوە و چالاکی هزری و زانستی، بۆ ئەوەی متمانەیان بە خۆیان هەبێت و بتوانن دووبارە لەسەر قاچەکانیان بوەستنەوە و بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان

دکتۆر ( سیما أبو الزیت)یش جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردە دەروونییانە بە گرنگ دەزانێت: "ئامانجی سەرەکی چارەسەری دەروونی بۆ ئالوودەبوون بریتییە لە یارمەتیدانی تاک بۆ کۆتاییهێنان بە خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها کەمکردنەوەی دووبارە بەکارهێنانەوەی، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگاکان بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات ژیانی خۆیان بنیاد بنێنەوە و بۆ هەتا هەتایە نەگەڕێنەوە سەری و بەکاری نەهێننەوە.

هەڵبەت جۆرەکانی چارەسەری دەروونی بۆ ئالوودەبوون لە یەکتر جیاوازن، بەڵام هەموویان یەک ئامانجیان هەیە، کە بریتییە لە چاککردنەوەی تاک و یارمەتیدانی، لە دۆزینەوەی چارەسەر، کە بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی.

ئێمە دیارترین جۆرەکانی چارەسەری دەروونی ڕوون دەکەینەوە، کە بۆ کەسانی ئالوودەبوو بەکاردێت، بەمشێوەیە:

١. **چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی:** یەکێکە لە جۆرەکانی چارەسەری دەروونی بەناوبانگ کە لە بەرەنگاربوونەوەی ئالوودەبووندا بەکاردێت، چارەسەری ڕەفتاری مەعریفییە، ئامانجی گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی زیانبەخش و ڕەفتارە فێربووە نەرێنییەکانە، کە هاندەری ئالوودەبوونە، لە ڕێگەی ڕاهێنان و ئامادەکردنی تاک لەسەر چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بیرکردنەوانە، بە وردی تێگەیشتن لە هۆکارەکانی دەستپێکردنی بیرۆکەکان، بۆ پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوون و کارا بوون. ئەم چارەسەرە گرنگی بە کەمکردنەوەی هەندێک لە تێکچوونە دەروونییەکانی پەیوەست بە ئالوودەبوون دەدات، وەک: خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی نزیکەی (١٦) دانیشتنی دەوێت، کە ٦٠-٩٠ ڕۆژ دەخایەنێت.

٢. **بەڕێوەبردنی ئەگەری نائاسایی:** یەکێکە لەو چارەسەرە ڕەفتارانەی کە ئامانجی پاداشتکردنی تاکەکانە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئەرێنی لە ژیانیاندا، ئەمەش هانیان دەدات بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو کردارانە و پابەندبوونیان پێیانەوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی دووبارە فێرببن چۆن شێوازی نوێی ژیان و بیرکردنەوە بنیادبنێن.

٣. **چارەسەری ڕەفتاری دیالکتیکی:** ئەم جۆرە چارەسەرە دوای چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی دێت، بەوپێیەی ئامانجی یارمەتیدانی تاکە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕەفتارە خۆتێکدەرەکانی وەک هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، لە ڕێگەی فێرکردنی چۆنێتیی پێکەوە ژیان و گونجاندن بەبێ ئالوودەبوون، دۆزینەوەی ڕێگەی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشاری دەروونی، ڕێکخستنی هەستەکانی، هەروەها باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە.

٤. **چارەسەری خێزانی:** ئەم پلانە چارەسەرکردنە ئەو تاک و خێزانانە دەگرێتەوە کە کاریگەریی دەرئەنجامەکانی ئالوودەبوونیان لەسەرە، بەوپێیەی ڕەفتار و کردارەکانی تاک کاریگەری لەسەر ژینگەی خێزانەکە دەبێت، خێزانیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی چارەسەری ئالوودەبوون. بەشداریکردنی خێزان لە پلانی چارەسەرکردندا یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی توورەیی، گرژی، ترس و ململانێی نێوان ئەندامانی خێزان، هەروەها پەرەپێدانی توانا و ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە هەمبەر ئالوودەبوون.

٥. **خواردنی پاڵنەر و هاندەر:** شێوازێکی ڕاوێژکارییە، کە تێیدا چارەسەرکەر هەوڵدەدات پاڵنەرێک بە تاکەکەس بدات، بۆ بەدەستهێنانی خۆڕاستکردنەوە، بە دەستنیشانکردنی پاڵنەر و بەها سەرەکییەکانی، دواتر چڕکردنەوەی چارەسەرکردن لەسەر ئەوانە لەبری ئەوەی بەدوای گۆڕانکاریی ڕیشەیی و ئامانجی نوێدا بگەڕێت، ئەمەش وا دەکات تاک زیاتر پاڵنەری هەبێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی کەسی، کە دەرفەتی خۆپاڵاوتن باشتر بکات (١٢١)."

هەروەوها دکتۆری ناوبراو باس لە چارەسەرە تەواوکەرەکان بۆ ئالوودەبوون دەکات و دەڵێت: "کۆمەڵێک شێوازی چارەسەری هەن کە پشتگیری لە پلانی چارەسەری دەروونی بۆ ئالوودەبوون دەکەن، بەو پێیەی فشار و فشاری دەروونی کەم دەکەنەوە لە ماوەی چارەسەرکردندا، هەروەها کاردەکەن بۆ ئەوەی تاکەکەسەکە سەرقاڵی ئەو

---

(١٢١)موقع ویب طب، https://www.webteb.com/articles/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٩%٨٤، أهمية العلاج النفسي للإدمان، د. سيما أبو الزيت - الاثنين ٢٨ حزيران ٢٠٢١.

چالاکییانە بێت کە وای لێدەکات دووری بخاتەوە لە بیرکردنەوە لە ئالوودەبوون، و ئەم چارەسەرانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

•**وەرزشکردن:** ئەنجامدانی چالاکییە جەستەییەکان ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ نەهێشتنی فشار و نەهێشتنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان.

• **تێهزرین (مێدیتەیشن):** چاکبوونەوە ماوەیەکی زۆری دەوێت، بەوپێیەی تێزرین لەم ماوەیەدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تەندروستی گشتی دەبێت، هێرشە هاوڕێیەتییەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی کەمدەکاتەوە، هاوکات یارمەتیدەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆ دوای چاکبوونەوە.

•**یۆگا:** پراکتیزەکردنی یۆگا ئارامی ناوەوە و خۆئاگاداری و متمانە بەخۆبوون لە تاکدا بەرز دەکاتەوە، ئەمەش بەشدارە لە کەمکردنەوەی تێکچوونە دەروونییەکانی هاوڕێیەتی و پشوودان.

•**مەساج:** مەساج بەشدارە لە کەمکردنەوەی گرژی جەستەیی و گەنجکردنەوەی ڕۆح، هەروەها دەتوانێت بەشداربێت لە  لابردنی ماددە ئالوودەبووەکان لە جەستەدا.

• **بەخێوکردنی ئاژەڵ:** بەخێوکردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاژەڵەکاندا، ڕەنگە یارمەتیدەر بێت لە سەرفکردنی ئەو وزەیەی کە لە چاودێریکردنی ئاژەڵەکاندا هەیە، چونکە ئەمە یارمەتیدەرە لە سەرکەوتنی چارەسەری دەروونی بۆ ئالوودەبوون(١٢٢)."

**چارەسەرە ئایینییەکان:** لە پاڵ چارەسەرەکانی دیکە، پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقاف و مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانە دینییەکانەوە ئەم ڕێکارانە بگرێتەبەر بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستان:

➢ سوودوەرگرتن لە ئایین و گوتاری ئایینی، وەك کاریگەرترین فاکتەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، چونکە زیاتر لە ٩٥% خەڵکی هەرێمی کوردستان موسڵمانن و هەفتیانە بە ملیۆنان کەس لە ڕێی مینبەرەکانەوە گوێ لە گوتاری ئایینی دەگرن، جگە لەو گوتارانەی کە ڕۆژانە لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و

---

(١٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سۆشیال میدیاوە بڵاو دەکرێنەوە. بۆیە پێویستە بە باشترین شێوە سوود لە ئایین و گوتاری ئایینی وەربگریت، بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك و نەهێشتنی ئەم دەردە کوشندەیە

- سالانە لە ڕێی مینەبەری مزگەوتەکانەوە هەڵمەتێکی ئایینی و ڕابگەیەنرێت بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك و پێدانی زانیاریی لەسەر مادده هۆشبەرەکان
- خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی ئایینی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زانیاریی تەواویان لەسەر ئەو ماددانە هەبێت و بزانن چۆن سەرەدەر (ڕەفتار) لەگەڵ ئەم دیاردە ترسناکە بکەن
- مامۆستایانی ئایینی بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژڕاو، لە ڕێی سازدانی کۆڕ و سیمینارەوە وشیاری لە ناو خەڵکیدا بڵاو بکەنەوە
- سوودوەرگرتن لە دەقە ئایینییەکان بۆ ئاراستەکردنی خەڵك و دوورخستنەوەیان لە مادده هۆشبەرەکان، چونکە بەپێی دەقە شەرعییەکان، هەموو مادده هۆشبەرەکان حرامن و نابێت موسڵمان توخنی بکەوێت

**چارەسەرە ئەمنییەکان:** لە پاڵ چارەسەرەکانی دیکە، پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە ئەم ڕێکارانە بگرێتەبەر، بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستان:

- دامودەزگا ئەمنییەکان چاوکراوەتربن، بەتایبەتی لە خاڵە سنوورییەکان و زاڵگە سنوورییەکان
- کەسانەی دڵسۆز و دەسپاك و خاوەن ئەزموون لە خاڵە سنوورییەکان دابنرێت، کە بە پارە نەکڕدرێن
- یاساکانی تایبەت بە نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان جێبەجێ بکرێن و بنپێ نەکرێن
- سوود وەرگرتن لە ئامێرە پێشکەوتووەکان و سەگی ڕاهێنراو، بۆ دۆزینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کەسانەی کە کڕین و فرۆشتن بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن یان دەیگوازنەوە، بەتایبەتی لە شوێنە گومانلێکراوەکان و زاڵگە و خاڵەکانی پشکنین و خاڵە سنوورییەکان

- چاودێریکردنی یانەکانی شەوانە و کافیتریاکان و قاوەخانەکان و قومارخانەکان و ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان لەو شوێنانەوە
- چەسپاندنی یاسا بەرکارەکان بەسەر سزادراوەکاندا بەبێ جیاوازی
- بڵاوکردنەوەی وشیاری یاسایی و سزای یاسایی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە

**چارەسەرە پەروەردەییەکان:** ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ئەوقاف و پلاندانانەوە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- گرنگیدان بە پرسە پەروەردەییەکان و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی تاك لەسەر بەها ڕەوشتی و ئاکاری و ئایینییەکان
- سانسۆر خستنە سەر ئینتەرنێت بۆ خوار تەمەنی ١٨ ساڵی، بۆ ئەوەی بەلاڕێدا نەچن و بە خراپی بەکاری نەهێنن
- گەڕاندنەوەی پێگە و شکۆی مامۆستا، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی ڕابەرایەتی و پێشەنگیکردنی نەوەکانی ئێستا و ئایندە لە ئەستۆ بگرێت
- پەروەردەکردنی کەسانی دەسپاك و ڕاستگۆ و دڵسۆز لە ناو کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی ببنە نموونەیەکی بەرز و باڵا لە کاری پەروەرشیاری و ڕێنماییکاری و فیداکاری و قوربانیدان و گیانبازی و چاکسازی و پاکسازی و ئاراستەکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەرەو ڕێگایەکی ڕاست

**چارەسەرە سیاسییەکان:** لە پاڵ چارەسەرەکانی دیکە، پێویستە پەرلەمان و حکوومەت و ئەنجومەنی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان، پرسی مادده هۆشبەرەکان لە بابەتە سیاسییەکان و ململانێیە سیاسییەکان دوور بخەنەوە و هەموو لایەنە سیاسییەکان ستراتیژێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاوبەش بگرنەبەر بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییانەی کە بەرەوڕووی کوردستان دەبنەوە.

**چارەسەرە وەرزشییەکان**: وەرزش لەم سەردەمەدا، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ناساندنی گەلانی جیهاندا، لە پاڵ ئەمەشدا، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دوورخستنەوەی گەنجان لە

مادده هۆشبەرەکان و شوێنە خراپەکانی وەك کافیتریاکان و قاوەخانەکان و قومارخانەکان و یانەکانی شەوانە و...هیتر.
بۆیە ئەرکی حکوومەتە لە ڕێگەی وەزارەتی وەرزش ولاوان و پلاندانانەوە، بەرنامەیەکی تۆکمە و پلانێکی باش دابڕێژێت بۆ سوودوەرگرتن لە توانا و وزەی  لاوان و گەنجانمان، لە ڕێگەی کردنەوەی یاریگە لە شار و شارۆچکە و گوندەکان و گەڕەکە هەژارنشینەکان، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەرزشەوە بوونی خۆیان بسەلمێنن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و کاتی دەستبەتاڵی خۆیان بە یاری و وەرزش پڕ بکەنەوە.

هەردوو توێژەر، دکتۆر (فائیز ئیبراهیم) و ( هاوکار ڕەفیق ڕەحمان) چەندین پێشنیاز و ڕاسپاردەی گرنگ دەخەنە بەردەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە خوارەوە پێشنیاز و ڕاسپاردەکانیان دەخەینەڕوو:

یەکەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژەر دکتۆر (فائیز ئیبراهیم) بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

١. **پێشنیار بۆ ئەنجومەنی وەزیران:** یەکەمین هەنگاو دەبێت ئەوە بێت کە بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان، بونیادێکی ئیداری بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دابمەزرێت، کە پێک بێت لە هەموو بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، کە بەپێی یاسا، ئامانجی ئەم بونیادە بەرەنگاری و پێشگیریکردنی مادده هۆشبەرەکان بێت، کە دەبێت بەپێی پلانێکی گونجاو و زانستییانە بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ و هاوکار بن.
٢. **پێشنیار بۆ دەزگای بەرەنگاربوونەوە مادده هۆشبەرەکان:**

ڕاستە کە سیاسەتی داگیرکەران لە نێو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، هەروەها وڵاتانی دژ بە نەتەوەکەمان لەگەڵ جۆرێک داگیرکاری هزری و پاشکۆیی هاوڕێیە و، بڵاوکردنەوەی

مادده هۆشبەرەکان و تووشکردنی کەسەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە مادده هۆشبەرەکان هەنگاوێکە بۆ پاشکۆکردنی هزری و شکاندنی ئەوانە، بەڵام تا چ ڕادەیەک ئێمە دژە ژەهرمان بۆ ئەو ژەهرەی ئەوان دۆزیوەتەوە؟!

بارودۆخی ئاڵۆز و ئانۆمی و بەرەڵایی و تێکەڵ و پێکەڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەبوونی پێوەری دیار و نەبوونی ڕێوشوێن و ئامانجێکی ڕوون لە ژیاندا، کە هەرسێ ئاستی: تاک و خێزان و کۆمەڵگەی گرتووتەوە، هۆکارگەلێکی باشن بۆ ئەوەی گەنجەکانمان بەرەو مادده هۆشبەرەکان بڕۆن. ئەگەر کۆمەڵگە، لاوان وەکوو خۆیان ڕەها بکات و ڕێوشوێنێکی دروستیان بۆ ئامادە نەکات و بەرنامەی شیاو بۆ کاتی بێکاری و دەستبەتاڵیی ئەوان پێشبینی نەکات و لە تەواوی قۆناغەکانی گەشەکردنیاندا، ڕێنوێنی و ڕێگا پێشاندەری ئەوان نەبێت، بە کردەوە زەمینەی بۆ تووشبوونیان ڕەخساندووە. ئەرکی کۆمەڵگەیە هەموو لایەنێک ڕەچاو بکات و لە ئەرکی گەورەی خۆی بێئاگا نەبێت و بشزانێت کە چ بە لاوان دەدات و چاوەڕوانیی چییان لێ هەیە. بەبێ پلانێکی دروست و گونجاو، نابێت چاوەڕوانی پێشکەوتن و پێگەیشتن لە لاوان بکرێت!

لەگەڵ ئەوەی لە کوردستانیشدا بەرەنگاریکردنی بەردەوام دژی مادده هۆشبەرەکان هەبووە و، تەنانەت دەزگایەکی تایبەت بە ناونیشانی "بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان" دامەزراوە، بەڵام ئەنجامێکی باش و یەکلاکەرەوەی بەدەستنەهێناوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی خووگرتووەکان، بە تایبەتی لە نێو گەنجەکاندا زیاتر دەبێت! هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بەرنامەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە کوردستاندا، دەتوانین بەم جۆرە بژمێرین:

**یەکەم:** شێوازی بەرەنگاربوونەوەیان دروست نەبووە، بە تایبەتی لە ناو زیندانەکاندا.

**دووەم:** شێوازی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بە شێویەک بووە کە زەمینەی تووشبوونی دووبارەیان ڕەخساندووە؛ واتە لە دوای دەرچوون لە زیندان و شوێنە چاکسازییەکان دیسان دەگەڕێنەوە بۆ لای مادده هۆشبەرەکان و برادەرەکانی پێشوویان!

بەرنامەی بەرەنگاربوونەوە نابێت تەنیا بە دووبارە توانا بەخشینەوە بە خووگرتووەکان ببەسترێتەوە. توانا بەخشینەوە بەشێکە لە بەرنامەکە. بەرەنگاربوونەوەی هەمە لایەنەی

کەسێیەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێویستە، تاکوو مادده هۆشبەرەکان و خووپێوەگرتن بنبڕ بکرێت. تا ئەوکاتە کە زەمینەی کۆمەڵایەتی خووپێوەگرتن لەناو نەچێت و کەسەکان لە لایەنی کەسێیەتییەوە نەگەنە سەربەخۆیی و دووبارە دۆزینەوەی بەها خودییەکان، خووپێوەگرتن بنبڕ نابێت. (واتە بنبڕکردنی وابەستەیی دەروونی بە مادده هۆشبەرەکان).

ئامانجی سەرەکیی بەرنامەی بەرەنگاریکردن لەگەڵ خووپێوەگرتن دەبێت خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی ئەوانە بێت کە دەکەونە داوی مادده هۆشبەرەکانەوە. ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش کاتێک سەردەکەوێت کە:

- جەخت لەسەر (پێشگیری و خۆپاراستن) الوقایە (Prevention /) بکاتەوە.
- زەمینەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ خووپێوەگرتن لە ناو ببات.
- بەرنامەی دروست بە هاوکاریی وەزارەتەکانی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دووبارە توانا بەخشینەوە و دەرمان و چارەسەرکردنی خووگرتووەکان هەبێت.

٣. **پێشنیارەکان بۆ وەزارەتی ناوخۆ و داد:** دەبێ وەزارەتی ناوخۆ و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵ بدەن بۆ ڕێگەگرتن لە قاچاغیکردن و ترانزیت و دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان. ئەوانەی کە لەبەر ئەم کارە دەگیرێن، دەبێت وەزارەتی داد و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵبستن بە جێبەجێکردنی یاسا بەسەریاندا و بەپێی تاوانەکانیان سزا بدرێن. دەبێت زیندانی تایبەت بەم کەسانە دابمەزرێت، کە هەڵگری شوێنی چاکسازی و چارەسەری خووگرتووان بێت.

٤. **پێشنیارەکان بۆ وەزراەتی تەندروستی:**بەرەنگارکردنی خووپێوەگرتن کاتێک تەواو دەبێت کە پلان بۆ وازهێنان و دووبارە توانا بەخشین بە خووگرتووەکان هەبێت. ئەوەش بە خێرایی نابێت، بەڵکوو چەند قۆناغێک لەخۆ دەگرێت. پلانەکە نابێت لە سێ چوار حەفتە ئەنجام بدرێت و ئەگەر کتوپڕ نەبێت و خووگرتووەکە بۆ ژیانی ئاسایی و دروستکردنەوەی کەسێیەتی نەبات، ئەگەری گەڕانەوەی بۆ خووپێوەگرتن زۆرە. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی. وەزارەتی تەندروستی دەبێت هەنگاو بنێت بۆ دابینکردنی سەنتەر یان نەخۆشخانەی تایبەت (یان لایەنیکەم بەشێکی تایبەت لە نەخۆشخانەیەک)، بۆ

چاودێری پزیشکی و دەرمان و چارەسەرکردنی خووگرتووان. هەروەها دەبێت پسپۆڕی تایبەت بە نەخۆشییەکانی مادده هۆشبەرەکان دابین بکات، بە تایبەتی پزیشکە دەروونییەکان، کە خووگرتن زیاتر دەکەوێتە بواری ئەوان.

5. **پێشنیار بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی:**وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پڕۆسەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان. ئەم وەزارەتە دەبێت هەنگاوبنێت بۆ دابینکردنی هەندی سەنتەری تایبەت بۆ چارەسەرکردنی خووگرتووان و چاودێریکردنی کۆمەڵایەتیان بە سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو دەستنیشانکردن و نەهێشتنی هۆکارەکانی تووشبوون و فەراهەمکردنی چارەسەری و دەرمان. هەروەها گرنگترین ئەرکی ئەم وەزارەتە دەبێت دابینکردن و ڕەخساندنی ((کار)) بێت بۆ گەنجانی بێکار کە لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدا بە هۆی بێکارییەوە سەرگەردانن و لە نەبوونی داهات دەناڵێنن. ئەم وەزارەتە دەبێت هاوکارییەکی بەهێزی هەبێت لەگەڵ زیندانەکان و شوێنە چاکسازییەکان.

٦. **پێشنیارەکان بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:** نابێت لە بۆشایی مەعنەوی و هەست بە بێ مانایی بێ ئاگا بین. ئەگەر کۆمەڵگە بە دوای ئامانجێکی ڕوون نەبێت و تاکە کەس بەرەو ئایدیاڵی مرۆڤی و پێشکەوتوویی نەبات، ئەوان هەست بە پووچی دەکەن و پەنا بۆ جیهانی خەیاڵ و خولیای مادده هۆشبەرەکان دەبەن. لێرەیە کە ڕۆڵی ئایین زۆر بەرجەستە دەبێت. لەسەر وەزارەتی ئەوقاف واجبە کە هەڵبستێت بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەپێناو ئاگادارکردنەوەیان سەبارەت بە حەرامبوونی هەموو جۆر ماددەی هۆشبەر، چ ئەوانەی مۆڵەتپێدراو بن، وەکوو: جگەرە و ئەلکهۆل، (چ ئەوانەش کە نایاساین، وەکوو: تریاک و حەشیش و ئەمفیتامینەکان). دەبێت لە ڕێگەی گوتاری مامۆستایانی ئایینی هەوڵ بدرێت بۆ بەرزکردنەوە ئاستی ڕۆشنبیریی

خەڵک سەبارەت بە ئاسەوار و زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی.

**٧.پێشنیارەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا:**
وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەبێت لە ڕێگەی قوتابخانەکان و پەیمانگا و کۆلیژەکان، جگە لە لایەنی فێرکردن، زۆر گرنگی بە لایەنی پەرەردەیی نەوجەوانان و گەنجانیش بدەن؛ چونکە پەروەردەکردنی قوتابیان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی خۆپاراستن و پێشگیریکردن و هۆشیارکردنەوەیان لە زیانە مەترسیدارەکانی ئەم ماددانە لەسەر تاک و کۆمەڵگە. هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت لە ڕێگەی توێژینەوە زانستییەکانەوە هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەیەکی زانستییانە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە لە ناو کۆمەڵگەدا، کە چۆن دەکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەنگاری ئەم کێشەیە ببینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چ پلان و بەرنامەیەک پێشکەش بکرێت.

٨.**پێشنیارەکان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن:** وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت کار بۆ ڕوونکردنەوەی بیری خەڵک و دروستکردنی (هۆشیاری)ی پێویست و گونجاو بۆ خەڵک بکات و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان دەستنیشان بکات. جگە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە بە گشتی، ڕۆڵی سیستمی فێرکردن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، مامۆستایانی ئایینی و دایکان و باوکان و...هیتر، هەموویان دیار بێت.
ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، چ ئامرازە بینراوەکان، چ بیستراوەکان و، چ خوێندراو و نووسراوەکان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەموویان گرنگترە، کە دەتوانێت بە باشترین شێواز، خەڵکی لە ئاسەوار و زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان ئاگادار بکاتەوە و ڕایەکی گشتی دژ بە مەترسییەکانی ئەم ماددانە دروست بکات. دەبێت بەرنامەی بەشی ڕاگەیاندن بە تایبەت لە بواری ئەخلاقی و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر هەماهەنگ بێت، تا بگاتە ڕادەیەک کە توانای پێشبینیی داهاتووی خەڵک هەبێت و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگە و بنەماڵەکان دروست

بکرێنەوە. هاوکات لەگەڵ بەرەنگاربونەوەی هەمە لایەنە و گشتی، پێویستە کە ((فەرهەنگی خووپێوەگرتن)) لە ناو بچێت و بوار نەدرێت ئەم جۆرە کەلتوورە دروست ببێت و بڵاو ببێتەوە. مەبەستمان لە فەرهەنگ و کەلتووری خووپێوەگرتن بریتییە لە: ڕێکلامی ناڕاست لە ڕێگەی برادەران و خووگرتووەکان لەبارەی باشبوونی هەندێک لە مادده هۆشبەرەکان. کەچی خووپێوەگرتن بەڵایەکی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر مادده هۆشبەرەکان بە دەست کەسەکان نەگات، یان کەلتووری خووگرتن لە ڕێی برادەری خووگرتوو بۆیان نەگوازرێتەوە، ئەو کەسانە ناکەونە داوی مادده هۆشبەرەکانەوە. گرنگترین ئامانجی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت دروستکردنی بزووتنەوەیەکی گشتی بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە ماڵوێرانکەرە. دەبێت بارودۆخێکی وا دروست بێت کە هەر کەس ئەمە بە ئەرکی خۆی بزانێت و بە ئەرکێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و ئایینی و ڕێکلامی بێنیتە ژمار. هەروەکو پێشتر باسمان کرد خووپێوەگرتن تاوان و پەتا و نەخۆشییەکی درمە (واتە دەگوازرێتەوە و بە ماوەیەکی کەم، ژمارەیەکی زۆر تووش دەکات)، لە وڵاتێک وەکوو وڵاتی ئێمە کە مادده هۆشبەرەکان بە ئاسانی بە دەست دێت بە حوکمی ئەوەی دراوسێی ئێرانین، کاتێک دەتوانین بەرگری لە بڵاوبوونەوەی بکەین کە بزووتنەوەیەکی گشتی بۆ بکرێت.

٩.**پێشنیارەکان بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان:**وەزارەتی وەرزش و لاوان دەبێت زەمینە بۆ تەندروستیی دەروونی لاوان دروست بکات، لە ڕێگای کردنەوەی وەرزشگای زیاتر و پەرەپێدانی ڕۆحی وەرزش و کردنەوەی شوێنی سەرگەرمی و یاریکردن و پڕکردنەوەی کاتی دەستبەتاڵی بە کاری ئیجابی وەکوو وەرزش.

**١٠.پێشنیارەکان بۆ خێزانەکان:**((خێزان)) گرنگترین سەرچاوە و سەرپەنایە بۆ لاوان. ئەو خێزانانەی کە شپرزەن، منداڵەکانیان لەخۆ دوور دەکەنەوە کاتێک کە دایک و باوک جێی پشتبەستن و متمانەی منداڵەکانیان نەبن، ئەوان یان ڕوو لە برادەر دەکەن، یان دوور دەکەونەوە؛ لە هەر دوو شێوەدا لەوانەیە بکەونە داوی مادده هۆشبەرەکان و تاوانەکانی

تر. هەندێک لە بنەماڵەکان ئەوەندە سەرقاڵی کێشەی ماددی و خودی خۆیانن کە پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکانیان دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی. ئەندامەکانی خێزان هەست بە دابڕان لە بنەماڵە دەکەن، وەکوو ئەوە وایە کە کەسانێکی بێگانەن کە لە ناو یەک ماڵدا دەژین. لە ژیانی خووگرتووەکاندا ئەو جۆرە پەیوەندییە نێگەتیڤییە زۆر دەبینین؛ کەواتە بۆ ئەوەی منداڵان نەکەونە داوی مادده هۆشبەرەکان و تاوانەکانی ترەوە، دەبێت پەیوەندییەکان لە ناو خێزان کراوە و پۆزەتیڤ بن. بنەماڵە زۆرترین ئەرکی لە دروستکردنی کەسایەتییەکی سەربەخۆیی ئەندامەکانی خۆی هەیە و دەتوانێـت ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکەوە گونجانی دروستی منداڵاندا هەبێت؛ هەڵبەت ئەوە ئەرکێکی سادە نییە؛ بە وتەی "ساتیر " (Satir):((دایکان و باوکان لە دژوارترین و پڕکێشەترین قوتابخانەی دونیا بۆ دروستکردنی مرۆڤ، خەریکی وانە گوتنەوەن، قوتابخانەیەک، کە بەڕێوەبەر، مامۆستا و خزمەتگوزارەکەی هەر خۆیانن و پشوودان و بەرزبوونەوەی مووچەیان نییە، قوتابخانەیەک، کە (٢٤) کاتژمێر و (٣٦٥) ڕۆژ، کە لانیکەم (١٨) ساڵ لە خزمەتی هەر منداڵێک دان، سەرەڕای ئەوە، قوتابخانەیەک، کە دوو بەڕێوەبەری هەبێت، دەزانین کە چ کێشەیەک دروست دەکات! ئەو ئەرکە، دژوارترین و ئاڵۆزترین و پڕ دڵەڕاوکێترین و پڕ زەحمەتترین کارە و، پێویستی بە بەرزترین ئاستی توانا، لێبوردن، خۆشئەخلاقی، کارزانی، خۆشەویستی، ئاگاداری و زانست و...هیتر هەیە)). ساتیر، وتەکەی درێژە پێ دەدات و دەڵێت: "ئەگەر بینیوتان کە کێشەیەک لە ناو خێزانتان دا هەیە، ئەوە بکەن کە کاتێک گڵۆپی سووری سیارەکەتان بە نیشانەی گەرمبوون (هەستانی حەماوە!) پێدەبێت و ئێوە لێی دەکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی بزانن دەتوانن چی لەگەڵیدا بکەن و ئەگەر خۆتان نەتوانن چاکی بکەنەوە، ئەوا لە کەسێکی باوەڕپێکراو یارمەتی دەخوازن، هەر بەوشێوەیە خۆتان تێک مەدەن و فێربن چ بکەن تا پەیوەندییە بنەماڵەییەکانتان باشتر بێت[١٢٣]".

پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی ( هاوکار ڕەفیق ڕەحمان) بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

---

(١٢٣) کتێبی کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩.

**ڕاسپاردەی تایبەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکوومەت):**

- ➢ فشاری جددی دروست بکرێت و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ئەم بابەتە بکات
- ➢ داوای هاوکاری نێودەوڵەتی و ڕاوێژ بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی خێرا و جددی
- ➢ هەڵمەتی ساڵانەی سەرتاسەری بە ناوی حکوومەتەوە ئەنجام بدرێت
- ➢ ساڵانە بڕە پارەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوە بە پلان خەرج بکرێت
- ➢ ناوەندێکی بەدواداچوونی سەر بە حکوومەت بۆ بەرەنگاربوونەوە دابمەزرێت
- ➢ کەسانی تایبەت لەم بوارەدا پێبگەیەنرێن و پشتگیری بکرێن لە ناوخۆ، یان دەرەوە
- ➢ ئەگەر لادانێک هەبوو لە سزادانی بازرگانەکان، ڕاستەوخۆ سەرۆکی حکوومەت بێتە سەر خەت و چاوپۆشی لە کەس نەکات
- ➢ هانی ئەوە بدات کە پەیوەندیی نێوان پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوە زیاتر بکرێت

**ڕاسپاردەی تایبەت بۆ دەسەڵاتی یاسا دانان (پەرلەمان):**

-پەرلەمان ساڵانە چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا نوێکە بکات.

-پەرلەمان واتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری، دەبێت لەم کەیسەدا چالاکانەتر بە ڕۆڵی لێپرسینەوە و چاودێریکردن هەڵبستێت.

-ئەندامپەرلەمانەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەڵبستن و هەست بە ئەم مەترسییە بکەن و زیاتر کار لەسەر بابەتە جەوهەرییەکان بکرێت.

**ڕاسپاردەی تایبەت بۆ دەسەڵاتی دادوەری (دادگاکان):**

-لە هەرێمی کوردستان دادگاکان نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، پێوستە زۆر بەخێرایی متمانە بۆ دەسەڵاتی دادوەری بگەڕێتەوە و یاساکانی تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن. بابەتی بەرتیڵ، مەحسوبیەت، خزمخمێنە و دەستوەردانی حیزب لەم بابەتە بچێتە دەرەوە.

-بەئاشکرا سزادانی بازرگانەکان و جێبەجێکردنی سزاکانیان بەبێ دواخستن و بەلاڕێدابردن و بڵاوکردنەوەی وێنە و ناوەکانیان.

-دەسەڵاتی دادوەری و سەرجەم دادگاکان و داواکاری گشتی پێداگر بێت لەسەر جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٥٠-ی ساڵی ٢٠١٧-ی پەرلەمانی عێراق، بە ناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق پەسەند کرد، ماوەتەوە ئەوەی بەوردی کاری پێ بکرێت.

ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئەم یاسایە دروستکردنی ناوەندی چارەسەر بۆ بەکارهێنەر و ئالوودەبووان لە خۆی دەگرێت، هەروەها زیاتر ڕێکاری چارەسەرکردن پێشنیار دەکات تا زیندان و سزادان، بەڵام لەگەڵ بازرگانەکان توندە و بڕی غەرامەیەکی زۆر و سزای توند تا ئاستی لە سێدارەدان پێشنیار دەکات.

**ڕاسپاردە خێزانییەکان:**

-گرنگیدان بە پڕۆسەی پەروەردەی خێزانی و هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لەم بابەتە.

-دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و بەکارهێنانی نادروست لە پەروەردەکردندا.

-پشتگیریکردنی خێزان لە کەسی تووشبوو لەماڵدا، پشتێنەکردن و بیرندارنەکردنی کەسێیەتییەکەی.

-هەتا دەتوانن ڕێگە بگرن لە چوونی منداڵەکانیان بۆ کافتریان، بەتایبەت شەوان.

**ڕاسپاردەی تایبەت بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی:**

-هەلی کاری زیاتر دەستەبەر بکرێت، کەرتی تایبەت ناچار بکرێت بە وەرگرتنی دەستی کاری ناوخۆ.

-هاوکات ناوەندەکانی دۆزینەوەی کار زیاتر بکرێت و هانی ئەو کەسانە بدرێت کە پڕۆژەی بچووکیان هەیە.

-بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە، چاودێریی دۆخی زیندانیان بکەن.

**ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی تەندروستی:**

- چاودێریی ورد بخانە سەر دەرمانە کارتێکەرە عەقڵییەکان، بەتایبەت لە قەزا و ناحیەکاندا
- سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بەوردی چاودێریی ڕەچەتەی دەرمانخانەکان بکات
- سەنتەری تایبەت بە ئالوودەبووان بکاتەوە، بە مەبەستی چارەسەری بەکارهێنەر و ئالوودەبووان ئەگەر بە شێوەی سنووردارش بێت
- وەزارەتی تەندروستی بەرپرسیارێتیی زۆری دەکەوێتە سەرشان، بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی (٢٠٢٠) ی پەرلەمانی کوردستان
- ئاگاداری ئەو پزیشکانە بێت کە پسپۆڕییان دوورە لە چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر و چارەسەر دەنووسن
- پزیشک و ستافی تایبەت بنێرێتە دەرەوە، بۆ وەرگرتنی ئەزموونی چارەسەری بەکارهێنەران و ئالوودەبووان.
- ڕاسپاردە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەکانی پارێزگاکانی کوردستان
- لەم بوارەدا خولی تایبەت و پێشکەوتوو بۆ کارمەندەکانیان بکەنەوە
- تەکنەلۆژیای نوێ بەردەست بخەن
- سوود لەو بەکارهێنەرانە وەربگرن کە وازیان هێناوە
- ئەو کەسانەی زانیاری دەدەن، خەڵاتی تایبەت بکرێن
- هۆشیاریی گشتی بڵاو بکەنەوە و هانی خەڵک بدەن هاوکاریان بن
- لەناو دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کاری جددی لە ڕێگەی میکانزمی بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵگری بکرێت

**ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی ناوخۆ**

- جددی و کارا بێت لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)
- چاودێریکردنی یانە شەوانەکان

- ➢ چاودێریکردنی ئەو کەسانەی لە ئێرانەوە دێنە هەرێمی کوردستان
- ➢ چاودێریکردنی وردی کافتریاکان و ڕێگەنەدان بە کەسی خوار (١٨) ساڵ بۆ چوونە ئەم شوێنانە. چاودێریکردنی کەلوپەل و تووتنی بەکارهاتوو لە کافتریاکان
- ➢ ئاگاداربوونی ئەو بینا و خانووە بەتاڵ و تەواونەکراوانەی لە پارێزگا، قەزا و ناحیەکاندا هەن
- ➢ توندکردنی زیاتری خاڵە سنوورییەکان و دانانی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ
- ➢ ڕێگریکردن لە هاتنی بەلێشاوی پەنابەر و کۆمپانیای وەهمی و کرێکار، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەوانە دەکرێن بە ئامرازێك بۆ گواستنەوەی ماددە هۆشبەرەکان
- ➢ بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین و یەکەکانی گومرگ و بازگەکانی سەرسنوور

**ڕاسپاردەی تایبەت بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

- ➢ مامۆستایانی ئایینی لە ڕەوشی ماددە هۆشبەرەکان ئاگادار بکرێنەوە و ئەم بابەتانە لە مینبەرەکانەوە باس بکرێن
- ➢ داتا و زانیارییان پێ بدرێت و ساڵانە هەڵمەتی سەرتاسەری لە مینبەرەکانەوە بەجێ بگەیەنرێت

**ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا:**

- ➢ ساڵ انە لە لایەن ستافی تایبەتەوە لە سەرجەم خوێندنگاکان سیمنار، سیمپیۆزیم، پانێل یان هەر کۆڕێکی تر ساز بکرێت
- ➢ هەروەها توێژەر و مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان لەم بابەتە ئاگادار بکرێنەوە
- ➢ ئەم پرسە بکرێتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن و ساڵانە پێشکەش بکرێت
- ➢ ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ زانینی هۆکارەکانی زیادبوون و لێکەوتەکانی
- ➢ زۆربەی ئەو بەکارهێنەرانەی بەرچاوم کەوتوون لە قوتابخانە، پەیمانگە و زانکۆ خوێندکار بوون و گرووپەکەشیان بەردەوام لە فراوانبووندابووە

**ڕاسپاردە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان:**

- ➢ هاندانی چالاکوانانی ئەم بوارە و ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی چالاکیی هۆشیاری
- ➢ گرنگیدان بە هۆشیارکردنەوەی قەزا و ناحیەکان

- فشارکردن لە میدیاکان بۆ ئەنجامدانی بەرنامە و ڕاپۆرتی هۆشیاری
- قەدەغەکردنی ئەو فیلم و کلیپانەی کە باس لە ماددەی هۆشبەر یان ئەلکحوول دەکەن، نموونەی بەکارهێنەر هەیە کە لەژێر کاریگەریی ئەو فیلمانەدا ماددەی هۆشبەری لا شیرین بووە

**ڕاسپاردەی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی گەورانی پارێزگاکان:**

- لە زیندانەکاندا خول و چالاکیی تایبەت بەم بابەتە بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە کە لەسەر ماددەی هۆشبەر سزا دراون
- سزای ئەو کەسانە کەم بکرێتەوە کە ئاماژەی ئەوەیان تێدایە جارێکی دیکە بۆ ئەم بابەت ناگەڕێنەوە و بڕوای ئەوەیان لا دروست بووە کە بە تەواوی لەم بابەتە دوور بکەونەوە
- لەناو گرتووخانەکاندا زۆر بەوردی چارەسەری دەروونی و تەندروستیی بەکارهێنەران بکرێت و ئازاری دەروونییان نەدرێت
- وردتر بن لە جیاکردنەوەی کەیسەکان لە یەکتری، تووشبوونی کەسێک بە ماددەی هۆشبەر لە زینداندا کە لەسەر پێشێلکردنی یاساکانی هاتوچۆ گیرابێت، ئەمە کارەساتە (ئەمە لە کوردستان ڕووی داوە)
- دزەپێکردن و بازرگانیپێکردنی ماددەی هۆشبەر لە زیندانەکاندا بنەبڕ بکرێت و کاری جددیتری بۆ بکرێت
- توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکرێت لەسەر ڕۆڵی زیندان لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان
- فێڵەکانی دزەکردن و هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ زیندانەکان ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی نیەتی ئەم کارەیان هەیە؛ ترس بیانگرێت

**کۆمەڵێک ڕاسپاردەی دیکەی گشتی:**

- بەدڵنابییەوە بەکارهێنەران تاوانبارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشن، پێوستە وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت

- لەبریی ئەو بڕە پارەیەی کە ڕۆژانە بۆ زیندانییان خەرج دەکرێت، کە بڕەکەی (١٠ بۆ ١٢ دۆلارە بۆ هەر زیندانییەک، ئەوا پێوستە بەکار بهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی لە دەرەوەی زیندان. هەروەها ئەو سندووقەی پارەی پێبژاردنی تێدا کۆ دەکرێتەوە، کە لە بەکارهێنەر و بازرگانەکان وەردەگیرێت، بخرێتەوە خزمەتی چارەسەری بەکارهێنەران
- ئازایانە دەست بگیردرێت بەسەر موڵک و ماڵی بازرگانەکان و ئەو بڕە پێبژاردنەی لە یاسا نوێکەدا هەیە؛ وەک خۆی جێبەجێ بکرێت
- خستنەڕووی مەترسیی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بە زمانێکی ڕوون و سەلمێنراو، لە ڕووی دەروونی، تەندرووستی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، دارایی و جەستەیی
- ئەو کەسانەی وازیان لە ماددەی هۆشبەر هێناوە، وەک پاڵەوان بناسرێن و لە میدیاوە هانی گەنجان بدەن بۆ وازهێنان[١٢٤]

---

(١٢٤) گۆڤاری ئایندەناسی، https://www.centerfs.org/drug-threats-in-the-kurdistan-region-and-countermeasures/، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرنگاربوونەوەی، هاوکار ڕەفیق ڕەحمان.

# تەوەری حەوتەم:

# ئەڵبۆمی قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان




دوای وازهێنان لە ماددەی هۆشبەر
لەکاتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر


















LOVE
LOVE










Fararu.com


باشگاه خبرنگاران



# پەیڤی کۆتایی

کتێبی زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگە (هۆکار و چارەسەر)، لە ڕووی تیۆرییەوە کۆتایی هات، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە کۆتایی نەهاتووە، چونکە پێویستە هەم حکوومەت، هەمیش تاك و کۆمەڵگە بە گشتی، هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پێویست بۆ ئەوانەی کە ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان بوون.

بۆیە هیوادارم هەموو ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردە و خاڵە گرنگانەی کە لە لایەن کەسانی پسپۆر و شارەزاوە لە دوتوویێی ئەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو، وەك خۆی لە ئەرزی واقعدا جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی بە هەموومان پێکەوە بتوانین ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ئەم تیرۆرە سپییە بگرین و نەهێڵین کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون ببات.

## سەرچاوەکان:


١.کۆمەڵناسیی خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان، فائیز ئیبراهیم محەمەد، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠١٣ .

٢.مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ژیانی مرۆڤ (هۆکار و چارەسەر)، محەمەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.

٣.سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، https://www.centerfs.org/drug-threats-in-the-kurdistan-region-and-countermeasures/، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە،هاوکار ڕەفیق ڕەحمان، NOVEMBER ١٣, ٢٠٢١.

٤.گۆڤاری ئایندەناسی.

٥.ماڵپەڕی خوێندگە.

٦.ماڵپەڕی دبلۆماتیك مەگەزین.

٧.ماڵپەڕی گوڵان میدیا.

٨.ماڵپەڕی باس نیوز.

٩.ماڵپەڕی ڕووداو.

١٠.ماڵپەڕی وشە.

١١.ماڵپەڕی زانکۆلاین.

١٢.ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان.

١٣.ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات.

١٤.ماڵپەڕی ئاشتی.

١٥.ماڵپەڕی ڕۆژنامەی هەولێر.

١٦.ماڵپەڕی  هاووڵاتی.

١٧.ماڵپەڕی زانکۆی سۆران.

١٨.ماڵپەڕی ٧ ڕۆژ.

١٩.ماڵپەڕی کوردیۆ.

٢٠.ماڵپەڕی گیاڕەنگ.
٢١.ماڵپەڕی وێستگە ستایل.
٢٢.ماڵپەڕی چاوی کورد.
٢٣.ماڵپەڕی زانیاری.
٢٤.ماڵپەڕی شار.
٢٥.ماڵپەڕی زاری کرمانجی.
٢٦.ماڵپەڕی کوردستانی نوێ.
٢٧.ماڵپەڕی نەوژین.
٢٨.کەناڵی تەلەڤزیۆنی ڕووداو.
٢٩.کەناڵی تەلەڤزیۆنی.k٢٤
٣٠.کەناڵێ میدیایی گاڤ.
٣١.یوتیۆپ
٣٢.کەناڵی میدیاییAVA Media .
٣٣.ڕاسپاردەکانی مادده هۆشبرەکان، کۆنفرانسی خووگرتن بە مادده هۆشبرەکان، ڕێکخراوی ژێدەر.
٣٤.موقع-https://www.hopeeg.com/blog/show/drugs-increase-divorce-rates
٣٥.موقع.https://www.aa.com.tr/ar
٣٦.ماڵپەڕی.https://www.facebook.com/reel/١٥٠٣٤١٠٤٥٧١٨٢٨٦٣
٣٧.موقع مستشفى التعافى للطب النفسى و علاج الادمان.
٣٨.موقع ویب طب
٣٩.موقع الحنان.
٤٠.موقع كلية العلوم.
٤١.سایت بلاگ اسکای.
٤٢.سایت خبر انلاین.